# وڵاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا

سەرچاوە :

Ett nytt land utanfor mitt fonster
Theodor  Kallifatides
Albert  Bonniers  ٢٠٠١


ناوی کتێب: وڵاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا

نووسینی: تیۆدۆر کەلیفەتیدس

وەرگێڕانی: بەیان ناسیح

بابەت: رۆمان

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

هەڵەچنی: سارا عەبدوڵڵا

تیراژ: ٧٠٠ دانە

نرخ: ١٥٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ٢٤٧٧ی ٢٠٠٨

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٩

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info
www.serdam.org

تیۆدۆر کەلیفەتیدس

# وڵاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا


وەرگێڕانی لە سویدییەوە

بەیان ناسیح

سلێمانی ٢٠٠٩

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٤٧٤)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**



## کورتەیەک لەسەر ژیانی نووسەر

(تیۆدۆر کەلیفەتیدس) لە گوندێکی بچووکی یۆنان بەناوی (مولایی)، لە ساڵی (١٩٣٨) لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٥٦) خوێندنی ئامادەیی لە (ئەسینا) تەواو کردووە. سەرەتای ڕێبازی ژیانی وەک ئەکتەر دەست پێکردووە لە ئەسینا. لە ساڵی (١٩٦٤) لە تەمەنی (٢٦) ساڵی کۆچ دەکات بۆ سوید. لەهەمانکاتدا کە کاری قاپشۆرین و ڕۆژنامەبڵاوکردنەوەو چەندین کاری تر دەکات.

بۆ خۆژیاندن فەلسەفـەی خوێنـدووە. لـە (١٩٦٧) دەبێـت بـە مامۆستای فەلسەفە لە دانیشتگای (ستۆکهۆڵم)دا. لە ساڵەکـانی حەفتادا کاری نووسینی ڕۆژنامەوانی کردووە لەسەر بابەتی فـیلم، شانۆو تەلەفزیۆن و سـەرنووسـەری ڕۆژنامـەی ڕۆشـنبیری بـووە. یەکەم بەرهەمی بە زمانی سویدی کۆمەڵە شیعرێک بوو لە ساڵی (١٩٦٩) بڵاوکرایەوە بەناوی (*بیرەوەری لە غەریبیدا*).

تیۆدۆر کەلیفـەتیـدس چـەنـدین کـاری ئـەدەبـی وەرگێـڕاوە لـە سویدی بۆ یۆنانی، وە بەپێچـەوانـەشـەوە. لـە (١٩٨٢) خـەڵاتـی ڕۆمانی گەورەی وەرگرت لەگەڵ چەندین خەڵاتـی تـر. لـە (٢٠٠٠) دەوڵەتی سوید شەرەفـی نـاوی پرۆفیـسۆریان پـێ بـەخـشی. دوا کتێبی لە (٢٠٠٧) دەرچوو بەناوی (*دایک و کوڕ*). کە بە قـووڵی باس لە ژیان و خۆشەویستی دایکی دەکات. ئەم دوا بـەرهـەمـەی خەڵاتی ئەدەبی سیری[1] وەرگرت. کتێبەکانی نووسەر بۆ چـەنـدین زمانی ئەورووپی وەرگێڕدراوە.

---

١ خەڵاتی Siri von Essen بەناوی ژنە نووسەری فینلەندی نراوە، هاوسەری نووسەری بەناوبانگی سویدی ستریند بێری، لە (١٩١٢) مردووە.

(ڕەنگە ئێستا زوو بێت، سبەینێش بەدڵنیاییەوە درەنگە)

**سیمۆن دی بوڤار**

## ١

بارانێک ئەباری، بارانێکی هێمن، بەڵام دڵۆپەکانی گەورە.

بە ڕێگاوە بووم بەرەو کارەکەم ئەڕۆیشتم.

کڵاوێکم لەسەر بوو تا سەر ئەبرۆ هێنابووم، لەسەرووی کڵاوەکەشەوە چەترێکم هەڵدابوو. پێم وابوو ژنەکەشم بەو شێوەیە نەمناسێتەوە.

کەچی ئەو ناسیمیەوە.

تەمەنی لە سی و پێنچ ساڵ ئەچوو، چاویلکەی لە چاو بوو، سەرڕووتاوە، ورگێکی زل، چاکەتێکی بارانی لەبەردا بوو، زنجیرەکەی دانەخستبوو.

- تۆ، کابرا لەم وڵاتە نەخۆشخانە هەیە؟

چەند چرکەیە پێش ئەوە نەرم کۆکیم.

قسەکەیم بەگاڵتەوە وەرگرت.

- تۆ پێت وایە پێویستم بە نەخۆشخانە هەبێت؟

وەک بڵێی دەرگای دۆزەخم لەسەر کابرا کردبێتەوە. ئیتر دەستی پێکرد.

- برۆ مەمێنە لەم وڵاتە، ون بە لێرە هەی تورکی[٢] نەعلەتی!

لەم دەمە بەیانییەدا بەتەواوی خەبەرم نەبۆوە، نە بە لەش نە بە هۆش، بۆیە حەپەسام و نەمزانی چی بڵێم لەبەرامبەر جنێوەکانی.

کچ و کوڕێکی گەنجیش لەدوامانەوە ئەڕۆیشتن بێ سێ و دوو هەڵوێستیان وەرگرت.

کوڕەکە بە دەنگێکی بەرز پێی وت:

- بەسە وازبێنە بەم بەیانییە زووە!

کچەکەش وتی:

- ئیتر بەسەو بیبڕەوە!

پیاوەکە هەر وازی نەهێنا لە جنێودان پێم، بەڵکو ئەوەندەی تر تووڕەتر بوو. بەرەو ڕووم هات و بە ڕقەوە هاواری کرد بەسەرمدا. وەک تورکێکی پیس و گەندەڵ چیم داوە لەم وڵاتی سویدە، بۆ ناڕۆمەوە بۆ وڵاتی خۆم؟

---

[٢]. لێرە تورک مەبەست نییە وەک نەژاد، بەڵکو بێگانەو بەتایبەتی مرۆڤی قژڕەش لەلایەن ڕەگەزپەرستەکانەوە زۆرجار بە تورک ناو ئەبرێت: تێبینی وەرگێڕ.

بە کچ و کوڕە گەنجەکەم وت وازی لێ بێنن با هەڵیرێژێت، گوێم لێ نییە. ئەم قسەیەم ئەوەندەی تر کابرای توڕەتر کردو هەنگاوێکی تر لێم نزیکبۆوە.

لێرەدا هەڵوێستەیەکم کردو پێم وت:

- لاچۆ لەبەرچاوم تا لێت توڕە نەبوومە!

ئەوەی چاوەڕوانی نەبووم ڕوویدا، وەک سەگێکی ترسنۆک کلکی خستە ناوگەڵی و بەدەم بۆڵەبۆڵەوە لێیدا ڕۆی.

دوو گەنجەکە لەو کاتەدا ڕۆشتن بێئەوەی فریا بکەوم سوپاسیان بکەم.

ئەو ڕووداوە دوو پرسیاری لا وروژاندم.

باشە ئەو پیاوە چۆن زانی سویدی نیم؟!

ئەی بۆ وا زراوی چوو! خۆ دەرەقەتی نەئەهاتم، بەم لاوازیـەی خۆمەوە شەست کیلۆش نابم.

لە ڕاستیدا ناتوانم وەڵامی ئـەو پرسـیارانە بـەمـەوە، بـەڵام بـۆ پرسیارێکی تر کە زۆرجار لێم ئەکرێت ئەویش ئەوەیە، ئایا ئێـستا زیاتر هەست بە سویدی بوون ئەکەم وەک لە جاران؟ وەڵامەکـەم ئەمەیە:

ئەتوانم بڵێم هەستکردنم هیچ مانایەکی نییە لە کاتێکدا هەموو کەس ئەوە ئەبینێت سویدی نیم، هەندێکیش ئەیانەوێت لێرە بڕۆم و بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووم.

ئەمە ناڵێم بۆئەوەی خوێنەر بەزەیی پێم بێتــەوە. بـە هـەمـوو پێوانەیەک ژیانم لە سوید سەرکەوتوو بـووە، بـەڵام ڕووداوی ئـەو بەیانییە هەموو ڕۆژەکەی لێ تاڵ کردم، چاوزەقکردنەوەکەیم هەرگیز بیرناچێتەوە وەک مێشەسەگانە پێمەوە نووسابوو.

وەک چۆن دەربڕین، یان شاردنەوەی ئەو هەستە بەقـەد یـەک ئازاربەخشن. پاساوو پاکانەی عەقڵانیش، هیچ لە ئازارەکەیان کەم ناکەنەوە.

زەنگم لێدا بۆ مناڵەکانم. کچەکەم لـە مـاڵ نـەبـوو. کـوڕەکـەم بەهێمنی وەریگرت.

– هیوادارم توڕە نەبیت لەوەی پێی وتووی تورکی نەعلەتی!

بڕیارم دا چیتر لەوە زیاتر بیر لە ڕووداوەکە نەکەمەوە، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری ڕووداوەکە بکەم. کابرا کەسێک نەبـوو لەوانەی بەدوای شوێنێکەوە بێ لە لووتکەدا، وەک لانەوازێـک بـا ئەوپەڕی شوێنێکی دەستکەوێت لە ئوتێلێکی هەرزانـدا. دیـارە زۆر دەمێکیشە هیچ ژنێک دەستی بە قژیدا نەهێناوە نەک لەبەرئـەوەی سەری ڕووتابۆوە، بەڵکو لە تەنهاییدا، جلەکانیشی پیس و لۆچاوی بوون، هەناسەشی سەگی تۆپیوی زیندوو ئەکردەوە، هەنگاوەکانیشی نادیار بوون، چونکە بەرەو شوێنێکی تایبەتی نەئەڕۆی.

کابرا هۆی نەگبەتی خۆی لە خەڵکی تردا ئەبینێت و بە چاوی دوژمنەوە تێیان ئەڕوانێت. هیچـی تـری لـەدەسـت نایـەت لـەوەی

نائومێدی خۆی بە یەکێکی وەک من دەربڕێت و بانگم بکات (تورکی نەعلەتی!).

دیارە کابرا لەوە زیاتر ناتوانێت هەڵگری کێشەکان بێت و ڕووبەڕووی نوشوستی خۆی بێتەوە. نائومێدی کابرای تووشی بێ بەرپرسیاری کردووە. بێ هیوایی وا ئەکات هەست بە ئەرکەکانی خۆمان نەکەین. ئەو خاوەنی هیچ نییە.

ئەو خاوەنی ئەوەیە کە سویدییە، مافی ئەوەی هەیە بە شەقام و کۆڵانەکاندا بسوڕێتەوە. ئەو هەرچییەک بێت لەم وڵاتە نامۆ نییە. سویدی بوون تەنها مافێکە کەس ناتوانێت لێی زەوت بکات هەر ئەوەشی بەدەستەوە ماوە.

ئێمە هەموو تاوانبارین ئەگەر کۆمەڵگایەکی وا دروست کەین سویدی بوون بۆ هەندێک کەس تەنها شتێک بێت بیانبەستێتەوە بە ژیانەوە.

## ٢

ئەو ڕووداوە بیرخستنەوەیەکی جەرگبڕ بوو بە شوێن و مەنزڵم لەم ژیانەدا.

من لێرە مافی (لێرە) بوونم نییە. ئەمە لە تێڕوانینێکی گێلانە ئەچێت، بەڵام بۆ خۆی ئاوهایە.

ئەبێت من بەناچاری لەگەڵ ئەو بیرۆکە سادەیەدا بژیم کە ئەبێت خۆم لەگەڵ ئەم شوێنەدا بگونجێنم بێئەوەی مافی ئەوەم هەبێت. بە مانایەکی تر ئەبێت وەک دز بژیم، ئەبێت حەقیقەتی خۆم بشارمەوە.

ئەمە چۆن ئەبێت؟

پێش هەموو شتێک ئەبێت هەوڵ بدەی لەم وڵاتە نوێیەدا تاکتیکی وا بدۆزیتەوە بەرچاوی نەبیت. لەمەیاندا زۆر سەرکەوتوو نەبووم، هەر زوو بینرام و بینرام. کتێبم نووسی، خۆم لە قەرەی کێشەکـان دا، خەڵات کرام.

بوومە بێگانەیەکی سەرکەوتوو لە وڵاتی سویددا. ئیتر ئەو ناوە پێمەوە نووسا هەتا ئێستا. چەند هەوڵم داوە لەکۆڵم بێتەوە، بەڵام بێ سوود بووە. تا زیاتر لە کۆمەڵ و کولتووری سویدی نزیک ئەبوومەوە ئەوەندەی تر ئەخرامە خانەی بێگانەوە. لەدوای نووسینی سی کتێب بە زمانی سویدی ئێستاش لەناو بەشی نووسەرانی بێگانە ڕیز ئەکرێم. ئەمەش بۆ خۆی بەشێکی تایبەتەو ڕای تری لەسەرە.

ئایا ئەمە ئازارم ئەدات؟

زۆرنا، تەنها ئەوە ئەچرپێنێت بە گوێچکەدا کە تۆ لە ئێمە نیت. ئەو شتانەم نووسیوەو وتووە خۆم بڕوام پێی بووە، هیچ کەس ناچار نەبووە گوێم لێ بگرێت. هەموو توانیویانە چێژیان لێ ببینن.

لەم ڕێگا دوورودرێژەدا ئێستا زیاتر هەست بە نامۆیی ئەکەم وەک لە جاران. نامۆیی لەوەی تۆ لە دەرەوەی بازنەکەی، هەستی ئەوەی بە جیاواز تەماشا ئەکرێی. بەکورتیەکەی ئێستا زیاتر هەست بە غوربەت ئەکەم وەک لە جاران. کاتێک هاتم بۆ ئەم وڵاتە ڕووکەشم بێگانە بوو، ئێستا ناخیشم بێگانەیە.

ژیانم بەجۆرێک چۆتە پێشەوە لەم وڵاتە وەک ئەو دووپشکەیەی خەریکە بەخۆیەوە ئەدات.

هەروەها هێمای تریش هەبوو لە سەرەتاوە بەهەڵە لێیان حاڵی ببووم. دوای ماوەیەک لە سوید پێم خۆش نەبوو لەگەڵ برادەرە یۆنانیەکانمدا بە یۆنانی بدوێم ئەگەر سویدیمان لەگەڵدا بوولیە. تەنها

لەبەر ڕێزگرتن نەبوو، بەڵکو شتێکی زۆر لەوە قووڵترو پڕ ئازاری لەپشتەوە بوو. نەمئەویست خۆم وەک بێگانە نیشان بدەم، کەچی ئەو یۆنانییانەی تازە هاتبوون بەپێچەوانەوە پێیان وابوو قسەنەکردن بە یۆنانی لەگەڵ هاوزمانی خۆتدا جێی شەرمە. لە سەرەتاوە منیش هەمان هەستم هەبوو. زۆر گرنگە نەبیتە بێگانە لەبەرچاوی هاوزمانانی خۆت، ئەوەش گرنگ بوو نەبیتە بێگانە لەبەرچاوی سویدییەکانیش.

چارەنووسم بەوە کۆتایی هات بووم بە بێگانە لەبەرچاوی هەردووکیان.

هەر ئەمە نەبوو، هەنگاوێک بەولاترەوە کە ببی بە بێگانە لەبەرچاوی خۆتدا. ئەمەیانم ناوێت، چونکە ئەزانم چی ئەگەیەنێت.

مرۆ لەو کاتەدا چێژی ژیان لەدەست ئەدات، وەک ئەوە وایە کەسێکی تر لە شوێنی تۆ بژی، ئەگەرچی هەموو کاتەکان ئەو هەستەت نییە، بەڵکو ساتەوەختی واش هەیە گەرمی ئەبەخشن بە ژیان.

بەڵام ئەو ساتەوەختانە کورتن، ژیانە ڕاستەقینەکە شتێکی ترە. بۆ خۆم ئەو چرکانە ئەناسمەوەو تیایدا ژیاوم. تازە هاتبووم بۆ سویدو تەنها ڕووکەشم بێگانە بوو، ناچار بووم بە خۆمدا بچمەوەو قاتێک جلی سویدی پەیدا بکەم بۆ هەموو بۆنەکان بگونجێت. ئەو ماوەیەی سەرەتا هەستێکی ئارامی دەروونی پێ بەخشیم. وەک

جەژن وابوو، کە وشەی تازە، شتی تازە فێر ئەبووم هـەستم بـە بوژانەوە ئەکرد. ئێستاش وەک بڵێی لە ئاو بچم وایە. ئەم باسانەم لەگەڵ برادەرێکی نزیکدا کرد، ئەو پێی وابوو پەیوەندی بە غوربەتەوە نییە، بەڵکو بە تەمەن و پیرییەوە هەیە. ئەو برادەرەش بۆ خۆی هەمان هەستی هەبوو.

بێ سێ و دوو ڕاستییەکی لەو چەشنەی تیایە، بەڵام لە بنەڕەتدا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەزانم لە تافی پیریدا ئەبیت بە مشتێک لە غەریبی بۆ جیهانەکەی دەوروبەرت، باسی ئەوە ناکەم چۆن نامۆ ئەبیت لەو تەمەنەدا، بەڵکو پیربـوون وەک نامۆیـەک، ئـەمـەیـان شتێکی ترە.

چـەند مانگێـک لـەمـەوبـەر سـەفـەرێکـی ئـەسـینام کـرد. لـە فرۆکەخانەکە کاتێک چاوەڕوانی جانتاکان بووین ئەو برادەرەم بینی. تەمەنی سەرووی حەفتا بوو، ئەوەندەی بزانم لـەشـساغ بـوو. بـە حەپەساوی بە تەنها وەستابوو، سەیری دەوروبەری خۆی ئەکرد. جارێک بە یۆنانی و جارێک بە سویدی هاواری ئـەکـرد "مـن نـاوم ئۆدیسێس پـ- یە و لە سویدەوە هاتووم".

ئەبێت یەکێک بۆ پێشوازی هاتبێت و ئەترسێت نـەیناسـنەوە. ئەویش هەمان گرفتی هەبوو کە ئۆدیسیس هەیبوو لای هۆمیرۆس[٣].

---

٣. نووسەرێکی کلاسیکی یۆنانییە.

پێنۆلۆپەو خزمەتکارەکەی چاوەڕانی ئۆدیسیس بوون بگەڕێتەوە لە سەفەرەکەی، بەڵام هیچیان نەیانناسییەوە تەنها سەگە پیرەکەی نەبێت.

کاتێک مرۆ گەنجە.. نامۆیی بە ڕێگر دائەنێت لە ژیانیدا، کە پیریش بوو نامۆیی ئەبێتە بەرهەم و سەرەنجامی ژیانی. لێرەدا پێویستیت بە زانینی میتۆلۆجی[٤] خودی خۆتە تا بتوانی ڕووبەڕووی ئەو تەنهاییە بیتەوە کە بە خشپە پێتەوە ئەئاڵێت. بۆیە زۆرم بۆ گرنگە بزانم چ جۆرە کەسێک بووم وەختێک هاتم بۆ ئەم وڵاتە. باشترین ڕێگاش بۆئەوەی بسازێیت لەگەڵ ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ هەی کە بزانیت تۆ کێ بوویتە لە ڕابردوودا.

---

٤. ئەفسانەزانی.

## ٣

چی ئەزانم لەسەر ئەو کوڕە گەنجەی سی و شەش ساڵ لەمەوبەر لە یۆنانەوە هات بۆ سوید؟

بەگشتی هەموو شتێک، زۆربەی کاتەکان لەیەکەوە نزیکین. جاروبار نەبێت ڕای جیاوازمان هەیە لە شێوەی حاڵیبوونمان لە شتەکان، هەڵوێستەکان، پێکهاتە ڕۆشنبیریەکان، ناسنامەی مرۆڤ، خەیاڵ و هێنانە بەرچاوی ڕابردوو، ئاواتەکان، مەراق و ناخۆشییەکان، دوا شتیش خۆشەویستی، یان ئیرۆس[٥].

لێرەدا وشەی ئیرۆس ئەنووسم، چونکە هەمیشە هەستێکی وام هەیە ئەو وشە جوانەی سویدی هەیەتی بۆ خۆشەویستی- شارلێک- شتێکی ترە نزیکە لەوەی بە یۆنانی پێی ئەوترێت - ئاگاپە- ئەمەش

٥. ئیرۆس خوای خۆشەویستییە لە ئەفسانەی یۆنانیدا.

زیاتر مانای هاوڕێیەتی ڕاستەقینە ئەبەخشێت وەک لە ئیرۆس، ئەو ئیرۆسەی خڕۆکەسوورەکانی خوێنمان ئەکولێنێت و ئەمانکات بە ئاسماندا.

پێویست ناکات پەلە بکەم، (من)ی ڕابردوو هەرگیز جێم ناهێڵێ و لەدەستم ڕاناکات، هەروا بەئاسانی لێم جیانابێتەوە وەک چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان توانیم لێی هەڵبێم.

وا باشترە لە سەرەتاوە دەست پێبکەم ئەگەرچی ئەمە بۆ خۆی سەریەشەیەکی زۆرە.

کام سەرەتا؟ باسی بیرەوەرییەکانی منالّی بکەم، یان بیرەوەریی کەسانی تر لەسەرم؟

باوکم هەرگیز بۆی باس نەکردووم چی بە خەیاڵدا هاتووە ئەو کاتەی لەدایک بووم.

دایکیشم هەر ئاوها، بەڵام دوای ئەوەندە ساڵ گەیشتمە ئەو قەناعەتەی دایکم تۆزێک دڵگران بووە بە لەدایکبوونم. ئەو چاوەڕوانی ئەوە بووە کچێکی بێت، بەتایبەتی لەدوای یەکەم منالّی کە کوڕ بووەو لە پاش لەبارچوونی چوار پێنج منالّ ئەوەندەی تر تامەزرۆی کچ بوو. بەهەرحالّ منی بوو لەجیاتی کچ. باوکم کوڕێکی تریشی هەبووە لە ژنی یەکەمی.

دایکم زۆرجار باسی ئەوەی ئەکرد کوڕ بێنی بۆ خەڵکی ئەیهێنیت و کچ بۆ خۆت. ئێستاش زیاتر بە مێردی هاوسەرەکەمم ئەڵێت وەک لە کوڕی خۆی.

دایکم بە شتێک واقی وڕماوەو سەری لێ دەرناکات. ئەو دوو برایەم کە لە یۆنان ماون بە منداڵی زۆر هار بوون، سەریان ئەکرد بە کونی هاروماردا، هەر زوو پەیوەندیی ترسناکیان هەبوو بەوانەی نەنکی دایکم ناوی لێنابوون (شەرواڵپیس).

من هیچێک لەوانە نەبووم، بەپێچەوانەوە زۆر بێدەنگ و هێمن بووم، بە قسەی براکانم بێت تۆزێکیش هێرو گێژبوومە. هەرگیز مەترێک لە کراسەکەی دایکم دوور نەئەکەوتمەوە. هەنووکەش کاتێک بە تەلەفۆن قسە ئەکەین جاروبار ئەڵێت: "ئەوە هەر تۆ بووی ئەوەندە لێم دوور کەوتیتەوە؟" هەموو جارێک ئەو چەند وشەیە لەدوای بێدەنگییەکەوە دێت، هەندێکجاریش گوێم لە لوشمەی گریانی ئەبێت. من و دایکم ڕێکەوتنێکمان لەنێواندایە هەموو پێشنیوەڕۆیەکی ڕۆژانی شەممە لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایە بم تەلەفۆنی بۆ بکەم.

قسەکردنمان چوارچێوەیەکی تایبەتی هەیە. لە سەرەتاوە بە دەنگ و باسی خێزان و هەموو لایەک دەست پێئەکەین. یەکەم شت ئەیەوێت بزانێت ژنی کوڕەکەی چۆنە لەجیاتی ئەوەی بڵێ تۆ چۆنی، وەک بڵێی ژنەکەم بۆ ئەو نزیکترە تا لە من.

پاشان هەواڵی منداڵەکانمان ئەپرسێت، چی ئەکەن و چۆنن. لە ڕاستیدا هیچ خەمی کوڕو کچەزاکەی نییەو بڕوایەکی زۆری بە تواناو لێهاتووییان هەیە. کوڕەکەم بە زرنگ و تێگەیشتوو دائەنێت. بۆ ڕەگەزی ژن بەپێی ئەو پێوانەی فێری بووە، کە باو نییە بە تواناو لێهاتوویی ژندا هەڵبدرێت. کەمتر هەست و ڕای خۆی ئەڵێت لەسەر کچەکەم. هەندێکجار بە (کچەکەمان) بانگی ئەکات، هەندێکجاریش ئەڵێ: "پارتیزانەکەمان". لەبەر هەر هۆیەک بێت پێی وایە کچەکەم لە نەنکی ئەچێت، کە بە گەنجی بێوەژن ئەبێت. ئەڵێن زۆر ئازا بووەو باسی ئەکەن ئەو خوازبێنیکەرانەی ترساندووە کە مەبەستیان نەبووە بیخوازن.

کاتێک بە دایکم ئەڵێم منداڵەکان خەریکی خوێندنن. بە نەرمییەوە ئەڵێ:

چاوەڕوانییەکی ترم لێت نییە وەک باوک، گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێت.

لە بیرەوەری دایکمدا تەنها دەروێشی خوێندن بوومەو بەس، پێی وایە منداڵەکانیشم بە شوێن خۆمدا هاتوون.

ئایا من دێوانەی خوێندن بووم؟

شتی وام بیر نایەتەوە. ئەوەندە نەبێ‌ت زۆر حەزم لە خوێندنەوە بوو، بەڵام کتێبی قوتابخانە نا. ئاشقی کتێبی تر بووم. دایکم ئەگێڕێتەوە ئەڵێ: (ئێوارەیەکیان پێش ئەوەی بڕۆم بخەوم ئەو کتێبەم لێ ون ئەبێت کە خەریکی خوێندنەوەی بوومە، تومەز براکانم لێیان شاردبوومەوە. ئەوان لە من گەورەترو بەهێزتر بوون لە هەقیان نەئەهاتم. ئەو ئێوارەیە تا ئەتوانم ئەگریم، هەر بەدەم گریانیشەوە خەوم پیا ئەکەوێت. لە نیوەی شەودا خەبەرم ئەبێتەوەو ئەچم بۆ لای دایکم و پێی ئەڵێم ئەزانم کتێبەکەیان لەکوێ شاردۆتەوە خەوم پێوە بینیوە.

هەرواش ئەبێ کتێبەکە لە پشت قەنەفەیەکی قورسەوە ئەدۆزینەوە کە پێم وابوو لەوێیە). ئەمە دایکم باسی ئەکات، ئەگینا

بیرم نایەتەوە. خەونێکی دیم بیرناچێتەوە، لەوانەیە هەر لەو کاتانەدا بووبێت. خەوم بە ڕەوڕەوەیەکی سێ قاچەوە بینی، کاتێک لە خەو هەستام و سەیری ناو باخچەکەم کرد ئەبینم ڕەوڕەوەیەکی سێ قاچی لێیە لەهەمان شوێن کە لە خەونەکەدا بینیم.

دایکم ئەڵێ هەرگیز ڕەوڕەوەمان نەبووە. ئەبێ ئەو ڕاست بکاو من هەڵە بم، بەڵام بە گەورەیی لە سویدا سێ پاسکیلم دۆزییەوە هەوڵم دا تەسلیمی پۆلیسی بکەمەوە، بەڵام شوێنیان نەبوو پاسکیلەکانیان دایەوە خۆم، ئێستاش هەر ماون.

نەنکم -دایکی دایکم- بیرەوەرییەکی تر باس ئەکات لە کاتی داگیرکردنی گوندەکەمان لەلایەن نازییەکانی ئەڵمانیاوە، ئەو کاتە سێ ساڵان بوومە. نەنکم ئێواران پێش ئەوەی بخەوم لەبەردەم پەیکەرەکەی حەزرەتی مریەم دایناوم بۆئەوەی دوعای نانی سبەینێ بخوێنم.

دوعاکە ئاوها بوو:

"پاکیزە پیرۆزە بچکۆلەکەم، براکانم و دایک و باکم بۆ بپارێزە! هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم دنیایە بپارێزەو نانی سبەینێمان بدەرێ!"

دوای ئەوە ڕووم کردۆتە نەنکم و وتوومە:

- نانەکە هات؟

چەند خۆش بوو ئەگەر ئەوەم لەبیـر بووایـە، بـەڵام مـەخـابن. بیرەوەرییەکی تر هەیە بە ڕوونی لەیادمە، کەچی هەموویان ئەڵێن وانییە.

که ئەڵمانییەکان هاتنە ناو گوندەکەمانەوە باوکم یەکەم کەس بوو دەستگیریان کرد، یـەکێـک ئیخبـاری کربـوو کـە کۆمۆنیـستە. لـە ژێرزەمینێک زیندانی کرابوو بە ڕێکەوت سەرەوەی کتێبفرۆش بوو.

خواردنم بۆ برد. بە چاوی خۆم بینـیم لـەشـی خوێنـاوی بـوو، ماندوو، لێوەکانی ئەلەرزین، پێ پەتی بوو.

باشە ئەمەم بۆ لەبیرە ئەگەر ڕووینەدابێت؟ تۆ بڵێی کەسێکی تر بۆی باس کردبم؟! پێم وانییە لە کەسی ترەوە گوێم لێ بووبێت و کردبم بە هی خۆم.

ئایا ئەوە خەون بوو یان نا؟ ئەگەر وابێ چۆن دڵنیابم شتەکانی تریش خەون نین؟ کێ ناڵێ هەرهەمووی خەون نییە؟

٥

کاتێک خزمەتی سەربازیم ئەکرد لە یۆنان.. کوڕێکی خـەڵکـی باکوور بوو بە هاوڕێم، لاوێکی زۆر خۆشخەیاڵ بوو، سنوری نێوان خەون و ڕاستی بەئاسانی تێکەڵ ئەکرد.

کە بە شان و باڵای خۆماندا هەڵئەدا یەکی چـەند (دەنکمـان) هەبووە، ئەو لە هەموومانی ئەبردەوە. بە قسەی خۆی گولیە لەگەڵ سەدەها ژندا بووە تا ئەو ڕۆژەی لە نهێنییەکەی تێگەیشتم.

مەرەخەسیمان هەبـوو، لـەنـاو شـاردا پێکـەوە ئـەسـوڕاینەوەو پیاسەمان ئەکرد، سەرنجی خەڵک و دەوروبەرمان ئەدا هیچ کەس سەرنجی ئێمەی نەئەدا، هەر ئێمە تەماشای ئەوانمان ئەکرد. ئـەو برادەرەم وێنەیەکی ناسراوی شاجوانی مارلین مۆنرۆی[٦] بینی، ئەو

---

٦. ژنە ئەکتەرو مۆدێلی ناسراوی ئەمریکی.

وێنەیەی بە کراسێکی سپییەوە با بەرزی کردۆتـەوە. بـە دەسـتی ئاماژەیەکی بۆ وێنەکە کردو وتی: "لەگەڵ ئەوەشدا بوومە". ئەستم بە پێکەنین کردو پێم وت: "ئادەی بۆم باس بکە بزانم چۆن لەگەڵی بوویتە؟" دەرکەوت ئەو برادەرە هەموو خەیاڵەکانیشی ئەژمێرێت، هەروەها ئەوانەی بە خەیاڵ دەستپەڕی پێ لێداون. تەنها گرفتی ئەو برادەرە ئەوە بوو ئەو ژنە بەناوبانگانە نازانن لەگـەڵ ئـەم جـووت بوونە.

هەوڵم دا ئەوەی پێ بڵێم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و زۆر گرنگ نییە ئەو ژنانە ئاگادار نین ئەم لەگەڵیان جـووت بـووە. ئێـستاش ئەتوانم بڵێم گرفتی ئەو برادەرە سەربازەم لەو کاتەدا وەسفێکی پڕ بە پێستی غەریبایەتییە. زیندەگیکردن وەک بێگانەیە زیندەگیکردنە لەگەڵ خەڵکانێکدا کە پێت نازانن.

ئەمە لەوەئەچێت زیادەڕۆیی تیا بێت. پێچەوانەکەی ئەوەیە تۆ لەگەڵ خەڵکێکدا بژیت هیچیان دەربارە نەزانیت. بەو جۆرە ئـەوان ئەبن بە بێگانە، ئەمەش لێکدانەوەیەکی دروسـت و بـەجـێ نییـە، ناکرێت بڵێی سویدییەکان لە وڵاتی سوید بێگانەن.

وەلێ بێگانەکە منم، ئەمەش ئەتوانرێت بسەلمێنرێت.

دایکم هەندێکجار پێم ئەڵێ: "کوڕەکەی وڵاتی غەریبایەتیم" هەست ئەکەم ئەو قسەیەی گازندەیەکی تیایە، تۆ بڵێی لەبەر ئەوەی بێت کوڕەکەی بۆتە غەریب؟

بیرمە کاتێک بۆ یەکەمجار لەدوای حەوت ساڵ گەڕامەوە بۆ یۆنان، هەمان ڕۆژ بوو کە دەسەڵاتی سەربازی ڕووخا، ئەوە بوو فریا نەکەوتم ژنەکەم ئاگادارکەمەوە، هەر لە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ کرد.

لێم تێگەیی بۆ وا بەپەلە ئەڕۆمەوە، بەڵام پرسیارێکی لێکردم لە ناخەوە هەژاندمی.

– ئەگەڕێیتەوە؟

لەپڕێکدا هەستم کرد ژیان و دوارۆژم چەند ئاڵوزە. باجی بێگانەیی خۆمم داوە، بەڵام هاوسەرەکەشم باجی داوە.

براکەم لە فڕۆکەخانەی ئەسینا چاوەڕێی ئەکردم. هەروەکو جاران جلێکی ڕێکوپێکی لەبەردا بوو، تەنها مووی سەری تەنکتر ببوو، ناوچەوانیشی بە لۆچەکانییەوە هاتبوونەوە یەک.

– هەروەک خۆتی هیچ نەگۆڕاویت!

ئەمە یەکەم قسەی بوو کردی. ئەوە ڕوویەکی تری بێگانەبوونیم بۆ دەرکەوت وەک خۆت ئەمێنیتەوەو ناگۆڕێیت. ئەوانەی لێرەن لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەگۆڕێن، گەورە ئەبن، پیر ئەبن، لە جووڵەدان.

ئەو قسەیەم چەندین جار گوێ لێ بۆوە. لە ڕاستیدا هەرکاتێک ئەچمەوە بۆ یۆنان یەکێک هەر پێم ئەڵێ تۆ وەک خۆتی. وەک کێ؟ وەک ئەو وێنەیەی هەیانە لەسەر من؟ ئەمە ڕاست نییە هیچ کەسێک

وەک ئەوە نامێنێتەوە کە لە بیرەوەریەکاندا هەیە. یادەکان سەر بە کات و شوێنی جیاوازن. کەچی هەر پێم ئەڵێن تۆ وەک خۆتی.

پانزە ساڵ لەمەوبەر بە سەفەرێک چوومە شـاری فرانکفـۆرتی ئەڵمانیا. دەمەوعەسرانێک لە قاوەخانەیەک دانیشتبووم خـەریکـی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک بووم. پیاوێکی تەمەن مامناوەندی لێم هاتە پێشەوە. ئەو پیاوەم نەئەناسی و لە هیچ شوێنێک نەمبینیبوو.

- ئەرێ تۆ کوڕی مامۆستاکە نیت؟

بەڵێ من کوڕی مامۆستاکەم. ئەی چۆن ناسیمیەوە؟ خۆ چـل ساڵ بەر لە ئێستا منی بینیوە لەو گوندەی باوکم تیایدا مامۆستا بوو.

لەو کاتەوە کابرا چاوی پێم نەکەوتووە. چۆن پێم ئەڵێ تۆ وەک خۆتی؟ ئاخر ئەو بە حەوت ساڵی بینیومی!

تایبەتمەندییەک لە غەریبایەتیدا هەیە هەروەک خولێنی ناو قوتوو ئەمێنیتەوەو گۆڕانت بەسەردا نایە. کەواتە کەسـی غـەریـب بـەوە ئەناسرێتەوە وەک خۆی ئەمێنێتەوەو ناگۆڕێت.

ئـەمـە نزیکـی کردووینـەتـەوە لـەوەی بڵێـی نـەگـۆڕان هێمـای بێگانەبوونییەو وەک نیشانە پێتەوە دیارە.

٦

له ئوتێلی (میوسکۆکسین له سڤێگ)[٧] دانیشتووم و ئەم وشانە ئەنووسم. مانگی ئەیلولەو تائێستا شنەی بایەکە گەرمی تێدا ماوە. دارەکانی لای باکوور ڕەنگی پاییزیان پێوە دیارە. تۆزێک پێش ئێستا زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەم لێیدا، ژنێکی فینلەندی بوو، هەواڵی کەسێکی پرسی بەناوی (مارکۆس لێهتونن). بۆ چرکەیەک بە خەیاڵمدا هات بڵێم بەڵێ ئەوم. بۆ نا؟

وایدانێ ئەو ژنە بێتە ئێرە بە کۆڵێ خۆشەویستی گڕگرتووەوە. شتێکی ئاوهام پێویستە لەدوای شەوێکی پڕ لە خەیاڵ و حەزو ئارەزوو. ترسی ئەوەشم هەیە نەبادا ئەو کەشتییەی بە نیازم لێرەوە سواری بم بۆ شوێنێکی تر کە خۆشم نازانم کوێیە بەجێم بێڵێ. ئەمە

[٧]. شارێکی بچووکە، کەوتۆتە سەرووی سویدەوە.

له خەونێکی نابەجێ ئەچێت ئەگینا کێ لەم ڕۆژانەدا بەکەشتی سەفەر ئەکات بۆ شوێنێکی نادیار؟!

ئەوە نامۆکەی ناخمە ئەو خەونانە ئەبینێت. زۆربەی کاتەکـان سەفەرکردن لە یۆنانەوە بە ڕێگەی دەریاوەیە. سەفەری ڕاستەقینە ئەوەیە دەریایە بخەیتە نێوان خۆت و وڵاتەکەت. کە یۆنانم جێهێشت بە شەمەندەفەر سەفەرم کرد، بەڵام ناخم ئەوەی بەدڵ نەبوو.

مانای وایە سەفەرکردن و ژیان لـە وڵاتێکـی تـر لـەو وێنـەیـە جیاناکرێتەوە کە لە ناخماندا هەیەو هەموومان لێـی هاوبـەشـین، وێنەیەک بۆمان ماوەتەوە لە ژیانی ڕابردوومانداو لە مێشکمان تۆمار کراوە، لەگەڵی گەورە بووینە.

باشە ئەگەر ئەو ژیانەی ئەژین مێشکمان نەیناسێتەوەو پێی نامۆ بێت سەرەنجامەکەی چی دەبێت؟

ئەودەم وەکو شەمەندەفەری لە سکەدەرچووت لێ دێت، ڕێگات لێ ون ئەبێت. یاخود ئەبیت بە (نامۆ) لەبەردەم خودی خۆت. ئەگەر بەختت باش بێت، ئەوە ئەتوانی بەرگە بگری. ئەڵێم (بەخت). لە ڕاستیدا هیچ شێوەیەکی تر پێ نازانم بۆئەوەی بتوانی خودی خۆت بیت و نەبیت بە نامۆ.

بەڵام شێوەیەک هەیە پێی ئەڵێن (شیکردنەوەی دەروونی) بـۆ خۆم تاقیم نەکردۆتەوە، بۆیە هیچی وا ناڵێم لەسەری. ئەوەندە نەبێت لێرە گرفتێکی گەورە ئەبینم. ئەگەر ئامانجی شیکردنەوەی دەروونی

ئەوە بێت بوونی ڕاستی (خود) بدۆزێتەوە، ئەوە چۆن دەرئەکەوێت کامە (خود)ە ڕاستییەکەیە.

مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ناخی مرۆ لە چەندەها ڕیزو چین پێکهاتبێت، وەک چینەکانی ئارەزوو، حەزەکان، یان پێشبینی. باشە لەو کاتەدا کام لەو چین و ریزانەی ناو دەروون نمایندەی ڕاستی ئەو مرۆڤەیە؟

وا ئەیبینم مرۆ لە سەرەتاوە بڕیار ئەدات چۆن و چی بێت، ئەمەش پرۆسەکە وەک ڕێگایەکی بازنەیی لێ ئەکات و ئەیهێنێتەوە سەر هەمان ڕێباز.

ئەکرێت مرۆ پرسیارێکی بنەڕەتی لە خۆی بکات:

باشە چۆن بزانین کام چینی ناخمان ڕاستە، یان ڕاست نییە؟

وەڵامەکەی ئاسانە. مرۆ ناتوانێت ئەمە بزانێت، تەنانەت لە ڕێگەی توێژینەوەی دەروونیشەوە ناتوانرێت درک بەمە بکرێت. وا باشترە قەڵەمڕەوی ئەم باسە بگۆڕین و لە ڕێی ڕەوشت و ئاکارەوە لێکی بەینەوە.

کێشەی سەرەکی توێژینەوەی دەروونی پرسیارەکانی زانستین، بەڵام وەڵامەکانی ئەخلاقین. ئەمە بۆ خۆی کارێکی باشەو خەڵکی هەیە سوودیان لێ بینیوە. خۆم تا ئێستا بۆم ڕێکنەکەوتووە سوودی لێ ببینم. من بەرپرسیاری ئەوە نیم چۆن هەست ئەکەم، بەڵام بەرپرسیاری ئەوەم چی ئەڵێم. شیکردنەوەی دەروونی پێچەوانەکەی ئەوێت کە بەرپرسیاری ئەوە بم چۆن هەست ئەکەم و کەسی لێکۆڵەرەوەش بەرپرسیاری ئەوە بێت چۆن بێت باشە.

٧

ئەوەی لێرەدا ماوەتەوە (بەخت)ە. ئەتوانم بڵێم لەو کاڵایە زۆرم هەیە. دواجاریش دوێنێ بوو. لە ناوچەی سڤێگەوە ئۆتۆمۆبیلم لێئەخوڕی بەرەو شاری (ئوێستەرسوند). لە ڕێگا چەندین جار ئەچوویتەوە سەر دەریاچە گەورەکە. دنیایەکی قەشەنگ و دڵڕفێن بوو، لە دنیایەکی ئاوهادا من ئەچمەوە قاوغی خۆم.

دەمەوئێوارەی هەمان ڕۆژ لە شاری ئوێستەرسوندەوە لێمخوڕی بەرەو گوندی (هامارستراند). ڕێگاکە هاوتەریب بوو لەگەڵ ڕووباری (ئیندالڵ). لەوبەریشەوە باڵای ئەسپیندارەکان ئەشەکانەوە. ڕووناکی ڕووبارەکەو ئەسپیندارەکان وای لەو ڕێگا قیرتاوە ڕەقوتەقە کردبوو وەک مارێک بدرەوشێتەوە لەو ناوەدا. ئەو کاتەش خۆم بووم، بەهێمنی بیرم ئەکردەوە، دڵم لەناو دەستمدا هەڵگرتبوو، ئەندامی پیاوەتیم وەک تاڵە قژی نەبینراوی هەتاو ڕاکشابوو.

لەو کاتەدا نامۆ نەبووم، لە ناوچەیەکی نامۆدا نەبووم، ڕۆحم نامۆ نەبوو لەناو لەشێکی نامۆدا.

ئەوەیە (بەخت) کە بەهرەمەند بیت لە هەستێکی ئاوها.

شتێکی تر ئەوە بوو (من) هیچ کێشەیەکم نەبوو لەگەڵ خۆمدا.

هەروەها بەختت هەیە ئەگەر ئاشقێکی دڵخۆش بیت، ئەو کاتەی هارمۆنی لەنێوان خودو جیهاندا دروست ئەبێت، لە خودی خۆت و کەسانی تریش نزیک ئەبیتەوە. گرفتەکەم لەوەدایە کاتێک باسی ئەشق ئەکەم، زیاتر لە خەیاڵەوەیە. لە کاتی ئاشقبوونا بە چاوێکی تر ئەڕوانینە خۆمان و کەسانی تریش.

بۆیە یەکێک لە یاساکانی ئەشق ئەوەیە تووشی سەرسوڕمان ئەبیت. لە خۆت ئەپرسیت چیم بینی لەو کەسەدا؟ چۆن ئاشق بووم؟ دروست وایە ئەو سەرسوڕمانە خۆشمان بگرێتەوە. ئەو کەسە کێ بوو ئاشق بووی؟

لەدوای لەدەستدانی ئەشقێک، لەدوای نوشوستی و سەرسوڕمانەوە تا گلەیی و گازندە لە یەکتر ئەگەیتە ئەو ئەنجامەی ئاشقی کەسێکی نامۆ بوویت و ئێستا نایناسیتەوە.

ئەمە بابەتێکی ناسراوە لە دنیای ئەدەبدا. وەختێک (مێدیای ئێوریپی)[^8] تووشی ئەشقی نامۆیەکی وەک (جانسۆن) ئەبێت،

---

[8]. پاڵەوانی ناو ئەفسانەی یۆنانی کۆنن.

ئاواتەخوازە هەموو ژیانی لەگەڵ بەسەربەریێت. کاتێک جانسۆن پەیمانەکەی ئەشکێنێت، مێدیا ئەوەندە لە جانسۆن تورە ئەبێت منداڵەکانی ئەکوژێت بۆئەوەی هیچ شتێک بە جانسۆنەوە نەیبەستێتەوە. ئەمەش بۆتە پێوانەیەک چەند سنووری ژنێکی دڵشکێنراو خۆی ڕائەکێشێت.

ئەم هەموو ڕقە بۆ؟ یان بۆ منداڵەکانی ئەکوژێت؟ بۆئەوەی ئازاری خۆی بدات، یان ئازاری ئەو بەشەی لە ناخی کە ئاشق بوو بە جانسۆن؟ ئەوەی بڕوای بە نامۆیەک کرد. ئازاری ئەو بەشە بدات لە ناخیدا کە نایناسێتەوە. ئازاری نامۆکەی ناو دەروونی خۆی دەدات.

ئەمەش پەنجەرەیەکی تر ئەکاتەوە لە دیدەماندا. کاتێک تووشی ئەشق ئەبین، لەوانەیە هەر نامۆکەی ناخمان بێ بە ئاشق، ئەمەش وامان لێ ئەکات تەنها لەو بەشە نزیک بینەوە. مانای ولیە لە کاتی ئاشقبووندا لەگەڵ خودی ڕاستی خۆماندا یەک ناگرینەوە، بەڵکو لەگەڵ نامۆکەی ناخماندا. هەربۆیە ئەڵێم ناکرێت ئاشقبوون بکرێت بە پێوانەیەک بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستی (خود). بەپێچەوانەوە لەوانەیە دوورکەوتنەوەیەک بێت لێی.

## ٨

با بێین پرسیارەکە لە گۆشەیەکی ترەوە تاووتوێ بکەین. با لە خۆمان بپرسین مانای چییە ئەگەر نەزانی تۆ کێی؟

ئایا ئـەگـەر نـەزانیـت تـۆ کێـی جـۆرێکی تـر ئـەژیـت؟ یـاخود هەڵسوکەوتت جیاوازتر ئەبێت ئەگەر بزانی تۆ کێیت؟

لەو بڕوایەدا نیم ئەمە وابێت. ئێمە بە یەک شـێوەی دیـاریکراو ناژین، بەڵکو هەڵسوکەوتمان بەستراوە بە پێوانەو ڕەوشتی ئاسایی ناو کۆمەڵەوە، هەروەها ڕێگەو پایەی خۆشمان لەناو ئەو کۆمەڵەی تیایدا ئەژین. هەر هەنگاوهەڵهێنانێک لە پەیژەی کۆمەڵایـەتیمانـدا گۆڕانی لەدواوەیە، کەچی ئەوانەی تا ترۆپک سەرکەوتوون هـەوڵ ئەدەن بۆ خۆیان و کەسانی تریشی بسەلمێنن نـەگـۆڕاون و وەک خۆیانن.

یەکێک لەو سەرگوزشتانەی زۆر بڵاوە ئەوەیە.. کەسێکی سادەو ساکار بە سادەیی ئەمێنێتەوە لەدوای سەرکەوتنی. وەک چیرۆکی ئەو دەوڵەمەندە ملیۆنەرانەی گوایە بۆ نانی نیوەڕۆ نان و ماست ئەخۆن، یان ئاوی گوڵی باخچەکانیان بە دەستی خۆیان ئاو ئەدەن.

باشە خەڵکی بۆ ئەفسانەی وای پێ خۆشە؟

چونکە ئەترسین ڕووبەڕووی ئەو نامۆیە بینەوە لە ناخی خۆمان و خەڵکی تریشدا هەیە. ئامادەنین دەست بخەینە سەر شتە گۆڕاوەکان، لە ناخەوە پێمان خۆشە نەگۆڕێین تا بتوانین بەردەوام بین لەسەر یارییەکە وەک ئەوەی نە بامان دیبێ و نە باران.

لەلایەکی ترەوە ئەتوانین پێوەرو یاسای نوێ بدۆزینەوە بۆ یاری تازە، بەڵام ئەمە لەوانەیە تاقەتێکی زۆرتری بوێت لەوەی هەمانە، بۆیە حەز ئەکەین هەموو گۆڕانکارییەک بە خەیاڵ بزانین، ببینە ئەو کەسەی خۆمان و کەسانی تریش پێیان وایە ئەوەین.

ئەگەر ئەمە لە ڕاستییەوە نزیک بووایە، خاڵی دەسپێکردنێکی ئارامبەخش ئەبوو. ئێمە لەم ژیانە تێناگەین، بۆیە ئەمانەوێت لـە ژیانێکی تر حاڵی بین کە تیایدا ناژین.

وەلێ ئەمە ئاسان نییە.

## ٩

ئـەوە سـێ ڕۆژە پـاڵم لێـداوەتـەوە لـەم ئوتێلـەی شـاری (ئویێستەرسوند). پیاوێکی پیری لاوازی دەموچاو درێژکۆلـەی سەرسپیشی لێیە. ڕووناکیەکی تایبەت لە چاوە شینەکانیدا هەیە، سیمایەکی ژیرو ڕۆشنبیری هەیە.

وا ڕێکەوت نانی بەیانیمان بەیەکەوە خوارد لە چێشتخانەی ئوتێلەکەدا. هەر من و ئەو بووین. لەوەئەچوو میوانەکانی تر زووتر یان درەنگتر نانی خۆیان بخۆن.

ئـەم پیاوە بەرچایەکەی وەک مەیدانی شەڕ ڕێکخست. خۆئامادەکردنەکەی پێکهات لە شەربەتی پرتەقاڵ، شیرو کۆرن فلێکس و کوپێک چا. دوایی دوو هێلکەو سێ بابۆڵەی پەنیرو کەرەی

لەگەڵ هەندێک کاڤیارو چەند پارچە ماسییەک هێنا، ئەمجا چایەکی تر.

هەر تۆزێک لەولای منەوە دانیشتبوو بە بێدەنگی هەر ئەیخوارد. ئێستا کاتی هێرشە گەورەکەی هاتووە، ئەمەیان بۆ سەر گۆشتەکان بوو، هەر لە شفتەو پارچە گۆشتی زۆر تەنک، باسرمە، گۆشتی ئاسک و هەندێک پارچە پەنیری تریشی هەڵگرت. هەموو ئەمانەی خستە سەر چەند پارچە نانێکی ڕەق و بەشێوەیەکی تایبەتی کە سەرم لێ دەرنەچوو بەڕێزەوە لەسەر قاپێک دانیان.

جارێکی تر چایی و قاوەی پێکەوە هێنا. دەمیشی بێ وەستان هەر لە جووڵەدا بوو. وەختێک نیوەی خواردنەکەی بەربەستی تەواو بوو، دەستی کرد بە زەم زەمەکردن، بەڵام هەر ئەیخواردو ئەیخواردەوە. دیارە سەرکەوتن نزیکبۆتەوە.

دواجار سێرەی خستە سەر دانۆک و جۆرەها مرەباو نانی نەرم، لەهەمانکاتیشدا چاوی ئەخشاند بە ڕۆژنامەیەکی ناوچەییدا.

ئەوە ئێستا تێگەیشتم بۆچی کوردە کۆنەکان بەپێی خێنۆفن، پێیان وابووە نانخواردن بە بەرچاوی خەڵکەوە حەرامە. چێژوەرگرتنی ئەم پیاوە لە نانخواردنەکەی کاری تێکردم و حەپەساندمی، لەڕووی فیزیکیشەوە سەرم سوڕمابوو ئەو هەموو خواردنە بۆ کوێ چوو؟! وەک وتم پیاوەکە پیرو لاواز بوو.

لەوە زیاتر نەمتوانی خۆم بگرم، بۆیە لە یەکێک لە کرێکارەکانی ئوتێلەکەم پرسی. لەوانەیە ئەوان شتێک بزانن لەسەر ئـەوەی بـە چاوی خۆم بینیم لەم پیاوەدا.

- ئەوە جادووبازێکی خانەنشینە.

کەواتە بە جادوو ئەو هەموو خواردنەی لەناو داو لووشی کرد، وەلێ خۆ هیچ جادوویەکم نەبینی. تۆ بڵێی ئەو خۆنواندنەی بۆ من بووبێت؟ منیش پێم وابوو ڕاستییە!

ئەی باشە سیحرەکەی کەی کرد لە خواردنەکان؟ پێش ئەوەی بیانخوات، یان دوای خواردنیان؟

هەمان پرسیار ڕووبەڕووی خۆم ئەبێتەوە. کەی جادووم لە خۆم کرد، پێش کۆچکردن، یان دوای کۆچکردن؟

١٠

جارێکی تر ئەگەڕێمەوە بۆ سەرەتا. دایکم پڕ بە دڵ پێی خۆش بوو کچی بێت کەچی منی بوو، بەڵام نە جلی کچانەی لەبەر کردم و نە قژی بۆ هۆنیمەوە، ئەوەندە نەبێت ئەو چاوەڕوانییەی لە منی هەبوو هەمان چاوەڕوانی بوو کە لە کچێکی بکات. هەر زوو بڕوایەکی تەواوی پێم هەبوو دەردەدڵی خۆی لای من ئەکرد، هەرچی خەم و نارەحەتییەکی هەبووایە بۆی باس ئەکردم. ئێستاش هەروا ئەکات. ئەوە منم لێی تێئەگەم و گوێی بۆ ئەگرم.

تۆ بڵێی ئەمە مانایەکی تایبەتی هەبووبێت لە ژیانمدا؟ ئەگەر وایە بە چ جۆرێک؟

پێم وایە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەزانم. زوو هەستم کرد ئەو پیاوەو ژنان ئەتوانن دڵی خۆیانم بۆ بکەنەوە، وەک هاوڕێ خۆشیان بوێم و قسەو گاڵتەم لەگەڵ بکەن، بەڵام ئاشقم بن نەخێر!

هەرگیز تێنەگەیشتم بۆ وابوو؟! لەو بڕوایەدا نەبووم ژنێک بتوانێت خۆشی بوێم. بیرمە هەر لە کاتی قوتابخانەوە لە وانەی جومناستیکا هاوڕێکانم ئەکردە دوو بەشەوە بەشێکیان ئەوانەی کچان حەزیان لێ ئەکەن و بەشەکەی تریش ئەوانەی حەز لە کچان ئەکەن.

بێگومان خۆم یەکێ بووم لەم بەشەی دواییان. زۆر بۆم گرنگ بوو کچان تۆزێ ڕووم بدەنێ، ئەوەی لە توانامدا بووایە ئەمکرد بۆئەوەی سەرنجیان بۆ لای خۆم ڕاکێشم و خۆمیان پێ نیشان بدەم. ئەگەر سەریشی بگرتایە وەک کوڕەکانی تر خۆم هەڵنەئەکێشا، بەڵکو زۆر مەمنون بووم کەسێک منی بوێ. خۆشەویستیی ژنان لەو کاتەدا وەک دیارییەکی تایبەت وابوو لام، بۆ ماوەیەکی کورت بۆت هەبوو لات بێت، هەرکاتێکیش بیانویستایە داوایان ئەکردەوەو ئەیانبردەوە. کاتێک ئەمەش ڕوویئەدا، بەلامەوە شتێکی ئاسایی بوو وەک بڵێی میوانێکی بانگ نەکراو بم لە ئاهەنگی خۆشەویستیدا.

ئایا ئەو وەسفکردنەی سەرەوە چەند دروستە؟

خۆ من وا بەجارێ بەختسووتاو نەبووم لەسەر مێزی خۆشەویستی، کچ بەجێی هێشتووم و منیش کچم جێهێشتووە. کەچی هەرجارێک لەگەڵ دۆستێکدا ئەمەم باس کردبێت وا دەرکەوتووە ئەوان منیان جێهێشتووەو نەیانویستووم.

دیارە ئەوەی ئەیڵێم لەلای خۆم ڕاستە، بەڵام ڕاستییەکی بێ ناوەڕۆکە. ئەگەر بێتوو ئەوەی لەسەر خۆمان ئەیڵێین بەڕاستی

لەقەڵەمی دەین، ئەوە ڕاستی ئەبێتە گەمەی منداڵان و هیچ مانایەکی نامێنێ. ڕاستی ناکرێ ببێتە موڵکی تاکە کەس، مانای وایە ئێمە خاوەنی ڕاستییەکانی ژیانی خۆمان نین و هیچ کەسێکی تریش بۆی نییە ئەمە بکات، بەڵام خاوەنی بەسەرهات و چیرۆکەکانی خۆمانین.

تۆ بڵێی ئەمەیان وابێ؟

تاڕادەیەک وایە، خۆمان خاوەنی بەسەرهاتەکانین تا ئەو شوێنەی هیچ کەسێکی تر ناتوانێت وەک خۆمان بیانگێڕێتەوە، بەڵام ناتوانین بڵێین خاوەنی جۆری گێڕانەوەکانین. گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان پڕن لە بیرو تێڕوانین و ئاکاری کەسانی تر کە سەروسیمای بەسەرهاتەکان دیاری ئەکەن.

کەواتە نە خاوەنی ڕاستییەکان و نە بەسەرهاتەکانین. ئەمە لە خۆیدا سەرەنجامێکی دڵتەزێنەو دەستکورتی ژیانە لە ڕاستییە بەهادارەکان. ئەوەش ئەخاتە بەرچاو ژیانی مرۆڤ چەند پێکهاتووە لە پەیوەندی بە مرۆڤاکانی ترەوەو بە نرخی ئەو پەیوەندییانە لە ژیانی هەریەکێکدا. لەهەمانکاتدا ناتوانی بڵێیت ئەو ئەرک و پەیوەندییانە دروستە یان نا، هەن یان نین. لەوە ئەچێت بوونمان لە ژمارەیەکی تەواو بچێت، بەڵام وەک ژمارەی ناتەواو (کەسر) ئەژین.

ئەگەر ڕاستییەکان و بەسەرهاتەکانی ژیانمان لە یەکتر نەچن، ئەوە ناگەیەنێ ئێمە لە درۆدا ئەژین، یان کەڵەک لە خۆمان و کەسانی تریش ئەکەین، بەڵکو ئەوە ئەگەیەنێ ئێمە بەمەزنە ئەژین،

ئەو مەزەنەیەش ئەبێت نزیک بێت لە ناوەڕۆکی خۆمانەوە. ویست و ئارەزووی گەیشتنمان بە لووتکەی ڕاستییەکان ناچارمان ئەکەن بارێ هەڵگرین لە توانای خۆماندا نەبێت. گەڕانیش بەدوای ڕاستییەکاندا ناچاری درۆی گەورەترمان ئەکەن. پێموایە بێمانایيە کاتێ کەسی پشکێنەرو خودی شتە پشکێنراوەکە هەرهەمان شت بێت.

بەکورتی منیش لە هۆشی ئەوەدا هەم کە وا مەترسی هەیە لەوەی ژیانێک بۆ خۆم داڕێژم تیایدا نەژیابم، تەنها هۆیەکیش بۆ ئەمە ئەوەیە ژیانێکی دروستکراو لەوانەیە ڕاسترو بە بەهاتر بێت.

هیچ چارەیەکی تر هەیە لەبری ئەمە؟

## ١١

یادی منالّیم زۆر کەمە لەگەڵ براکانمدا. بیرم نایە خۆشم ویستبن یان نا، بەڵام ئەوەم بیرە چۆن ئەو برایەی لە خۆم گەورەترە زۆری لێ ئەکردم پێشبڕکێ لەگەڵ پشیلەکەماندا بکەم بۆئەوەی بزانێ کێمان تیژتر ڕائەکەین. بەئاستەم ئەو هەیوانەم بیرە کە تیایدا ڕامئەکرد. جارێکیان بە پشتا بەربوومەوە سەر ئاگردانەکەو لەشم سووتا. بیرمە سووتانەکەیان بە مەرەکەبی شین تیمار کرد.

جارێکی تر هەر ئەو برایەم ناچاری کردم سواری پشتی کەرێکی شێت بم، بێگومان یەکسەر هەڵیتیزان و فڕێیدامە خوارەوە. سەفەرێکی تر قایلی کردم بە بان دیوارێکی زۆر باریکدا بڕۆم، بەربوومەوەو ژێر چەناگەم برینێکی قووڵی لێ بوو، لەگەڵ ڕۆژگاردا برینەکە بچووکبۆوە، بەڵام ئێستاش شوێنەواری ماوە. زڕبراکەم حەقی نەبوو بەسەرمەوەو سەری نەئەخستە سەرم. ئەڵێن کاتێک لە

بێشکەدا بوومە ئەو برایەم چاوی لێم بووەو ڕایژەندووم. کە سێ ساڵان بوومە خۆی و براکەی ترم ئەرکی ئەوەیان لەسەر بووە بمبەن بۆ ئەو ئەشکەوتەی حەشارگەی دێیەکە بووە لە کاتی بۆمبارانی ئینگلیزدا. جارێکیان منیان بیرئەچێت و ژنێکی دراوسێ یارمەتیم ئەدات.

تەنها شتێکی ئەو کاتەم بیر مابێت ئەوەیە دەنگی تەقینەوەکانم پێ خۆش بوو.

هیچ شتێکی ئەو ساڵانەی دایکم بیر نییە، بەڵام ئەو چیرۆکی زۆری لایە لەسەر من. یەکێک لەوانە سەدەها جار باسی کردووە کە چۆن کیلۆیە خوێی زبرم کردۆتە ناو ئەو چێشتەی خەریکی لێنانی بووە.

بیرم نایە دایکم لەو کاتانەدا ڕەنگ و ڕووی چۆن بووە، چۆن لە باوەشی کردووم، بۆنی چۆن بووە.

کەچی زۆر بەڕوونی نەنکی دایکم بیرە. ژنێکی زۆر پیر بوو هەموو جارێک لەسەر کورسییەک دائەنیشت لەناو حەوشەکەداو گۆچانێکی درێژی پێ بوو. ئەو گۆچانەی بۆ ئەوە بوو لە ئێمە بدا- نەوەی کچی کچەکەی- ئەو کاتانەی چاوقایمیمان ئەکرد. ئەو پیرێژنە زۆر دەمبەرەڵا بوو، هەرچی بەسەر زاردا بهاتایە پێی ئەوتین لە باش و خراپ. ناوی یەکێک لە براکانمی نابوو (ئەختەبووت)، چونکە ئەیتوانی شوێنەواری خۆی بسڕێتەوە لەدوای کەتنەکانی ئەیکرد.

براکەی ترمی ناو نابوو (دەم گەورە)، بەڵام نەمانئەزانی بۆ وای پێ ئەڵێت. من نازناوی (کێر گەورە)م وەرگرتبوو کە هیچ مانایەکی نەبوو لە کاتێکدا تەنها چوار پێنچ ساڵان بووم.

بیرەوەری تری نەنکی دایکم کە زۆر ڕوونە لام هـەمیـشە جلـی ڕەشی لەبەر ئەکردو بە قیتی دائەنیشت، نیگاکانیشی تیژو ڕاسـت ئەیانڕوانی. نیوە خەندەیەکی هەبوو نەئەگەیشتە لێوەکانی، چونکە ریزێک دانی نەمابوو.

ئەوەشم بیرە کاتێک مرد نەیانهێشت بچم بـۆ سـەرقـەبـران بـۆ ناشتنی، نازانم بۆ نەیانهێشت؟

بۆ ماوەیەکی زۆر وێنەیەکیم هەڵواسیبوو لە ژوورەکـەم، بـەڵام ئێستا لامداوە، تەنها هەندێک کات دەریئەهێنم و تەماشایەکی ئەکەم. تۆ بڵێی ئەو خەندەیەی سەرلێوی بۆچی بوو؟

نەنکی دایکم قەت ڕۆژێک وشەیەکی خۆشی لە دەم نەهاتۆتە دەر لەسەر یەکێک لە خێزانەکەی. ئێمەی وەک کەسی لاوازو سەگی لات سەیر ئەکرد، کەچی ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی خۆشی بووێین.

لەوانەیە خەندەکەی سەرلێوی بۆ ئەوە بووبێت. نەنکـی دایکـم لەگەڵ خۆیدا نەرمونیان بوو، بەڵام بۆ هیچ کەسێکی تر وانەبـوو، زۆریشی پێ خۆش بوو بە من ڕابوێرێت. بۆی سەلماندبووم گوایـە خوێ لە بنچکەدارەوە دروست ئەبێت، بۆیە منـیش چـەند بنچکـە

دارێکم هێنابوو له باخچەکه چاندبووم بۆئەوەی خوێ بگرێت. دواییش هەرکەسێک بهاتایه بۆ ماڵمان بێئەقڵی منی بۆ ئەگێڕانەوه.

ئەکرێت بڵێی کەسێکی ئاڵۆز بوو، بەڵام هەر به گەرمییەوه یادی ئەکەمەوه.

نەنکی خۆم -دایکی دایکم- هەر هەمان خەندەی بۆ مابۆوه، بەڵام تەنها له نیگاکانیدا. نەنکم کەسێکی زۆر خواپەرست بوو، شووی به پیاوێ کردبوو وەک ئەڵێن دڵی له سەری گەورەتر بووه. نەنکم هەموو ژیانی کۆشش بووه لەگەڵیدا. باپیرەم نەک تەنها بڕوای به خوا لەرزۆک بوو، بەڵکو باری ئابووریشی لەرزۆک بوو. زۆر دەستبڵاو بوو، توانایەکی سەیری هەبووه له لەناوبردنی پارەدا. هەمووکەس خۆشیان ئەویست تەنها کوڕەکەی خۆی نەبێت. ئەو خاڵەم به بەردەوامی گلەیی له باپیرەم ئەکردو وەک کەسێکی بێ بەرپرسیار تەماشای ئەکرد، تەنانەت دوای مردنیشی گازندەی لێ ئەکرد. ئێستا ئەویش مردووه. کاتێک مناڵ بووین ئەو خاڵەم تەنها کەسێک بوو لەناو خێزانەکەماندا لێی ئەترساین

بیرکردنەوه لێی مایەی دڵتەنگییه.

## ١٢

لەو دێیەی تیایدا گەورە بووم ژیان لە بازنەی چەند وشەیەک کۆببۆوە وەک خێزان، ئەرتەدۆکس، کۆماری، شەرەف، ئابڕوو لەگەڵ وشەیەکی تر پێی ئەڵێن (فیلوتیمۆ). ئەگەر لە یۆنانییەوە وەریگێڕیت بەمانای ئەوە دێت شەرەفی خۆتت خۆش ئەوێت. ئەو وشەیەم لە هیچ کام لەو زمانانەی ئەیزانم نەبینیوە، وەلێ مانای ئەوە نییە نەبێت. فیلوتیمۆ ڕەفتارێکی تایبەتی نییە، بەڵکو زیاتر لە قوتابخانەیەکی ڕەوشت ئەچێت.

مرۆڤی بێ فیلوتیمۆ جێی بڕوا نییەو متمانەی پێ ناکرێت. چاوەڕوانی هەموو کارێکی خراپی لێ ئەکرێت. باشترین شت کەسێکی وا بیکات ئەوەیە ڕوو نەکاتە هیچ دیوەخانێ.

زاراوەی فیلوتیمۆ زیاتر بۆ پیاوی یۆنانی بەکاردێت وەک لە ژن. بۆ ژنان وشەیەکی تر هەیە ئەویش وشەی "شەرم"ە.

جیاوازیی نێوان ئەو دوو وشەیە بێ بایەخ نییە لە بنەمای کۆمەڵگای یۆنانیدا. پیاوێکی بێ فیلوتیمۆ بە پیاوی تەواو چاو لێ ناکرێت، هەروەها ژنێکی بێ شەرمیش ژنی تەواو نییە. پیاوێکی بە فیلوتیمۆ ڕقی لە ژنی بێ شەرمەو ژنی بەشەرمیش بێزی لە پیاوی بێ فیلوتیمۆ ئەبێتەوە. بە مانایەکی تر شەرەف و ئابڕوو بۆ پیاوانەو ژنانیش شەرم و عەیبەیان بۆ ماوەتەوە. شەرەف و حەیای ژنەکە پیاو لێی بەرپرسیارە.

ئەمەش چمکێکە لە سەروسیماکانی بەکەمزانینی ژنان کە گۆمەڵگای یۆنانی تەنها نییە لەم تێڕوانینەدا.

سویدییەکان دیمۆکراتیترن لەم مەسەلەیەداو شەرەف و ئابڕوو ئەوەیە مرۆ چ ژن چ پیاو کارو ئەرکی خۆی بەشێوەیەکی دروست ئەنجام بدات، ئەمەش بۆ خۆی تەنها لایەنێکی فیلوتیمۆیە.

لە دێیەکدا گەورە بووم گرنگترین شت بۆ کوڕێ ئەوە بوو فێری ئەو ڕەوشت و بۆچوونە ئاڵۆزانە بیت کە فیلوتیمۆ لە خۆی ئەگرێت. ئەوە تەنها ڕێگایەک بوو لە پیاوەتی نزیکت بکاتەوە.

با تۆزێ بەوردی بۆتانی شی بکەمەوە، ئەم قوتابخانەی ڕەوشتە لە چی پێکهاتووە:

هەرگیز پاکانە نەکەی.

لە هەر شوێنێک بیت ئەبێت جوامێری خۆت بنوێنی، بەتایبەتی لە کاتی میوانداریدا.

نابێ ڕێگە بدەی هەڵبخەڵەتێی.

ناوگەڵت شتی زۆری تیایە، بەڵام مێشک و دڵی تیا نییە.

لێبوردن شتێکی گەورەیە، وەلێ تۆڵەسەندنەوە لەوە گەورەترە.

هەرگیز کۆڵ نەدەی و ڕانەکەی. (تەنها لە پشتەوە بریندار نەبی! ئەمە ئامۆژگاری دایکەکان بوو بۆ کوڕەکانیان کە بەرەو مەیدانی شەڕ ئەچوون).

ئەمانە بنەڕەتی فیلوتیمۆ پێکدێنن و پێوانەی جیاوازیان لێ دروست ئەبێت لە باش و خراپ. بۆ نموونە ئەکرێت سواری پیاوێ بیت، بەڵام هەرگیز نابێ ڕێگە بدەی هەمان پیاو سوارت بێتەوە.

کارێکی ئاسان نییە فیلوتیمۆی دروست بدۆزیتەوە لە بازاڕی ڕەوشتا، بەڵام ناچاری بۆی بگەڕێی ئەگینا نابی بە پیاوێکی تەواو. ئەمەش خراپترین چارەنووسە بۆ کوڕێ بیەوێ ببێ بە پیاو.

بۆ خۆم نازانم ئەگەر پێوەرەکانی فیلوتیمۆ یارمەتی دابم بۆئەوەی پیاوێکی تەواوم لێ دەرچێ، بەڵام قوڕێکی خۆشەکراوو ئامادەکراو بووم بۆئەوەی سەرهەڵگرتوویەکی سەرکەوتووم لێدەرچێ. ئێستا ئەزانم کولتوری ڕابردووم ڕێخۆشکەر بوو بۆئەوەی خۆگونجاندنم لە سویدا زووتر بچێتە پێشەوە.

کاتێ هاتم بۆ سوید ئاوسا بووم بە فیلوتیمۆ. پاکانەم بۆ خۆم نەکرد. هەرچی شتی باشم پێ کرا کردم. شانازیم بە خۆمەوە ئەکرد.

شتم له ناوگه‌ڵدا هه‌بوو، به‌ڵام هه‌موو شتێ نه‌بوو. چه‌ند جارێک خه‌ڵکم به‌خشیوه، به‌ڵام زیاتر تۆڵه‌م کردۆته‌وه‌و هه‌رگیز ڕامنه‌کردوه.

چاوه‌ڕوانی چ پاداشتێ بووم؟ تا هه‌ست به سویدی بوون بکه‌م، یان وه‌ک سویدی چاو لێبکرێم؟ نه‌خێر. ته‌نها شتێ چاوه‌ڕوانی بووم ئه‌وه بوو به بێگانه سه‌یر نه‌کرێم، ئه‌و مافه ڕه‌وایه به‌ده‌ست بێنم له‌م شوێنه‌دا بم که لێیم.

کولتوره یۆنانییه‌که‌م ڕێگر نه‌بوو بۆ ئه‌و خواسته به‌رزه‌م. ئه‌ی کولتوره سویدییه‌که؟ ئایا به چاوی نووقاوه‌وه ته‌ماشای ئه‌و خواسته‌م ئه‌کرا؟ به‌پێچه‌وانه‌وه وه‌ک بڵێی له مندا نامۆییه‌کی ساخته‌یان ئه‌هاته به‌رچاو. نامۆیه‌ک خۆی به نامۆ نازانی، به‌گومانه‌وه ته‌ماشایان ئه‌کردم، گومان و دوودڵییه‌کی وا له جاران گه‌وره‌تر بوو. چه‌ند نزیکتر ئه‌بوومه‌وه له کۆمه‌ڵگای سویدی ئه‌وه‌نده‌ی تر په‌نجه ئه‌خرایه سه‌ر بێگانه‌بوونم.

منداڵه‌کانم لێره له‌دایک بوونه‌و لێره‌ش گه‌وره بوونه. دایکیشیان سویدییه، که‌چی به منداڵی په‌ناهه‌نده ناو ئه‌بران و ئه‌بووایه زمانی زگماک بخوێنن که تایبه‌ت بوو بۆ منداڵی بێگانه له‌م وڵاته‌دا.

منیش وه‌ک مێروولە ئاسا چۆن بار ئه‌کێشی بۆ شاره‌که‌ی، ئاوها هه‌وڵ و ته‌قه‌لام ئه‌دا بۆئه‌وه‌ی زمانی سویدی فێر بم. له‌ولاشه‌وه منداڵه‌کانم ئه‌بێت زمانی یۆنانی بخوێنن و منیش له ماڵه‌وه به یۆنانی قسه‌یان له‌گه‌ڵ بکه‌م بۆئه‌وه‌ی فێری کولتوره‌که‌ی من ببن. ئاخر

لەگەڵ ئەوەدا نەبووم لە سویدا دانیشم بەچکە یۆنانی پەروەردەکەم، بەمانایەکی تر بیانکەم بە بێگانە لەم وڵاتەدا.

لەبەرئەوەی بڕوام پێی نەبوو ئەو کارە بکەم، بۆیە هەرگیز ئەو ڕۆڵەم نەبینی کە چاوەڕوان ئەکرا لێم، ئەمەش وایکرد ئەوەندەی تر گومانیان زیاتر بێت، ئەم جارە لەلایەن خەڵکی پەناهەندەوە.

فەرموو تەماشاکە ئەم پەناهەندەییە نایەوێ خۆی بە پەناهەندە دانێت، سەیری ئەو یۆنانییە بکە نایەوێ یۆنانی بێت، کابرا بێگانەیە، کەچی نایەوێ بێگانە بێت. لێرەدا سویدی و پەناهەندە یەکیان گرت بەرامبەر بە من و کردیانم بە بنێشتەخۆشەی سەر زاریان.

بەڵام هەر ڕازی نەبووم. ئەوە بۆ سی و پێنچ ساڵ ئەچێت قبووڵم نەکردووە. کەچی لەوە زیاتر ناتوانم بەرگە بگرم. وا دانی پێدا ئەنێم لە هەموو خاڵەکاندا تاوانبارم:

پەناهەندەم، یۆنانیم، هەروەها بێگانەشم.

١٣

پێشینان وتوویانه هەموو ناخۆشییەک خۆشی لەدوایە. ژیـانی هەندەران و بیگانەبوونیش تەنها نامۆیی نییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا تواناو هیمەتێکت تیا زیندوو ئەکاتەوە کە ئەکرا لە شوێنی خۆیدا بێ جووڵە بمرێت.

لە سەرەتاوە بێگانەیەکی وا بووم کە ئەمویست زاڵ بم بەسەر بێگانەییدا، بۆیە خۆم فرێدایە ناو ئەم زمانە نوێیەوە، وەک سەگێکی برسی پەلاماری گۆشتێکی تازە بدات ئاوها پەلاماری زمانی سوییدیم داو ئەمخوارد، دەمم پڕ بوو لە وشەو ئەمجوون، هەندێکم هەر قووت ئەدا، هەندێکجاریش ئەوەندە زۆر ئەبوو مێشکم دەئاوساو تـەقـەی سەرم ئەهات.

هەندێ وشەی کورتی سویدی هەبوون ئەوەندەم پێ خۆش بوو وەک نووقڵ ئەمکرۆشتن، بۆ نموونە وشەی ڕەز، ڕووبار، جۆگە، شاخ،

پێدەشت، دەریا، کەنداو، هەتاو، هەور، باران، بەفر، ڕۆژ، شەو. بەتەواوی ئاشقی سروشتی سویدی بووم بە وشە کورت و یەک بڕگەکانییەوە.

کاتێ یەکەم کۆمەڵە شیعرم لەدایک بوو هەروەک پارویەک لە ژەمێکدا وەک پاکیزەیەک وابوو. ئەو کاتە لە مانای وشەکان بەتەواوی حاڵی نەئەبووم، بەڵام هەر ئەمنووسی بێئەوەی بزانم مانایان چییە. هەندێکجار وشەی وام ئەنووسی تەنها بۆ خاتری ئەوەی وشەی تازە بوون بە ئارەزووی خۆشم مانام بۆ دروست ئەکردن.

وەک نووسەرێک هیچ کاتێک ئەوەندە بە ئازادی شتم نەنووسیوە وەک لە کاتی یەکەم کۆمەڵە شیعرم. ئەو کاتە نەبەسترابوومەوە بە ماناو ناوەڕۆکی وشەکانەوەو هەرچیم بۆ ئەهات ئەمنووسی، پێم وایە تەنها جارێک لە ژیاندا ئەتوانی بەو شێوەیە بنووسی وەک چۆن تەنها جارێ بۆت هەیە تامی سێوی زانست بکەی، دوای ئەوە مرۆ کەسێکی ترە ئەو ناسکییە جارێکی تر هەڵۆ ئاسا بەسەر شانتەوە نانیشێتەوە.

وەک وتم ماوەیەکی کورت لەگەڵ سەربەستی وشەکاندا تێکەڵ بووم، مەخابن ئەو ماوە کورتە وەک کاتی دەزگیرانی کورت بوو، زوو تەواو بوو. دوای ئەوە بێ زوویری لە وشەکان جیابوومەوەو تێکەڵ بە ڕستەکان بووم و بوومە هاوسەریان.

فێربوونی وشە تازەکان شتێکەو فێربوونی ماناکانی شتێکی ترە. ئەمە لەوە ئەچێت زۆر نەچێتە ئەقڵەوە، بەڵام تێگەشتنی زۆر

سادەیە. یەکەمجار وشەکان دانە دانە فێر ئەبیت، ئەگەر بیرێکی باشت هەبێت هیچی ترت ناوێ. وەلێ ئەو وشانە بێلایەن نین، ئەو وشانە داپۆشراون بە قوڕی سەدەها ساڵ لە ڕەوشت و ئەندێشەو خەیاڵ و هەست و نەستی مرۆڤەکانییەوە. فێربوونی زمانێکی نوێ وەک سەفەرێکی درێژ بۆ ناو ڕوانگەی هەست و نەستێکی تر وایە، بەرەو ژیان و جیهانێکی تر.

ئەکرێت مرۆڤ تەنها بە فێربوونی ناوی وشەکان قایل بێت. من ئەمەم بۆ نەکرا، ئەگەر بێتوو وام بکردایە وەک ئەوە وابوو چۆک دابدەم لەبەردەم نامۆییدا. ئەو کاتە بێگانەبوون لەم وڵاتەدا ئەبووە بنەمای ژیانم.

مـن ئـەو بنـەمایـەم هـەڵنـەبـژارد لـەم وڵاتـە نوێیـەدا، چونکـە میتۆلۆژیای ژیانم ڕێی پێ نەئـەدام پـەنـا بـەرمـە بـەر ئـەو جـۆرە چارەسەرە. هەروەکو ئەو پیاوە یۆنانییەی لە غوربەتدا بە پاشای فارسەکانی وت: "لە هەر سووچێکی ئـەم دنیایـەدا گـۆڕێکی بـاش دەست ئەکەوێت بـۆ کـەسـێکی چـاک" ئـەم وشـانە لـە مێـشکمدا ئەزرنگانەوە. ئەبێت ببم بەو پیاوەی شایانی گۆڕێکی باش بێت لەم سویدە.

ئا بەو شێوەیە هەنگاوی ئەو سەفەرە دوورودرێژەم دەست پێکرد. بڕیارم دا فێری جیهانەکەی سوید بم. هەتاوی سویدی چۆنە؟ ئەی مانگی؟ دەریای؟ دەریای سویدی مێیە، یان نێرە؟ یان هیچیان؟

دەریای یۆنانی مێیەو کەشتییەوانە دڵشکاوەکان لـە بـاوەشـی مردوویدا ئەنوون. ئەی کەشتییەوانە دڵشکاوەکانی سوید لە باوەشی کێدا سەرخەو ئەشکێنن؟

سویدی نووسین بوو بە ڕووبارێکی هەرگیز وشک نەبوو. لێوانلێو پڕ لەو جۆرە پرسیارانە. سـەربـەرەوژوور لـە ڕووبـاری نـاوەڕۆکـی وشەکان مەلەم ئـەکـرد، نـاوی سـادەی وشـەکـان تـەنهـا بـەردی ژێرکەوتووی ئاوەکە بوون.

قورسترین شت لەم زمانەدا ئەوە بوو لـە مانـای هـەستەکـان تێبگەم. بۆ نموونە جیاوازیی نێوان ئەوەی یەکێکت خۆش بووێ، یان حەزت لە کەسێکە چییە؟ لە سەرەتاوە وا بیرم ئەکردەوە ئەکرێت کەسێکت خۆش بووێ بێئەوەی حەزت لە کەسایەتی ئەو کەسە بێت، بەڵام ئەشبێت حەزت لە یەکێ بێت بێئەوەی خۆشت بووێ. هێدی هێدی خەریک بوو لەمە تێئەگەیشتم کاتێ گوێم لە شتی تازەتر بوو وەک ئەوەی نۆبەرەی بەرهەمـی پـەتاتـەیـان خـۆش ئـەوێ. ئیتـر سەرلەنوێ شتەکانم لێ ئـاڵۆز بـۆوە. یـانی چـی پـەتاتـەی تـازە بەرهەمیان خۆش ئەوێ با پەتاتاکە چەند خۆشیش بێت؟ تۆ بڵێی مانایەکی بەهاتر نەبێ بۆ وشەی خۆشم ئەوێ؟

سەرسوڕمانەکەم کەمتر نەبۆوە کاتێ بیستم لە سویدیدا وشەی خۆشەویستیکردن بەکاردێ بۆ جووتبوون. ئەمە دەرگای ڕستەی تری کردەوە وەک: (دوێنێ خۆشەویستیم کرد لـەگـەڵ ژنێکدا بێئـەوەی

خۆشم بویَ)، (ئێمه یەکترمان خۆش ئـەویَ، بـەڵام خۆشـەویستی ناکەین)، یان (شێتی ئەوەین بەیەکەوە خۆشەویستی بکەین، بەڵام یەکترمان خۆش ناویَ).

ئەمە وەک بنێشتی لێدیَ هەر بیجووی و بیجوویتەوە. ئەگەر ماناو ناوەرۆکەکان ئاوها هەڵبژێری، وەک ئەوە وایە ژیانیش بەو جـۆرە هەڵبژێری.

بۆیە ئاسان نییە زمانێکی تر فێر بیت. هەندێکجار دڵی خۆمان خۆش ئەکەین گوایە ئەو بڕیارانەی داومانە بڕیاری گرنگن، کەچی لە ڕاستیدا ئەوە هەڵئەبژێرین کە لە خودی خۆمانەوە نزیکە، مەبەستم ئەو وێنە نەگۆڕاوەی هەمانە لەسەر خۆمان. ئەگەر بێتو سویدی بەم شێوەیەی ئێستا فێرنەبوومایە، وەک ئەوە وا ئەبوو هەرگیز تەماشای خۆم نەکەم لە ئاوێنەدا، ئەوکاتە خۆم نەئەبینـی، بـەڵکـو وێنـەی کەسێکی تر ئەبوو، بێگومان ئەو کاتە ڕقم لە خۆم ئەبۆوە.

ئەکتەرە پسپۆڕو لێهاتووەکان پێیان خۆشە ڕووی خۆیان لەژێر ڕۆشناییدا نیشان دەن، بەڵام ناپسپۆڕەکان گڵۆپەکان ئەکوژێننەوە بۆئەوەی دەرنەکەون، حەزیش ئەکەن لە سێبەردا بمێننەوە.

نامەویَ لێرە ئەو کەسە تازە دەستپێکردووە بم لە ژیانا. سێبەری نـــەزانـــین فێـــنکم ناکاتـــەوە، چونکـــە بـــەپێچـــەوانـــەی جـــۆری پـەروەردەکردنمەوە بوو، پێچەوانەی هەتاوی یۆنانی و ئەو ڕەوشتە یۆنانییە کۆنەی هەمانە لە هەوڵدان بۆ ڕوونی و تیژبینی.

لەسەر ناوکی زەوی نووسراوە (خۆت بناسە). ئەمە تەنها ڕێکەوت نییە، بەپێچەوانەوە پێویستییە. ئەڵێن درێژترین سەفەری مرۆڤ بە هەنگاوێ دەستی پێ کردووە، بەڵام من پێم وایە زۆر لەوە زووتـر دەست پێ ئەکات، هەر لە دابونەریتەکانەوە لە بەسەرهات و پاڵەوانی چیرۆکەکاندا.

درێژترین سەفەر ئەوەیانە بۆ ناخی خۆمانی ئەکەین، هەمیشەش بە فێربوونی شتێکی نوێ دەست پێ ئەکات.. شتێکی نامۆ. سوید بوو بەو ڕووبارەی ئەمویست بیبرم، تەنها ویستێکم هەبوو بگەمـە ئەوبەری ڕووبارەکەو لە قەراغەکەی پاڵکەوم و لە خۆم وردبمەوە بزانم چیم لێ ماوەتەوەو چیم پێماوە.

تێزی کارکردنم سادەو گەشبین بوو، منی نوێ لەم وڵاتە ئەبێت بەهێزتر بێت لە منی کۆن. ئەوەی لێرەدا چاوەڕوانی نەبووم ئەوە بوو ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی ئەمدا لە دژی نامۆیی تا ئەهات لەگەڵ وەختدا زیاتر ئەیانکردم بە نامۆ. هەمیشە ترسی ئەوەت هەبوو بیی بەو کەسەی خۆت شەڕت لە دژی کردووە. لە ئەنجامدا کۆششەکەم بێهودە بوو، لەبەرامبەر نامۆییدا، نامۆبوون بوو بە سەرنویشتم.

١٤

ئەمەی بەردەستتان گازندە نووسین نییە. بۆ ئەوەش نییە پەنجە بخەمە سەر کەسێک و بڵێم تۆ بەرپرسیاری، بەڵکو خواست و ئارەزوویەکی وایە کە بزانم چیم بەسەرهاتووە لەو کاتەوەی هاتوومەتە ئەم وڵاتە. تەنها لەبەرخاتری خۆم نا بۆئەوەی بتوانم بەربەولم بم لەم ژیانە، بەڵکو بەهیوای ئەوەش ببێتە کۆمەکێک بۆ کەسانی تر کە خۆیان لەناو هەمان بارودۆخدا ئەبیننەوە.

ماوەیە لەمەوبەر ناسیاوێکی یۆنانیم تووش بوو، سڵاوی کرد بە یۆنانی، بەیانی زوو بوو بۆیە نەمئەویست درێژە بە قسەکردن بدەم، بەڵام سڵاوکردنەکەی بەهەڵە وت. ئێوارە باش لەجیاتی بەیانی باش، ئیتر خۆم پێ ڕانەگیراو پێم وت.

دەستی بە قسەکردن کردو بۆی گێڕامەوە چۆن ژنێکی یۆنانی خواستوە لە یۆنانەوە، بەڵام ژنەکەی دڵی بە سوید ناکرێتەوە.

ئەیوست بزانێ دڵخۆشم لە سوید یان نا. ژنەکەی گلەیی لەوە ئەکات گوایە سویدی تەنها بۆ کارکردن ئەژین، بەڵام یۆنانی کارئەکەن بۆ ئەوەی بژین. کابراش هەمان ڕاوبۆچوونی هەبوو.

لێرەدا شەرمم بە خۆدا هات نەک لەبەرامبەر ئەو ناسیاوەدا، بەڵکو لەبەرامبەر تێگەیشتنی هەڵەم لەسەر ئەو دوو بۆچوونە. ماوەیەکی زۆر پێم وابوو سویدی لە هەموو ئەوروپییەک کەمتر کار ئـەکـەن. یۆنانیش خەڵکێکی کارکەرن، ئەگەر بۆ کاریش نەژین ئەوە زۆریەی کاتییان لەناو کاردا بەسەر ئەبەن.

لـە ژیانمـدا کـەسـێکی تـەمبـەڵ نـەبوومـە، ئـەوەنـدەش ڕۆژە پشووەکانم پێ خۆش نییە، هەندێکجار ئەڵێم ڕۆژەکانی پـشوو بـۆ ئەوە باشن تا لەسەرخۆ کاریان تێدا بکەی. هەمیشە لەماڵیشەوە وا ئامۆژگاری مناڵەکانم کردووە لەڕێی کارکردنەوە ئەگەنـە ئامـانجی خۆیان. گاڵتەشم بەوە ئەکرد چۆن ئەو ڕۆژانەیان بەزۆر کردۆتە پشوو کە کەوتوونەتە نێوان دوو ڕۆژی پشووەوە. ئامۆژگاریەکانم کـاری خۆی کردووە، مناڵەکانم هەردووکیان تائێستا زۆر بەباشی هێناویانە.

ئا لەوێدا وەستا بووم وەک کرمێک لەناو ئەو تێگەیشتنانەدا خولم ئەخواردەوە، تاقەتی وتووێژم نەبوو، بەتایبەتی کاتێ لەلایەکی ترەوە سەیری ئەو گرفتەم ئەکرد، چ میکانیزمێ بەکارئەهێنـین بۆئـەوەی تووشی پێکدادان نەبین لەگەڵ خۆمان و کەسانی دەوروبـەرمـان، هەروەها بەرامبەر ژیان بەگشتی.

سویدییەکان پەنا ئەبەنە بەر کارو یۆنانیش بە گەمەو بەزم، لە هەردوو حاڵەتەکەدا میکانیزمی ڕاکردنە.

ئەو ژنە هاوشارییەم بیری تام و چێژی ژیانی یۆنانی ئەکرد، ئەمەش ئاسانە لێی تێبگەی، بەڵام ئەوەی نابینی ئەوە ژیان نییە ئەو بیری ئەکات، بەڵکو شێوەیەکی ڕاکردنە لە ژیان، ئەو تەنها خۆی پێناسە ئەکات بەو جۆرە ژیانکردنە. بەکورتییەکەی ئەو ژنە هیچ بەهرەیەکی پەناهەندەبوونی تیا نەبوو، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بۆ خۆی کەسێکی بێ بەهرەیە.

لە یۆناندا قسەیەکی نەستەقمان هەیە ئەڵێ: "باڵندەی وریا لووتی لە داو گیر ئەبێت" بەو مانایە دێت هەڵەی کەسە لێهاتووەکان ئاسانتر چاوپۆشی لێ ئەکرێت. هەڵەی ئەو ژنە هاوشارییەم نەک تەنها ڕووبەڕووی خۆی نابۆوە، بەڵکو خۆشی بە مۆدێلەکەی سوید بەراورد ئەکرد. بەو جۆرە تەنها لووتی بە داوەکەوە ئەبوو. ئەو لە سوید نەئەژیا، بەڵکو هەر لە یۆنان مابۆوە. ئەم شێوە ژیانەش قازانجێکی تیا نییە ، بەداخەوە کەسانێکی زۆر هەن ئاوها ئەژین، ئەوانەی بەهرەی ئەوەیان تێدا نییە ببن بە نامۆ.

تائیستا وەڵامی پرسیارەکەی ئەو پیاوە هاوشارییەم نەداوەتەوە. چی پێ بڵێم؟ ئایا دڵخۆشم لە سوید یان نا؟

لەپڕێکدا پرسیارێ قووتبۆوە لەناو مێشکمدا. وایدانێ دڵخۆش نیم لێرە، چی ئەگەیەنێت؟ یان بڵێ دڵخۆشم؟ کەواتە هاتووم وڵاتێک بە دڵخۆشی و ناخۆشی خۆم ئەپێوم؟ هەرگیز ئەو پرسیارە ناکەم.

هەروەها ئەو هەڵوێستەی لە دێیەکەی خۆمانەوە هێنابووم لەگەڵ خۆمدا تا ئەو کاتە بیرم لێ نەکردبۆوە، بۆ من شتێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، پێم وابوو کەسانی تریش هەروا بیر ئەکەنەوە. پرسیاری وەک بەختیاری یان نا، دڵشادی یان نا تەنها لەناو چیرۆک و شیعرەکاندا هەبوون. لە ژیانی ڕاستەقینەدا کێشەکانی مرۆڤ شتێکی تر بوون، وەک ئەرک و بەرپرسیاریت بەرامبەر کەسە نزیکەکانت، بەتەنگەوەهاتن و پاراستنیان، کێڵان و چاکردنی کێڵگەی دارزەیتون و مێوەکان. خۆشی و ناخۆشی و بەختەوەری جیا نەئەکرایەوە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ژیان، لەوەی ئادەمیزادێک بیت لەناو ئادەمیزادەکانی تر، ببیتە مایەی خۆشی و سوودبەخشین.

بەختیاری خاڵی دەستپێکردن و هۆی ئەم سەفەرەم نەبوو. لە باشترین باردا لەوانەیە ئەنجامەکەی خۆشی بێت، بەڵام مەرجیش نییە وابێت. گرنگترین شت ئەوە نییە بە بەختیاری بمریت، بەڵکو وەک مرۆڤێکی چاک بمریت.

ئەوە فەلسەفەی دێیەکەمان بوو. نەنکم هەموو ئەو شتانەی بە ڕستەیەک دەرئەبڕی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە. "گۆڕی مرۆیەکی باش بۆنی خۆشی لێوە دێت".

ئەرێ هیچ کەسێک ئەزانێت بۆنی گۆڕی کەسێکی بەختیار چۆنە؟

زۆرجار ئەگەڕێمەوە بۆ ڕەنگدانەوەی تافەکانی منالّی لەسەر ژیانی ئێستام. تادێ زیاتر بۆم دەرئەکەوێت چەند کاتێکی پڕ بەنرخ و بەها بوونە. تۆ بلّێی بۆ؟ حەوت سالآن بووم دێیەکەمان چۆڵ کرد، بەلاّم لەوە ناچێت بە گیان جێمهێشتبێت، هەرچەندە لەگەڵ تێڕوانین و هەڵوێستی دێیەکەدا زۆر جیاوازیم هەبوو.

لەڕووی سیاسەتەوە دێیەکی کۆنسەرڤاتیڤ[٩] بوو منیش هەر زوو مەیلی چەپم هەبوو. دێیەکە بڕوای بە خوا هەبوو، کەچی پێش ئەوەی ببم بە حەوت ساڵ وازم هێنا. دێیەکە خوێندنی زۆر بەلاوە گرنگ نەبوو، منیش شێتی خوێندنەوەو کتێب بووم هەرچیم بەردەست بکەوتایە ئەمخوێندەوە.

٩. کۆنەپارێز -محافظین-

نموونەکان زۆرن بۆئەوەی بڵێم سەرپێچی گۆمەڵگایەم ئەکرد کە تیایدا ئەژیام. لەوە ئەچێ بەرەنگاریم زیاتر شتە ببینراوەکانی گرتبێتەوە وەک لە شتە شاراوەکان.

وەک چۆن عەترێکی گرانبەها وایە کە ئەتوانی پێکهاتەکانی بژمێریت، بەڵام هەرگیز ناتوانی وەسفی خودی بۆنەکە بکەی. ئێمەش بە هەندێ شت خۆشحاڵ یان نیگەران و سەرگەرم ئەبین، هەندێکجاریش بەسەرماندا ئەگوزەرێت بێئەوەی کارمان تێبکەن.

هەروەک بۆنی ئەو میتۆلۆجییەی بۆمان ماوەتەوەو ڕێگای چوونە پێشەوەمان بۆ دیاری ئەکات. لە سەرەتاوە مرۆڤ هەستی پێ ناکات، بەڵام تادێ زیاتر ڕوون ئەبێتەوە، هەتا ئەگاتە ئەو شوێنەی هەموو ژیانت لەوێوە ئەبینیت.

بەشێوەیەکی تر.. ئەمەوێت ئەوە بڵێم زیاد لە چل ساڵی ویست تا بگەمە ئەو قەناعەتەی هەمیشە لە قووڵایی ناخما شوێنەواری ئەو ڕێگایە هەبووە کە دەبوو بمگرتایەتە بەر لە ژیانمدا. وا دەرئەکەوێت هەرچیم بەدەست هێناوە لەم سەفەرەم ئەوە ئەسەلمێت کە هیچ هەوڵێکم نەداوە بۆ گۆڕینی ئەو ڕێگایە. ئەو ڕێگا نەبینراوەی لە سەرەتاوە شوێنەواری هەیە لە ناخی هەر کەسێکماندا هەروەکو بۆنە نەبینراوەکەی عەترەکە.

ئا ئەمەیە ناوەڕۆکی ئەوەی پێی ئەڵێن سەر بە کولتورێکی تری. لەوانەیە پێم بڵێن کەسێکی ڕەشبینی لەسەر ئەم بۆچوونەم، کاتێک

ئەڵێم ساڵەکانی منالّی و جۆری پەروەردەبوونمان زۆر بە قـووڵی تیاماندا ڕەنگ ئەداتەوە لە ژیانی گەورەییماندا.

بۆ ئەبێت پێمان وابێ کە ئەتوانین بەسەر هەموو پرێکا تێپەڕین و هەموو سنوورەکان ببەزێنین؟ ئەگەر ئازادیی مرۆڤ وەک تولّای بێ سنوری وابێت بۆ گۆڕین، ئەو کاتە کۆمەڵگا چۆن بەڕێوە ئەچێت؟ کاتێک ساتێکی ناسک دێتە پێشەوە ئازادی ئەگۆڕێت بۆ بەربەریەت و بەپێچەوانەوەش نەبوونی ئازادی ئەبێت بە کۆیلایەتی.

پێم وابێت ئەو خاڵە هۆی ئازاردانی چوار کۆڵەکـەی کۆمـەڵگـا گەورەکان بووە لە پلاتۆنەوە تـا ئـەمـڕۆ بێئـەوەی پێبـزانن. هـەر کۆمەڵگایەک میکانیزمی بەرهەڵستی خۆی هەیە کـە کـارەکتـەری کۆمەڵگا دەرئەخات وەک میکانیزمی گۆڕین، ئازادی و سنورەکانیشی نیشانەی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەن.

ئۆتۆپی ئەم سەردەمە ئەوەیە ئازادی لە خۆیدا بە بەهاترە لـە سنورەکانی. لەوە ئەچێت پیداڵی بەنزینی ئۆتۆمبیلمان لەلا گرنگتر بێت لە برێکەکەی. لەسەر ئەم جۆرە بۆچوونانەش ئەبێت باج بدەین.

مەبەست لە کام باجە؟

تۆ سەرنجی جۆری پەیوەندیی نێـوان مرۆڤـەکـان بکـە، کـەس متمانەی بە کەس نەماوە. کەچی لەم سەردەمەی ئێستادا لە هەموو شت زیاتر پێویستیمان بە متمانە هەیە بە یەکتر. تەنانەت زۆر شتی ژیانی ڕۆژانەمان لەسەر ئەو کۆڵەکەیە وەستاوە. ئەبێت بڕوامان بە

بانکەکان بێت کە پارەکانمان لا داناون، بە کارمەندی تەکنیک و ئەندازیارەکان، بە فڕۆکەوان و شۆفێرەکان، بە کرێکاری خانوویەرەو پردو ڕێگاوبانەکان. ئەبێت بڕوامان بە دایەن و مامۆستای منداڵەکانمان بێت، بە دکتۆرەکانی نەخۆشخانەکان و سیاسییەکان. لە کۆتاییشدا ئەبێت بڕوامان بە کەسە نزیکەکانی دەوروبەرمان بێت لە خزم و دۆستان.

بەکورتیەکەی کۆمەڵگا لەسەر کۆڵەکەی بڕواهێنان وەستاوە. ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ هەیە بۆ خۆپەرستی و گوێپێنەدانی کەسانی تر پایەی بڕواهێنان بە یەکتر لەق ئەکات و ئەیخاتە مەترسییەوە. ئەگەر بێتو هەر هەموومان پێمان وابێت بەرژەوەندی و باشی خۆمان لە پێش هەموو ئەوانی ترەوە دێت، ئەگەر هەست بە بەرپرسیاریکردن و مافی یەکسانی بۆ هەمووان بۆ دەرمانیش دەست نەکەوێت، ئیتر خەڵکی چۆن ئەتوانێت خۆی لە دڵەڕاوکێی بوون و نەبوون و بێ هیوایی بپارێزێت.

کوێرانە بە پەیژەیەکی پێچاوپێچدا وا سەرئەکەوین و پێمان وایە بەرەو بەهەشتی تایبەتی خۆمان ئەڕۆین بێئەوەی بیر بکەینەوە، کاتێ ئەگەینە شوێنی مەبەست تەنها خۆمان ئەبینینەوە لەگەڵ دەروونێکی بێ ئارامدا هاودەمیشمان ئەبێت بە مار، ماریش بڕوای پێ ئەکرێت کە چۆن کاری خۆی بەباشی ئەنجام ئەدات، ئەویش پێوەدانە.

١٦

تەمەنم دوانزە یان سیانزە ساڵ بوو کاتێک لە دەرەوەی ئەسینا لە قەراغ دەریا نەهەنگێکی مردووم بینـی. لـەبـەرئـەوەی زۆربـەی خەڵکی هەرگیز نەهەنگیان نەبینیبوو، بۆیە بوو بە ڕووداوێکی زۆر گەورە، وەک شتێکی خۆش خەڵکی ئەهاتن بۆ سەیرکردنی.

ئەمەی بۆتانی باس ئەکەم لەوە ئەچێت مێشک جارێکی تـر دروستی کردبێتەوە. دڵنیا نیم ئەمەی بیرم ماوە سەد لە سەد وابوو، یان نا، هەرچۆنێک بێت ڕووداوەکەم ئاوها بیرماوە.

ڕۆژێکی هەتاو بوو لە سەرەتای پاییزدا، بای باکوور جارێ دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام کزەیەکی سارد لە بایەکەدا بوو لە دەنگێکی نەرم ئەچوو بیەوێت ئاگادارمان بکاتەوە کە لەژێر ئەو بایە نەرمەدا ترسێک خۆی مەڵاس داوە.

خەڵکێکی زۆر چواردەوری نەهەنگەکەیان دابوو، تـەنها تـوانیم سەری ببینم، دوو چاوی ئێجگـار بچـووکم بینـی ڕوونـاکی ژیانیـان جێهێشتبوو. لەناکاودا خەمێکی قورس دایگرتم و هەموو گیانم کەوتە لەرزین. بیرم کردەوە تۆ بڵێی دەریا ئـەوەنـدە بچـووک بووبێتـەوە شوێنی ئەو ئاژەڵە گەورەیەی تیا نەبێتەوە؟ لەوانەیە ژیانیش بۆ ئێمە بچووک بێت. هەر ئەو کاتە پەیمانم دا بە خۆم هەرگیـز لـە ئـاوی تەنکدا مەلە نەکەم.

چیتر ناچمە سەر قەراغی دەریا. ئەو ئاوانەی تیایدا کـە لێیـان ئەدەم بەئاگادارییەوە هەڵیان ئەبژێرم. ئەبێت لە ژیانێکدا بژیم بۆم بچووک نەبێت.

تێئەگەم ئەگەر ئەو پرسیارە بکرێ چۆن کوڕێکی سیانزە ساڵان بەو جۆرە کێشەکانی ژیانی لێکداوەتەوە لەو کاتەدا؟ بۆ خۆشم ئەمە پرسیارە!

تۆ بڵێی هەر ئەو کاتە هەسـتم کردبێـت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لـە دەریایەکی نامۆ ئەدەم؟

زۆر بە سەیری مەبینە ئەگەر ویست و خەونی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وڵاتەکەت جێبێڵیت، بەردێک لەدوای خۆتەوە فڕێ دەیـت و تۆزی وڵاتەکەت بە پێڵاوەکانتەوە بسڕیتەوە لە سەرەتاوە تیاتا بێت. هەندێ لە ئێمە بۆ ئەوە لەدایک بووینە سەرهەڵگرین. بێگومان خۆم یەکێکم لەوانە.

که هاتمه هەندەرانیش مانای ئەوە نییە بۆ ئەوە لەدایک بوومە، بەڵکو نیشانەی بوونی حەزی ڕۆشتن بووە تیامدا. ئەوانەشی ئەم ڕێگایە ئەگرنە بەر ناتوانن بەرەنگاری کۆنترین شوێنەواری حەزو ئارەزوو ببنەوە لە ناخیاندا.

ئەو نەهەنگە مردووە سەرهەڵگرێکی سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە بەڵێنم دا نەیەڵم تووشی هەمان چارەنووس بم.

ئەو وێنانەی لە ناختا ماون لەسەر خۆت، ئەو شتانەی لە ڕابردوو ڕوویانداوە لە ژیانتا ئەکرێت بە بەشێک لە میتۆلۆجی تایبەتی بژمێردرێت بەپێچەوانەی ئەوەی بۆت ماوەتەوە کە پێشتر وەسفم کرد بە بۆنی عەترێک.

لە سەرەتاوە ئەوەندە ڕوون نەبوو لام کە میتۆلۆجی تاکە کەسی ئەوەندە گرنگە لە ژیانی ئادەمیزددا تا بەشداریم نەکردبوو لە سیمینارێ لە دانشتگای لوند. لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون ئەو وێنەی لەسەر خۆت هەتەو لەگەڵ خۆت هێناوتە باشترین یارمەتیدەرە بۆئەوەی ڕووبەڕووی تافی پیری بێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر بێگانە بیت.

وێنەی خۆ تەنها شتێکە لە پیربووندا دامودەزگا بەرپرسەکان ناتوانن دەستی تێوەردەن، لەوە ئەچێت گرنگترین شتیش بێت. تیگەیشتن لە شتە گرنگەکانی ژیانت، چۆن و چی وای کرد بەو جۆرە بێت کە ئەمڕۆ هەیت، تێگەشتنی ئەمە ئەوەندە گرنگە وەک با ولیە

بۆ کەشتیەوان. بۆ بەخێرهاتنی پیری و تەنانەت مردنیش بەهێمنییەوە پێویستیت بە میتۆلۆجییەکی کەسایەتی بەهێزهەیە تا مانا بۆ شتەکان دروست بکاو بەیەکەوە بیانبەستێتەوە.

ئەمە لە پلەی یەکەمدا ژیانی پەناهەندە ئەگرێتەوە، چونکە لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگاوە ژیانیان لە پلەی دووەمدا دێ، مەبەست ئەوەیە بە ژیانی ڕاستەقینە ناژمێردرێت. لەهەمانکاتدا ئەتوانین ژیانی پەناهەندەیەکی سەرکەوتوو بە کاری سێ جۆر لە میتۆلۆجی تەماشا بکەین. یەکەم ئەوەی لە ڕابردووەوە بۆمان ماوەتەوە. دووەم ئەوەی بە دەستی خۆمان دروستی ئەکەین. سێیەمیش ئەوەی تووشی ئەبین.

لە زۆر لاوە داشم سوار بوو. دێیەکەم کردبوومی بە کۆچکەرو خۆشم ئامادەباشیم بۆ کردبوو. میتۆلۆجی سوید بێ هیچ گرفتێک بووە هاوسەری میتۆلۆجییەکانم.

وەک پەناهەندە گرنگە ئەو وێنەیەی پێش هاتنمان هەمان بووە لەسەر ئەم وڵاتە نوێیە دەستنیشانی بکەین. لەوانەیە لە وتارو ڕۆژنامەوە بیستبێتمان، یان لەناو کتێب و گێڕانەوەی خەڵکی تر. کاتێ دێیتە وڵاتێکی نوێ ژیانە ڕاستەقینەکە نابینی، بەڵکو تەنها ئەوە ئەبینی لە مێشکتا هەیە لەسەر ئەو وڵاتە.

کە هاتم بۆ سوید چیم بینی؟

با هەموو چیرۆکەکەتان لە سەرەتاوە بۆ بگێڕمەوە. لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکاندا بوو، باری سیاسیی یۆنان ئێجگار شلۆق بوو، ڕۆژانە خۆپیشاندان ئەکرا. لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا بوو لەلایەن پۆلیسەوە تاقیب ئەکرام، فریای ڕاکردن کەوتم و خۆم لە سینەمایەکی کولتوری شاردەوە. کاتێ هەناسەم خواردەوەو هاتمەوە سەر خۆم، چاوم بە بەهێزترین کلیپی فیلم کردەوە. پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بە توڕەبوونەوە خەریکی هەڵکەندنی دارێک بوو بە ڕەگ و ڕیشەوە.

ئەم فیلمەم چەندین جار بینییەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، فیلمەکە ناوی (ئونگ فرو شێلان) بوو لە دەرهێنانی (ئینگمار بێریمان)[10]. لەبەر هیچ نەبێ لەبەر ئەو بڕگەیەی پیاوەکە دارەکە ئەبڕێتەوە. ئەبێ ئەم فیلمە بە کارێکی شاکار دابنرێت. تا ئەو کاتە هیچ فیلمێکی سویدیم نەبینیبوو، هەرگیز گوێم لەو زمانە نەببوو، کەچی تاسەرئێسقان ئەو وشە کورتانەی ناو ئەو زمانە کاری تێکردم. وای کرد بیر لە دێیەکەم بکەمەوە، وای کرد تامەزرۆی ژیانێک بم وشەکان مانای هەبێت، بەپێچەوانەی ئەو ژیانەی تیای بووم لەو

---

١٠. بێریمان یەکێکە لە بەناوبانگترین دەرهێنەری سینەمایی لە سویدو لە جیهاندا، لە (٢٠٠٧) کۆچی دوایی کرد.

کاتەدا. وشەکان لە مەزادا بوون و قسەوباسی ڕەسمیی وڵاتیش بازاڕی گەرمی درۆزن و بەڵێنشکێنەرەکان بوو.

ئەو کاتە لاوێکی خوێنگەرم بووم، ئەگەر بێتو وەک لاوێک لەو سەردەمەی یۆناندا خوێنگەرم نەبوویتایە بۆ ژیان و بۆ وڵاتەکەت ئەوە بێئەقڵ، یان سەر بە چینی دەسەڵات بووی، یاخود هەردووکی پێکەوە. هەڵوێست و ڕام لەو کاتەدا ئەوە بوو خاوەن دەسەڵات لە دەستەیەکی مشەخۆرو نەزان بەولاوە هیچی دی نەبوون.

کاسێتێکی لنگافۆنی سویدیم بەقەرز هێناو لەگەڵ کچێکدا کە ئەو کاتە ئاشقی بووم پێکەوە گوێمان لێگرت. وەختێک کاسێتەکە تەواو بوو، کچە دۆستەکەم وتی: "ئەو زمانە هی ئەوەیە چیرۆکی پێ بنووسرێت!".

ئالەوێدا پەیوەندیم بە زمانی سویدییەوە بۆ یەکجاری گۆڕا. ئاشقی ئەو زمانە بووم. ئەگەر ئەو زمانەم خۆشنەویستایە هەرگیز بەمجۆرەی ئێستا فێری بوومە فێر نەئەبووم.

مرۆ چۆن فێری زمانێ ئەبێت ئەگەر خۆشی نەوێت؟ ئەی چۆن ئەمتوانی زمانێکم خۆش نەوێت کە چیرۆکی پێ بنووسرێت؟

کاتێ هاتم بۆ ئێرە ئەو سویدەی بینیم هیچ پەیوەندییەکی بە ناوەڕۆکی فیلمەکەی ئینگمار بێریمانەوە نەبوو، بەڵام ئەمە ساردی نەکردمەوە بەرامبەر سویدو زمانی سویدی. وەک یۆنانییەک ئەمە ئەناسمەوەو جاریتر بەسەرمان هاتووە. هەموو دنیا بە ئێمەی

یۆنانییان ئەوت هۆمیرۆس و پلاتۆن پەیوەندییان بە یۆنانەوە نییە، ئەدی باشە ئەوە چۆنە هەر ئێمەو تەنها ئێمە بە زمانەکەی هۆمیرۆس و پلاتۆن ئەدوێین؟

بەکورتیەکەی تروسکەیەکم لە ناخ و هەستی سویدی بینی و پێی خۆشحاڵ بووم. ئەمە لەوانەیە لەلایەن هەندێ پەناهەندەو سویدییەوە بە پاساوکردن دابنرێت.

بۆ ئەمە ئەتوانم تەنها شتێک بڵێم، من بۆ ئەوە نەهاتووم تا سووربم لەسەر ئەوەی نە زمانی سویدی و نە سویدم پێخۆشە. بۆ ئەوە هاتووم ژیانێک دروست بکەم لەناو ئەم خەڵکەداو بەم زمانە. نەهاتووم باشترین رێگا لە خۆم تێک بدەم، ئەویش پێخۆشبوونی زمانەکەو خەڵکەکەیەتی. بۆئەوەی بتوانم ئەو ژیانە دروست بکەم کە خۆم ئەمەوێت. لەوانەیە هەندێک کەس ئەم هەڵوێستەم بە دووڕوویی، یان ماستاوکردن لەقەڵەم بدەن، بەڵام خۆم وەک ئەو -بۆن-ە لێ ئەکەم کە لە گوندەکەمەوە بۆم ماوەتەوە. وا وتراوە ئەگەر چاکەی ئەو ماڵەی دەرگات بۆ ئەکاتەوەو داڵدەت ئەدات پێنەزانیت وەک ئەوە وایە ئاواتەخواز بیت خانووەکەی بەسەردا بڕوخێت. ئەم وتەیە ئەوەندە باوبوو لە گوندەکە بە جۆری تریش بەکارئەهێنرا، ئەگەر یەکێک رێزی ژنەکەی نەگرێت، ئەوە بەپێچەوانەی نموونەی خانووەکەوە هیوای ئەوە ئەخوازرێت ژنەکە بەسەر پیاوەکەدا نەکەوێ و لەگەڵی جووت ببێت .

ئاخر ئەو بۆچوونە باشانەی هەم بوو لەسەر سویدو سویدییەکان تێکەڵەیەک بوون لە خورەوشت و شوێنەواری جۆرە ژیانێک کە بە تەنها دروستم نەکردبوو، بەڵکو دێیەکەم تۆوەکەی تیادا چاندبووم، بۆیە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی لەسەریان بڕۆم و سوودیان لێ وەربگرم لە ژیانمدا.

لە ڕاستیدا هیچ هۆیەکی وا نییە تا جارێکی تر هەوڵ بدەی ئەوە بدۆزیتـەوە کـە پێـشتر مرۆڤایـەتـی سـەلماندویـەتـی و دایهێنــاوە. چینییەکان ڕاستیان کردووە کە ئەڵێن: "خەڵکی سادە لە هەڵەکانی خۆیان شت فێر ئەبن، بەڵام خەڵکی زیرەک لە هەڵەی کەسانی تر".

لەم وڵاتە نوێیەدا خۆم دوورەپەرێز نەگرتووە لە ڕەخنەگرتن، بەڵام قەناعەتم بەوە هەیە پێش ئەوەی ڕەخنە بگرم، ئەبێت مافی ڕەخنەگرتن بەدەست بێنم. دڵم بەوە خۆش نەبێت ڕەخنە لەسەر ئەو شتانەی سەرم لێ دەرئەچێت بگرم، هەمیشە لە تەقەلای ئەوەدام بنچینەیەکی بابەتی بۆ ڕەخنەکانم بدۆزمەوە.

من هەموو کاتێک تەریق ئەبمەوە لەبەرامبەر پرسیارێک لێم ئەکرێت. سویدی چۆنن؟ ئایا لە سوید بەختەوەرم؟ وە لەبەرچی؟ ئایا پیاوی سویدی لەناو جێگەدا باشن؟ لەگەڵ چەندەها پرسیاری تر.

چۆن وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدرێتەوە؟ بۆ خوا چۆن هونەری خۆشەویستیکردنی پیاوی سویدی بزانم؟ بۆ ئاگاداری لەگەڵ هیچ پیاوێکی سویدی نەخەوتوومە.

لەگەڵ ساڵاندا جیاوازییەکی گرنگم هەست پێ کرد لەنێوان سویدی و یۆنانیدا، بەڵام لەنێوان هەموو یۆنانی و سویدی نا.

سویدی بەگشتی پێویستی بە شوێنی فراوان هەیە. هەر زوو هەستم بەمە کرد. من و ژنەکەم یەکەم گەشتمان بوو پێکەوە، ڕۆشتین بۆ دوورگەی فۆرئوێ[11]. ئەو زۆری پێ خۆش بوو کەسی تری لێ نەبوو، تەنها من و ئەو. کەچی بەلای منەوە ناخۆش بوو هەر لەبەرئەوەی کەسی تری لێ نەبوو.

بەڵام وردەوردە خەڵکی تر پەیدا بوون. شتێکی خۆش بوو سەرنجم ئەدان چۆن شوێنەکانی خۆیان بەوردی هەڵئەبژێرن، چەند بۆیان بکرایە دوور لە یەکتر دائەنیشتن. نایانەوێت کەس بێزار بکەن و کەسیش بێزاریان بکات.

لە یۆناندا ئەمە بە کارێکی نەشاز دائەنرێت. پێت ئەڵێن بە تەنها چی ئەکەیت لەو دوورە خۆ کونەپەپوو نیت؟ وەرە بۆ ئێرە لەگەڵ ئێمە دانیشە وەک بونیادەمی خوا. یۆنانی تێکەڵ بوون و نزیکایەتییان پێخۆشەو حەزیان لە دوورەپەرێزی نییە.

[11]. دوورگەیەکی بچووکە لەسەر دوورگەی (گۆتلاند)، سەر بە سویدەو لە دەریای (بەلتیک) دایە.

لە ڕاستیدا ئەبێت ئەوە بڵێم هەموو یۆنانییەکیش وا نییە، یەکێک لەوانە خۆمم، بۆیە ئەم خووە سویدیە پڕ بە پێستم بوو. منیش پێم خۆش بوو بەلای کەمەوە چەند مەترێک دوور بم لەوانەی ترەوە.

کەسوکارو هاوڕێکانم لە یۆنان زوو هەستیان بەم خووە تازەیەم کرد، بۆیە ناوی (قنگ سارد) یان لێنام. بە مانای کەسێکی ساردوسڕ دێتەوە. بەداخەوە قنگ ساردی چارەنووسێکی خۆش نییە، چونکە وشەی تریش هەیە هەر بەم ناوەڕۆکە.

لە ئەنتیکدا باس ئەکرێت چۆن مایەی گاڵتەپێکردن بووە ئەگەر کەسێک بیویستایە بە تەنها بێت، هەر لەوێشەوە وشەی گێل و گێلایەتیمان بۆ ماوەتەوە. لە دێیەکەماندا هیچ کەسێک حەزی لە تەنهایی نەبوو. ڕەوشتی لەو جۆرە زوو دەرئەکەوت لەناو خەڵکەکەیدا. دەربڕینێکی تایبەتییان بەکار ئەهێنا لەمەڕ ئەمەدا. گوایە ئەو کەسەی حەزی لە تەنهاییە تەنها تاقەتی هەناسەی خۆی هەیە. کەسی واش لەگەڵیدا هەڵناکرێت.

ئەو جیاوازییە لەنێوان سویدی و یۆنانیدا هەیە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ یەکێکیان خەڵات بکەین و ئەویتر بخەینە لاوە؟ نەخێر لەگەڵ ئەوەدا نیم.

ئەگەر کەسێ پێی خۆش بێت مەودایەک هەبێت لەنێوان خۆی و کەسانی تر، ئەوە پێویست ناکات وەکو ماسی ناو قوتوو بە تەنیشت ئەوانی ترەوە بێت. ئەگەر یەکێکیش دڵی ئەوە نەخوازێت وەک ئەو

ماسییانە بەتەنیشت ئەوانی ترەوە بێت، ئەوە پێویستە قوتوویەکی گونجاوترو ماسییەکی گونجاوتر بدۆزێتەوە بۆ خۆی.

ئەڵتەرناتیڤێکی تر ئەوەیە فێری ئەوە بیت بە مەودایەکی کورترو نزیکایەتییەکی کەمتر لەگەڵ ئەوانی تردا بژیت. ئەمەیە پێی ئەوترێت چوونەپێشەوەو گەشەکردن، بەمانای ئەوەی مێشک ڕووبەڕووی شتی نوێ ئەبێتەوە، هەڵسەنگاندنی نوێ، ئاوات و ئارەزووی نوێ.

ئەگەر پەناهەندە ئامادە نەبێت بە سنگێکی فراوانەوە ڕووبەڕووی شتە تازەکان بێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەکەوێتە پەراوێزی کۆمەڵگاوەو پشتگوێ ئەخرێت. ئەگەر هاتوو کۆمەڵگایەکیش کە دەرگا لە خەڵکانی تر ئەکاتەوە ئامادە نەبێت ڕووبەڕووی ئەو شتە تازانە بێتەوە کە خەڵکی ئەیهێنێت لەگەڵ خۆیدا، مسۆگەر ئەو کۆمەڵگایە تووشی گیروگرفت ئەبێت.

ئەگەر بێتو سەرنجێکی سویدو پەناهەندەکانی بدەین چەندەها کێشەو گیروگرفت ئاشکراو لەبەرچاون. بەداخەوە ئەڵێم پێویست ئەکات ئەم جۆرە قسانە ئەبێت دووپات بکرێتەوە.

بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارە ناخۆشەی ناچارین بیکەین، ئایا کۆمەڵگای سویدی ئامادەیە ڕووبەڕووی شتە نوێیەکان بێتەوە؟

داوای پشوودرێژی لە خوێنەر ئەکەم، چونکە ئەو پرسیارە بە بەڵێ، یان بە نەخێر وەڵام نادرێتەوە.

لە ڕووکەشدا هاتنی پەناهەندە بۆ سوید ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سویدی گۆڕیوە. ئەگەر پێشتر تەنها باسرمە فرۆشراوە، ئەوە ئێستا دۆنەرو کەباب و تکەش ئەفرۆشرێت. ئەتوانیت نانی تایبەتی یۆنانی، فەرەنسی، فینلەندی و کولێرەی عەرەبییش بکڕی لەگەڵ چەندەها شتیتر.

با باسی ئەو گۆڕان و شتە تازانەی لەم سی ساڵەی دواییدا ڕوویدا لە گەڕەکی (ماریا تۆریەت)[١٢] بکەم لە ستۆکهۆڵم. ساڵی (١٩٦٨)

---

١٢. گەڕەکێکی ناو شاری ستۆکهۆڵمە.

بوو بارم کرد بۆ (فرێدمانسگاتان)[13] کە تەنها چەند شەقاوێ لە گۆڕەپانی ماریاتۆریەتەوە دوورە. ئەو کاتە تەنها سالۆنێکی قژبڕین، گەراجێک، ئوتێلێک، هەروەها سینەمایەکی لێ بوو. هیچ چێشتخانەیەکی لێ نەبوو. ئێستا دوو دووکانی قژبڕینی لێیە، ئەو کچانەی کاری تیا ئەکەن لە عێراق و ئێرانەوە هاتوون. چێشتخانەیەکی چینی، هەنگاری، ئیتالیشی لێ کراوەتەوە، هەروەها کافتریایەک کە خاوەنەکەی ژنێکی سەر بە دووکانێکی تری باسرمەو شوێنێکی ڕۆژنامەفرۆشیشی لێ کراوەتەوە.

لە مەیدانە گشتییەکەی ماریاتۆریەت خەڵکی بە هاوینان یاری بۆوڵ[14] ئەکەن و لەناو نافورەکەی تور[15] دا منالان خۆیان فێنک ئەکەنەوە. ئەم گۆڕانکاریانە زۆر بە بێدەنگی هاتن وەک بڵێی لە خەوندا ڕووی دابێت.

ژیانی ڕۆژانە پێکهاتەیەکی کراوەیە بۆ پەناهەندە، بۆیە لەم جۆرە نموونانە زۆرن. دەرگایەکی کراوەتر لەبەردەم پەناهەندەدا وەرزشە. (لودمیلا)[16] هەموو خەڵکی سوید باوەشیان بۆ کردبۆوە، ڕێزی لێ

---

[13]. کۆلانێکی گەڕەکی ماریا تۆریەتە.

١٤. یارییەکی باوە لە هاویندا، بە تۆپی ئاسن کە بەقەد تۆپی تێنس ئەبێت.

[15]. تور خوای بروسکە بووە لە سەردەمی ڤیکینگەکان/چەتەی دەریایی.

[16]. ژنە وەرزشەوانێکی ڕووسی بوو لە سوید لە یاری ئۆلۆمپی (١٩٩٦) مەدالیای زێڕینی وەرگرت لە ڕاکردندا.

ئـەگیـراو خۆشـیان ئـەویـست. دەرگایـەکـی تـری ئـاوەڵا هونـەرە، بەتایبەتیش هونەری تازەی مۆسیقای سەردەم.

دوای ئەوە هیچ نامێنێ و دەرگاکانی تر داخراون وەک سیاسەت، بانکەکان، کاری پاراستنی وڵات، پۆستە بەرزەکانی کۆمپانیاکـان، دەزگا ئەکادیمیەکان و خوێندنی باڵا، ڕادیۆو تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەکان، ئەدەب. پلەی وەرگرتن لەو جۆرە شوێنانەدا کەم و زۆر ئەگۆڕێن، بەڵام زۆر نا، لە ئەوپەڕی بەرزییەوە تا بەرزییەکی زۆر. ئەگەرچی کون و کەلەبەر جاروبار لەملاوئەولا پەیدا ئەبێت و ئەو دیوارانە درزی تێئەکەوێ تا پەناهەندەیە خۆی پێدا بکات. من یەکێکم لە ئەنجامی بوونی درزێ لە ژووری ئەدەبدا شوێنێکم دەستکەوتووە. ئەوەمان بیر نەچێت ئێمە باسی کون و کەلەبەر ئەکەین، ئەگینا بڕینی ئەو ڕێگا داخراوانە ئاسان نییە. کاتێکی زۆری ئەوێت تا بگەینە ئەو شوێنەی کەسێک بەناوی ئەحمەدەوە، یان نێبوسیان لە کۆمیتەی بانکێکی ئەسکەندناڤی، یان سویدی ببینین.

ئایا پەناهەندە چەند بەمە ئەتلێتەوە؟ بەڕای من زۆر نا، چونکە لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا کەم تا زۆر هەروایە. کام ڕێگا کراوەیە، یان داخراوە لەسەر پەناهەندە جیاوازی هـەیـە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکی تر، بەڵام لە هەموو شوێنێک هەیە.

سی ساڵی خایاند تا لەمە تێبگەم. گرفتی گەورە لەسەر ئەو ڕێگا داخراوانە ئەوەیە هیچ شتێکی دەرەوە کاریان تێناکات. گرنگ نییە

چەند ڕەخنەیان لێ ئەگریت باکیان پێ نییە. تەنها کاتێک نەبێت خۆیان بیانەوێت ئاوڕ لە ڕەنگدانەوەی کارەکانیان بدەنەوەو بیانەوێ بیگۆڕن. ئەمەش درەنگ، یان زوو هەر ڕووئەدات.

کڵێساکان لەلایەن پیاوانی کڵێساوە ڕیفۆرم کراو گۆڕانی بەسەردا هات، کارگەکانیش لەلایەن کرێکارەکانیەوە، بانکەکانیش لەلایەن کەسانی بانکەوە هەر بەو جۆرە شتەکانی تریش ئەگۆڕێت. چاوەڕێ بکەو بڕوانە. لەو کاتی چاوەڕوانکردنەدا ئەتوانیت لە باخچەکەت گوڵ بچێنیت. بۆنەکان بڵاو ئەبنەوەو هیچ شتێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت.

بەو جۆرە پرۆسیسی ئینتگراسیۆنی پەناهەندە بە سویدەوە هەر بەردەوامە، بەڵام بە بێدەنگی ئەگەرچی هەندێک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەر بە داخراوەیی ئەمێنێتەوە لە ڕوویاندا. بۆئەوەی ڕێ خۆش بکەین بۆ ئەو ئاوێتەبوونە ئەبێت ئارامیمان هەبێت. ئەبێت بە چەمکی دەیەها ساڵ بیربکەینەوە نەک تەنها ساڵێک، یان دووان.

یەکێک لە گرفتەکانی وتووێژکردن لەسەر هاتنی پەناهەندە بۆ سوید نەگرتنە بەرچاوی فاکتەری کاتە. ئێمە پێمان وایە شتەکان ناگۆڕێن. ڕۆژنامەکانیش جار نا جارێک جاڕ ئەدەن گوایە سوید کەم تا زۆر بۆتە وڵاتێکی ڕەگەزپەرست، یان دەرگای خستۆتە سەرپشت بۆ پەناهەندە.

ڕاستی ئەوەیە سوید هەمیشە لە گۆڕاندایە. هەروەها زۆربەی پەناهەندەش. کێشەش لە داهاتوودا لەناو ئەوانەدا دروست ئەبێت کە نایانەوێ بگۆڕێن.

ئەوانە کێن نایانەوێ بگۆڕێن؟

هەرچی جۆرە توندڕەوی و سەلەفی هەیە ئەگرێتەوە. لە توندڕەوی ئیسلامییەوە هەتا ڕەگەزپەرستەکانی سوید. پرسیار ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەمە؟

زۆر شت. پێم وایە هەموو جۆرێکی توندڕەوی لە ئەنجامی بوونی کەموکوڕییەکە لەلای خودی ئەو کەسە خۆی. ئەبێت هەوڵ بدرێت لەوە تێبگەین کەموکوڕی ئەو مرۆڤانە لەکوێدایە. ئەو کاتە ئەتوانیت ڕووبەڕوویان بیتەوە.

ئەکرێت شتی زۆر جیاواز بێت هەر لە گرفتی دەروونییەوە تا ئەگاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری. چارەسەرکردنیشی ئەبێت جۆراوجۆر بێت، هەر لە سەرپەرشتی و چاودێری، بەتەنگەوەهاتن هەتا گۆڕانی یاسا، لێرەداو لەم کاتەدا ئامادە نیم بچمە ناو ئەو وتووێژەوە، تەنها ئەمەوێت ئەوە بخەمە بەرچاو لە غەریبایەتی فێری ئەوە بووم بەشێوەیەکی لەخۆبوردوو بژیم، سەری نەوازش دانێم بۆ ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کار ئەکەن بۆئەوەی کۆمەڵگا زیاتر کراوەترو سنگفراوانتر بێت. ئەمە کارێکی ئاسان نییەو بە ڕۆژو دووان ناکرێت، بەپەلەش ناچێتە پێش، بەڵام هەر بەردەوامە. هەموو کاتێک هەروا بووە.

پێشتر باسی ئەوەم کرد زیندەگیکردن وەک بێگانە مانای وایـە کەسانی تریش تووشی ئەوە ئەبن لەگەڵ بێگانەدا بژین. ناوەڕۆکی ئەمە چیەو چی ئەگەیەنێت؟

هەرگیز ئەو ڕووداوەم بیر ناچێتەوە لە ساڵانی سەرەتادا ڕووبیا لە سوید. ئەو کاتە تازە لەگەڵ ئەو کەسەی بوو بە هاوسەرم ئاشنای یەکتر ببووین. ئێوارەیەک چووینـە دەرەوە بـۆ بارێـک، مـن بیـرەم خواردەوەو ئەویش شەراب، دانیشتبووین قسەمان ئەکرد. ئەمانویست زیاتر یەکتر بناسین و لە دنیای یەکتر تێبگەین.

پیاوێک کە هەر لە تەمەنی ئەوسای ئێمەدا بوو، نێوان بیست و پێنج و سی هاتە پێشەوەو دەستێکی خستە سەر شانی گـونیلـە، پاشان هێمایەکی کرد ڕوو لە من و پێی وت:

– *ئا ئەمەت* لەکوێ دۆزیوەتەوە؟

هەر ئەو پیاوە وایکرد پێنچ ساڵ دوای ئەوە دەست بکەم بە وەرزشی بۆکسێن و کاراتی، زۆرجاریش ئاوات ئەخوازم ڕۆژێک تووشی ئەو پیاوە ببمەوە تا ئەوەندەی تێهەڵدەم ناوی خۆی بیرچێتەوە، بەڵام ئەو کاتە زۆر لاواز بووم، کێشم نەئەگەیشتە پەنجاو شەشیش. لەدوای هاتنم بۆ سوید هەشت کیلۆ دابەزیم، ئەو پیاوەش دوو بە قەد من ئەبوو.

هیچم نەوت، هیچم نەکرد، ئەو گاڵتەپێکردنەیم وەک ناوکەیەکی وشک قووتدا. گونیلەش سوورهەڵگەڕاو ویستی ئەو هەستە ناخۆشە بە پێکەنینێکی دەستکردو کورت لە خۆی بتەکێنێ. لەدوای تۆزێ ئەو شوێنەمان جێهێشت و ڕۆیشتین.

ئەمە بۆ گونیلە چ مانایەکی هەبوو؟ ئەو لەگەڵ کەسێکدا هەڵسوکەوت ئەکات هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بە چاوی گومانەوە سەیری بکەن، هەر لە هاوڕێ و ناسیاوو خزم و کەسوکار، دایک و باوک، خوشک و برا. ئەبێت چەند وزەو توانای ویستبێت لەبەرامبەر ئەو هەموو کەسەدا تا پارێزگاری لەو هەڵبژاردنە بکات کە کردبووی، هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی. ئەبێت چەند جار تووشی دوودڵی بووبێت لەوەی ئایا هەڵبژاردنێکی دروستە یان نا. ئایا ئەو هەموو سەریەشەیە ئەهێنێت؟ نەک لەبەرئەوەی ئەو کەسە من بووم، نەخێر، بەڵکو لەبەرئەوەی کەسێکی بێگانە بووم.

ئەمە هەرچۆنێ بێت تـاڕادەیـەک ئاسـانە لێـی تێبگـەی، بـەڵام مەسەلەکە دیوێکی تری هەیە کە زۆر گرنگە، ئەویش بێگانەبوونم چەند کاری کردۆتە سەر هەڵبژاردنەکەی گونیلە. ئەو بەدوای چییەوە بوو کە لە سویدییەکانی دەوروبەری نایدۆزییەوە؟ کام بەشی ژیانی ئەو بە منی ئەخوارد؟ ئایا خەونی بەوەوە ئەبینی وڵاتەکەی خۆی جێبێڵێت؟ ئەیویست لە دەوروبەرەکەی ڕزگاری بێت؟ خـەونـی بـە ئەشقێکی بێ سنورەوە ئەبینی، لە مندا دۆزیەوە؟ یان بەپێچەوانەوە ئەیویست مەودایەک دروست بکات لەنێوان خۆی و ئەو کەسەی لە داهاتوودا لەگەڵی ئەژیت؟

ئەکرێت ئەمە بێ بەڵام مەرجیش نییە. لە ڕاستیدا خۆشم نازانم، هەرگیز ئەو پرسیارەم لێ نەکردوە لەبەر هیچ نا تەنها ئەوە نەبێت پێم وانییە خۆیشی بزانێت. زۆرجار بیرم لەوە کردۆتەوە ئەگەر لە شوێنی گونیلە بوومایە هەر ئاوهام ئەکرد یان نا؟

ئەگەر خۆم بناسم جۆرێکی ترم ئەکرد، بە ئەدگاری سروشـتیم لەوانەم ئەبێت هەموو شتێک بێ گرفت بێت، هـەڵـەم پـێ قبـووڵ ناکرێت و ناتوانم چاوپۆشی لە کەموکوڕی بکەم .

کە زۆر گەنج بووم وازم لە کچێ هێنا، هەرچەنـدە زۆرم خـۆش ئەویست تەنها لەبەرئەوەی لە نووسیندا هەڵەی ئەکرد. نەمتـوانی چیتر لەبەرامبەر هەڵەی ناو نامە دڵداریەکانی بـوەسـتم کـە بـۆی ئەناردم، ئیتر چۆن بتوانم لەگەڵ کەسێکدا بژیم بە زمانێکی شڕوشەق

قسه بكات، شتی هەڵە بڵێ لە كاتی هەڵەدا، بەهەڵە لەگەڵ خەڵكیا بدوێت؟ ئاوها بووم كاتێك گونیلەم ناسی.

دان بەوەدا ئەنێم و بە خۆشحاڵییەوە شانازی ئەكەم بە ئازایەتی و بڕوا بەخۆبوونی ژنەكەم كە لەو كاتەدا نیشانی دا، بڕوا بەخۆبوونێكی بێباكانە بوو.

ئەوەی ڕوویدا گەورەمان نەكردەوە. قەیدی نییە با بڵێن لەبەرخاتری بوونی (ئامور)[17] بوو لەوناوەدا.

ئەتوانین وا بكەین، بەڵام تا ئێستا ناتوانم و نەمتوانیوە قەناعەت بە خۆم بێنم كە ئێمە بەڕێكەوت ئاشقی یەكتر ئەبین. ئێمە هەڵبژاردنێ ئەكەین هەڵبژاردنێكی بێ ڕادە ئاڵۆز، هەندێك بەشی ئەو هەڵبژاردنەش زۆر كات بە شاراوەیی ئەمێنێتەوە.

ئەشبێت هەڵبژاردنەكەی گونیلە وەك سیمبولێ سەیر بكرێ، سیمبولی ئەو كچەی حەز لە بێگانە ئەكات. هەروەك جاسۆن و مێدیا، سێسیوس و ئاریاندە، پاریس و هێلێن، ئەمانە كەسانی ناسراوی ناو ئەفسانەكانن. ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە كەسە بێگانەكە وەك كەسەكەی تر ئاشق نابێت، بەڵام منی بێگانە وابووم.

ئەكرێت هەمان پرسیاریش لە من بكرێت بۆ ئاشق بووم؟

---

[17] . ئامور خودای خۆشەویستییە لە میتۆلۆجی یۆنانیدا.

بۆ ژنێکی سویدی؟ بۆ کچێکی جوانی یۆنانیم نەهێنا لە یۆنانەوە وەک زۆربەی ئەوانی تر کردیان و ئەیکەن؟ تۆ بڵێی هەنگاوێکی تر بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕابردووم، یان دروستکردنی مەودایەک بوو لەنێوان خۆم و هاوسەرەکەم؟

لەوە ئەچێت ئەمەی دوایی بێت، بەتایبەتی کاتێک خۆم ئەبینم چۆن ئەو پەیوەندییە نزیکانەی گیانیان بەسەر یەکەوە دەرئەچێت کارم تێئەکات.

بۆ چەند ساڵێ ئەچێت هەموو ڕۆژێک تووشی ژن و پیاوێکی پیر ئەبووم. پیاوەکە خانەنشینەو ژنەکەی کار ئەکات. پیاوەکە هەموو ڕۆژێک ئەچێت بۆ وێستگای شەمەندەفەرەکە چاوەڕێی ژنەکەی ئەکات، پاشان دەست لەناو دەست بەدەم قسەکردنەوە بەرەوماڵەوە ئەگەڕێنەوە. ئەوەندە شیرینن پێکەوە کە ئەیانبینم خەریکە زراوم ئەتەقێت، بەجۆرێ شپرزە ئەبم هەناوم خەریکە وەک دوو ماری لەیەک ئاڵاو پێچی پێدا دێت. هەموو کاتێ دەستت لەناو دەستی ئەو کەسەدا بێت کە لەگەڵی ئەژیت لە توانای مندا نییە. لەوانەیە هەناسەم پێ نەدرێت ئەگەر ئاوها بژیم. یەکەم پەیامم بۆ ئەو کەسەی لەگەڵی ئەژیم ئەوەیە:

من تۆ نیم، تۆش من نیت. مێشک و لەشی خۆم هەیەو هی منن، تۆش مێشک و لەشی خۆت هەیەو هی تۆن. گۆرانییەکی ناسراوی

فەڕەنسی هەیە ئەڵێت نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم و تۆ لەکوێوە کۆتایی پێبێنیت. ئای خودا!

ئەگەر لەو دیدەوە تەماشای بکەین لەپڕێکدا وا دەردئـەکـەوێـت نامۆییبوون مەرجێکی پێویستە بۆئەوەی ڕاستی خۆتت بۆ دەرکەوێت و بتوانیت خۆت بیت.

## ٢٠

لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکی کۆنی یۆنانیم میوان بوو لەگەڵ کچەکەیا. بۆ بیست ساڵ ئەچوو کچەکەی ئەو ژنەی هاوڕێم نەبینیبوو. کاتێک باسی ئەوەمان کرد کە دواجار بە قژی کورتەوە بینیبوومە، بەبێ سڵکردنەوە یەکسەر وتی:

– کەواتە ئەبێت (١٩٧٩) بووبێت، چونکە تەنها ئەو ساڵە قژم کورت بوو.

لەم بیست ساڵەدا کچێکی گەنجی جوانی قژدرێژی لێ دەرچوو بوو، پێستێکی گەنم ڕەنگ و خاوەن کارێکی پڕ لە ئەرک بوو. دکتۆری (ئێس ۆ ئێس)[18] بوو لە (جنێڤ). لەبەرئەوەی باوکی لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان کاری ئەکرد ئەم کچە لە چەندەها وڵاتی

---

[18]. Save Our Soals کورتکراوەی زۆر تەنگانەو کتوپڕ.

جیاواز گەورە ببوو. زمانی فەرەنسی، ئینگلیزی، یۆنانی، ئیسپانی، ئیتالی، هەروەها ئەڵمانی ئەزانی. هەستی بە نامۆبوون نەئەکرد لە هیچ شوێنێک و هیچ شوێنێکیشی بە ماڵی خۆی نەئەزانی. لەپڕێکا وتی:

– من تێئەگەم بۆ مرۆڤ کەسێکی بێگانە هەڵئەبژێرێت. ئەو جارێ شووی نەکردبوو.

– بێگانەکان ونن لە دنیادا، بەڵام پەریزادە خاوەنی دنیای خۆیەتی، بڕیار لە دەستی ئەودایە. ئەو بێگانە لە خۆی ئەگرێت و بە جیهاندا ئەیگەڕێنێت، ئەیکا بە هی خۆی. بێگانەکە تاڕامەیەک ئەبێتە دروستکراوی دەستی شازادە، بەڵام بەیەکجاری ناتوانێت داگیری بکات. شازادە وا ئەزانێت بێگانەکە هەرامەیەک لە کۆڵەکەی دڵیە ئەو بۆ خۆی لێی بێبەشە. بێگانەکە سەرەڕۆیەو ئەوێرێت، ئەگەریش دەستێ بە ڕوومەتدا بێنێت وەک ئەوە وایە سەرلەنوێ لەدایک بێتەوە. هەربۆیە ژنە زیرەکەکان هەمیشە بێگانە سەرنجی ڕاکێشاون.

(پێنێلۆپە) کە چاوەڕوانی ئۆدیسیۆسی ئەکرد، زیرەکترین ژنی دنیا نەبوو، بەڵکو ژنێکی وا بوو لەوانەی پیاو ئاواتی بۆ ئەخوازێت. پێنێلۆپە هەرگیز وەک خۆی لێ نەهاتەوە، بەڵام دڵسۆزی ئۆدیسیۆس بوو بەپێی گێڕانەوەی هۆمیرۆسی کوێر ئەگەر بڕوای پێ بکەین.

ئەمە لێکدانەوەیەکی نوێ بوو، تۆزێکیش فێمێنیستانە، پێم سەیر نییە ئەگەر ژنان هەمیشە هەر فێمێنیست بووبن. لە چێشتخانەیەکی

ئیتاڵی دانیشتبووین و نانمان ئەخوارد لەناو شاردا، هاوڕێکەم تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو، بەڵام لەپڕێکدا دەستی بە قسەکردن کرد.

– کاتێک گوێ لەو گفتوگۆیەی ئێوە ئەگرم زۆر شت هەیە ئێستا لێی تێئەگەم کە پێشتر درکم پێ نەکردووە.

ژنەکەی هاوڕێم شووی بە پیاوێکی ئـەمریکـی کردبـوو، ئێستا جیابوونەتەوە. کەواتە ئەو بێگانەی خۆی دۆزیەوەو ونیشی کـرد، یاخود لێی گەڕا بڕوا بە ڕێی خۆیدا. ئەو تەنها بە بێگانەیە شووی نەکردبوو، بەڵکو وڵاتەکەی خۆی لەدەمێکەوە جێهێشتبوو.

– هاوڕێکەم وتی هەرچۆنێک بێت دڵدانەوەیەکە کە ژیانی خۆت لە ڕووناکی ئەفسانەکاندا ببینی، بەڵام ئەترسم پیاهەڵدانێکی زیاد لـە پێویست بێت.

– بە چ شێوەیەک؟ کچەکە بە دەمی پڕ لە خواردنەوە لە دلیکی پرسی.

– کە ببی بە بەشێک لە ئەفسانە وەک ئەوە وایە ببی بە بەشێک لە شتە بێماناکان. ژیان زۆربەی کاتەکـان لـە وردەواڵـەی بێمانـا پێکهاتووە، وەک ئەوەی مناڵێ دروستکەی لە کاتێکدا مەستی، یان کەسێک بناسیت کتومت ئەو کاتەی ئەتەوێت بچی بـۆ سـینەمـا، چەندەها شتی تری لەو بابەتانە. بەیانییەکیش لە خەو هـەسـتی ئەبینیت ئەو کەسە بێگانەیەی لەگەڵی ئەژیت بەڕاستی نامۆیە پێت.

ئەو کاتە هیچ ئەفسانەیەک یارمەتیت نادات، بەڵکو پارێزەرێکی لێهاتوو باشتر بەهاناتەوە دێ!

هەندێک شت هەیە لەم ژیانەدا لەگەڵ کاتدا فێری ئەبین. یەکێ لەوانە ئەوەیە هەندێ گفتوگۆ بەوە کۆتایی دێت.. بەشداربووەکان بە سەرو ماڵ پارێزگاری لەو جۆرە ژیانە ئەکەن خۆیان هەڵیان بژاردووە. ئەمەی ئێمە لەو جۆرە گفتوگۆیانە بوو. کچەکەی لە بێگانەییبوونا جۆرێ لە خۆهەڵکێشانی ئەبینی، منیش جیاوازییەکم لەنێوان هەڵوێستی کچەکەو دایکەکە ئەبینی.

ئەمانتوانی تا بەیانی بەو جۆرە دانیشین و بدوێین بێئەوەی بگەینە خاڵێکی هاوبەش، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت هەرسێکمان ڕاست ئەکەین.

## ٢١

کاتێک لە چێشتخانەکە هاتینە دەرەوە باران بە شەستە ئەباری. لە یۆنان بەم بارانبارینە ئەڵێین (پشیلە ئەبارێت). بەرێگاوە بووم بەرەو وێستگەی شەمەندەفەرەکە ئەرۆیشتم، خەیاڵیشم لای قسەی کچەکەی هاورێم بوو. لە سەرەتاوە بەلامەوە شتێکی ئاسایی بوو بێئەوەی بیری لێ بکەمەوە کاتێ وتی: "هەرگیز بە یۆنانی خۆشەویستیم نەکردووە، ئاخۆ ئەبێت چۆن بێت!"

من و دایکی هەردووکمان ئەمانتوانی بۆی باس بکەین، هەریەکەمان لای خۆیەوە بە یۆنانی ئاشق ببووین.

هەوڵم دا تاقیکردنەوەی خۆم لە خۆشەویستیی یۆنانی کۆبکەمەوە، لەهەمانکاتیشدا بۆ پەنایەک ئەگەڕام لە ترسی بارانەکە.

بێگومان شتێکی حاشاهەڵنەگرە خۆشەویستیکردن بە زمانی خۆت شتێکی تایبەتییە. لەوەئەچێت سروشتیترین شت بێت. مرۆڤ

گیانێکی هەیەو ئەو گیانەش زمانی خۆی هەیە. کاتێک وەک بێگانە ئەژیت، ئەبێت زمانێکی تر بۆ گیانت پەیدا بکەی. ئەمەش ئاسان نییە، هەستەکان دوای هەندێ شوێنەوارو وێنە ئەکەون کە بێ زمانن.

خۆشەویستیی یۆنانی بەوە ناسراوە تیایدا وشە زاڵ و سەروەرە، بە وشە خۆشەویستەکەت ئەکەی بە منداڵێک کە نازکێشانی ئەوێت. ئەوەی ئەو وشانە بەکاردێنێت بەرپرسیاری ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە ئەگرێتە ئەستۆ. لێرەدا مرۆڤ هەوڵ ئەدا بیسەلمێنێت، نیشانی دا چەند بەرامبەر خۆشەویستە لەجیاتی ئەوەی کەسی ئاشق هەستی خۆی دەربڕێت کە چەند ئاشقە.

لە زمانی سویدیدا شێوازێکی تر ئەگریتەبەر، لێرەدا زۆر گرنگە ئەوە نیشان بدەیت کە تۆ چەند ئەشقت هەیە بۆ ئەو کەسەی خۆشت ئەوێ.

ناوەڕۆکی ئەو جیاوازییە بێمانا نییە لەنێوان ئەو دوو جۆرە ئاشقبوونە. دراما سویدییەکە ئەگاتە لووتکە کاتێ خۆشەویستییەکە ئەمرێت و هەستی خۆشەویستی تەواو ئەبێت. ناتوانی خۆشەویستی بدەی بە کەسێک هەستت بۆی نەبێت. هەموو ئەزانین هەستەکان دێن و ئەڕۆن. پێویست ناکا خۆبەخۆ وەریبگری. کاتێ یەکێ خۆشەویستی بۆت نەمێنێ، پەیوەندیی تایبەتی بە تۆوە نییە، بەڵکو ئەو کەسە هەستی خۆشەویستی تێدا نەماوە. ئەگەرچی ئەمە هیچ لە ئازاری

جیابوونەوەو دابڕان کەم ناکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو کەسە داماوە هەستی خۆشەویستی تێدا نامێنێ.

دراما یۆنانییەکە جیاوازە، لەو شوێنەوە دەست پێئەکا کە سویدییەکە کۆتایی دێت. کاتێ یۆنانییەک گەیشتە ئەو شوێنەی خۆشەویستەکەی خۆشی ناوێی، وا لێکی ئەداتەوە ئەو خۆی شایانی ئەو خۆشەویستییە نییە، بۆیە زۆر ئەستەمە ئەگەر یەکێ پەسەندت نەکات، خەمەکە هەر ئەوە نییە خۆشەویستەکەت تۆی ناوێ، بەڵکو تۆ خۆت هەست بە بێ نرخی خۆت ئەکەیت.

ئالێرەوە کاری تۆڵەسەندنەوە دێتە ئاراوەو ئەبێت بە بەشێک لە خۆشەویستیی یۆنانی. ئەمە بەئاشکرا باس ناکرێت. ئەو کاتەی گەنج بووم لە یۆنان هەفتە نەبوو لە ڕۆژنامەکاندا ئەوە نەخوێنمەوە چۆن ئەو ژنە دڵشکاوانە دەرمانی سوتێنەریان کردووە بە دەموچاوی خۆشەویستەکانیاندا، هەندێکجاریش لە بێ هودەییدا بە دەموچاوی خۆیاندا.

تۆڵەکردنەوەی پیاوان لە ژنان زۆر وەحشییانەتر بوو، ئەوان چەکی جۆراوجۆریان بەکار ئەهێنا، لەوانە چەقۆ زۆر باو بوو. جارجاریش گوێت لێ ئەبوو ئەوترا (وەک بزن سەری بڕیوە).

هەموو ئەمانە وای لێکردم حەزو گەرمیم نەمینێ بۆ خۆشەویستیی یۆنانی، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێم وابوو زیرەکییە خۆتی لێ لادەیت، تەنانەت (پلاتۆن)یش چەندین بەڵگە ئەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی وا

باشتره لەگەڵ کەسێکدا بژیت ئاشقت نەبێت وەک لەوەی لـەگـەڵ یەکێکدا بژیت ئاشقت بێت. لەبەر هیچ نەبێـت لـەبـەرئـەوەی زۆرن لەوانەی ئاشقت نین.

بەشێوەیەکی تر لە خۆشەویستی یۆنانیدا ئـەبێـت شـتێک گـل بـدەیتـەوە وەکـو ئیحتیـات، ئـەمـە لـەگـەڵـی دروسـت کـراوە. لـە سویدییەکەدا وا نییە، بەهەرحاڵ ئەوەندەی لێی تێگەیشتووم. ئەو جیاوازییەش لەنێوان خۆشەویستی یۆنانی و سویدیدا کـارتێکردنی خۆی هەبووە لەسەر ژیانم لە سوید، لێرەدا نامەوێت باسی بکەم بە چ شێوەیەک، چونکە زۆر تایبەتین. بەگشتی ئەتوانم بڵێم هەمیشە لە پێشبڕکێی خۆشەویستیدا کەوتوومەتە لایە هەڵەکەوە. وا تەماشا کراوم کەمتر خۆشەویستیم دەربڕیوە کەچی لای خۆم بەپێچەوانەوە، زۆرم دەربڕیوە.

زۆر شت هەیە درکی پێ ناکەیت کاتێک وڵاتەکەی خـۆت جـێ ئەهێڵیت. لەو بڕوایەدا نیت هەر لەوێوە بنەمای چەندەها شت لەگەڵ خۆتدا هەڵئەگریت، چەندین شوێنەوارو وێنە هەیە لەناو ڕۆح و گیانت کە لێت جیانابێتەوە. ئەمانە لە کۆتاییدا وات لێ ئەکەن ببیتە نامۆ لە وڵاتە تازەکە. کاتێکیش وەک نامۆ نەمایتەوە، ئەوە ئەبیتـە نـامۆ لەبەرامبەر خۆتدا، ئەو کاتەش لە هەموو شوێنێک نامۆیت.

## ٢٢

بەهارو پاییزی ساڵی (١٩٩٩) چەند سەفەرێکم کرد بەناو سویددا. لە باشوورەوە بۆ باکوور. شوێنی وام بینی هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم هەیە. وڵاتێکم بینی لە گۆڕاندا بوو. کێ بڕوا ئەکات خۆشترین زەڵاتەی تەماتەم لە ڕێستۆرانتی (ئانە) خواردبێت لە ناوچەی (ڕێتڤیک)، یان بەتامترین ماسی لە میوانخانەی (ماتس) لە شاری (سترێمسوند)!

سویدییەکان فێری خواردن دروستکردن بوونە، ئەمەش پەیوەندی بەو بەشە تایبەتییەوە هەیە کە لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا کراوەتەوە بۆ خواردن دروستکردن، بەشێکی تریشی ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی پەناهەندە لەم وڵاتە.

ئەو سەفەرانەم بەناو سویددا سوودی زۆری هەبوو ئەگەرچی حەوسەڵەم کورت بوو بۆ ناسینەوەی جۆرەها گوڵ و گژوگیاو

داررودرەخت. وەک چێشتی مجەوری تێکەڵ ئەبوون لەلام و نەمئەتوانی بەباشی دارسنەوبەرەکان لێک جیابکەمەوە. لە یەکێ لەو سەفەرانەمدا دارێکی زۆر گەورەی بەهێزو بەرزم بینی، بەئاسماندا چوو بوو، وەک سوارەکانی سەردەمی ناوەڕاست، غەمگین، وەک شەڕکەرەکانی خاچ. ئەو دارە سنجووی ناو دارستان بوو، بۆ یەکەمجار ئەو دارەم لە شەوێکی پڕ لە ئەستێرە بینی. بەڕێوە بووم بەرەو (فرێمەستاد)[19]، ئەو شوێنەی هەرێمی خوارووی ڕۆژئاوای (بوهیسلاند) بەهێواشی ئەبوو بە هەرێمی ڕۆژئاوای (ڤێستەریۆتلاند).

بەڵێنم دابوو لەم سەفەرانەمدا بە بەردەوامی تێبینیەکانم بنووسمەوە. لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەکەڵکم بێن ئەگەر هاتوو شتێکم نووسی لەسەر ئەم سویدەی بە چەرمەسەرییەوە کردومەتە وڵاتی خۆم. بێگومان ئەو بەڵێنەی خۆم نەگەیاندە سەر. تا ئێستا هەرچی بەڵێنم بە خۆم دابێت شکاندوومە. هەرچۆنێک بێت لەم خاڵەدا دڵنیام، هیچ کەسێک بەقەد خۆم دڵی نەشکاندوم.

بەڵام لیستێکم کرد لەناو ئەو شوێن و ڕووداوانەی لە مێژووی سویددا هەن و پێم وایە شایانی ئەوەن بخرێنە ناو توێی کتێبێکی تەواوەوە.

---

١٩. فرێمەستاد، بوهیسلاند، ڤێستەرلاند چەند شارێکی بچووکن، کەوتوونەتە ڕۆژئاوای سویدەوە.

له دەوروبەری ستۆکهۆڵمدا هەندێک شوێن هەیە خەیاڵی بێ سنورم پاراو ئەکەن، پڕ بەدڵ حەز ئەکەم بیانکەم بە ڕۆمانێک. یەکێک لەوانە ناوچەی (سلاکت هیوس)ە[٢٠]. لە سەرەتای حەفتاکاندا بوو بۆ یەکەمجار هاتمە ئەم بەشەی ستۆکهۆڵم، ئەوکاتە تازە یەکەم ئامێری چاپکەرم پەیدا کردبوو. لەدوای ماوەیەک ئامێرەکە خراپ بوو وەستایەکم لەو نزیکانە دۆزیەوە بۆ چاکردنی. کاتێک وشەی ناشیرینی سلاکت هیوس-م بینی یەکسەر خەیاڵم چوو بۆ لای قەسابەکەی دێیەکەمان. ئەو پیاوە هەمیشە کۆمەڵێک مێشومەگەز دەوریان دابوو. زۆر حەزیان لە بۆنەکەی بوو، تەنانەت بۆ ناو کڵێساکەش لە کۆڵی نەئەبوونەوە. کاتێک قەشەکە نوێژی بەسەردا ئەخوێندو نیشانەی خاچی ئەکرد بۆ پیرۆزکردنی، ئەیوت: "کوڕی خۆم پیرۆزیت بەراورد ئەکرێت بە پیرۆزی (فرانسیسکۆس ئاڤئاسیس)ی قەشە، ئەو ئەیتوانی لەگەڵ باڵدارەکاندا بدوێ و تۆش لەگەڵ مێشەکاندا."

ئەم ناوچەی سلاکت هیوسە لەلایەکەوە بیرکردنەوەی ئەبردم بۆ پیشەسازی سەردەم و لەلایەکی تریشەوە بۆ ڕۆحیانەتی سەردەمی ناوەڕاست. وەک بڵێی لێرەدا گۆشت بابەتە هاوبەشەکە بوو.

---

[٢٠]. شوێنێکی پیشەسازییە، کەوتۆتە باشووری ستۆکهۆڵمەوە- گەورەترین قەسابخانەی ستۆکهۆڵمە.

کرێکارانی ئێستای قەسابخانەکە لە شوێنی پیاوەکانی کڵێسا. لـە زەویەکەشدا جۆگەلەی خوێن شۆڕ ببۆوە هەروەک مارێکی خەواڵوو، بریقەی ئەهات، ئەتتوانی خۆت لەناو خوێنەکەیدا ببینـی. هـاواری مەمنونی بۆ شوێنێکی ئاوها کە لەجیاتی ئێمە بیر ئەکاتەوەو بیرمان ئەکاتەوە. ئەگینا ستۆکهۆڵم وەک تاجێکی دڕکاوی لێ ئەهات بۆم و گرێم ئەدا بەو چەند ساڵی تەنهایی و ناخۆشییەی ئەو کاتە کە خۆی دابوو بەسەر هەست و بیرکردنەوەمدا.

تەنانەت هەستەکانیش شێوەی تایبەتی خۆیان هەیە لە جووڵەدا. ئاشقبوون وەک سپرینتەر[21]ـێ وایە تادێ پەلەترو بەگوڕتر ڕائەکا تا ئەگاتە شوێنی مەبەست، هەر لەوێش کۆتایی دێت.

هەستی تەنهایی لە ڕاکەرێکی ماراتۆن[22] ئەچێ هـەنگـاوەکـانی هاوسەنگن، بێ پەلەکردن لەگەڵ بڕینی هەر کیلۆمەترێکدا لە خاڵی مەبەست نزیک ئەبێتەوە. بێ هەڵەشەبوون ئەگاتە خاڵی کۆتایی، بەڵام ئەوە کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتایە.

هەستی تەنهایی فێری ئەوەت ئەکات بە تەنیـشت دیـوارەکانـدا بڕۆی، لە خەڵکی دوورکەویتەوە، لەگەڵ خۆتا قسە بکەی، سەیری

---

[21] . ئەو کەسە ڕاکەرەیە بەوپەڕی خێرایی ڕائەکا بۆ ماوەیەکی کورت.

[22] . پێشبڕکێیەکی ڕاکردنە، مەوداکەی (٤٢ کیلۆمەترە، سەرچاوەکەی لە یۆنانەوە هاتووە).

خۆت نەکەی لە ئاوێنەدا، ئەخەویت بێئەوەی خەو ببینی، بێ هیواش لە خەو هەڵئەستیت.

ئەو هونەرانە لە ستۆکهۆڵم فێر بووم. لە کۆتاییشدا ئەو شارە بوو بەماڵم. ماڵێک کە زۆربەی دەرگاکانی داخراوە. هەست ئەکەم چی لە پشتی ئەو دەرگایەنەدا ڕووئەدات، بەڵام بەشێک نیم لەو ڕووداوانە، تەنانەت سەیرکەرێکیش نیم. بەکورتیەکەی لە دەرەوەی ئەو دەرگایانە وەستاوم.

کە گەنجتر بووم لە هەندێک لەو دەرگایانەم دا، هەندێکجاریش پیامدا کێشاوە. ئێستا وازم لەوەش هێناوە. سەرەنجام نازانم کامیان خراپترە: لەو دیوی دەرگاکانەوە بیت یان ئەم دیوی.

ئەمە دوا قۆناغی کاروانسەرای غوربەتە. کاتێک هیچ ئامێرو پێکارێک شک نابەی تا ژیانی خۆتی پێ بخەملێنیت. ئەمە لەوە ناچێت گرفتێکی گەورە بێت، بەڵام لای من کێشەیەکی گەورەیە، چونکە هێدی هێدی ئەو وێنەیەی لەسەر خۆت هەتە تەنها شتێکە ئەمێنێتەوەو نافەوتێت.

٢٣

جاری وا هەیە نـازانی نـامۆیی چییـەو چۆنـە لـە هـیچ کـون و کەلەبەرێکیشەوە هەست بە بوونی ناکەی.

پـاییزی ڕابـردوو بـوو لـە بـەیانییـەکـی ئۆکتۆبـەردا لـە شـاری (یۆنشۆپینگ)ەوە لێم خوڕی بۆ ستۆکهۆڵم، بەو ڕێیەدا تێپەڕیم کە لایئەدا بۆ دوورگەی (ڤیسینگوێ). لەم ساڵانەی دواییدا لەوانـەیـە سی جار زیاتر بەو ڕێیەدا تێپەر بووبم، هەموو جارێکیش وتوومـە ئەمەوێت ئەو شوێنە ببینم. کەچی هەر بەسەریدا بازم داوەو وتوومە با بمێنێ بۆ جارێکی تر.

ئەمجارەیان وام نەکرد. پێش ئـەوەی بیـر بکـەمـەوە خێـرا لـە ئۆتۆبانەکە لامدا هەتا گەیشتمە دەربەندی گرێنـە، لـەوێـشەوە بـە کەشتییەک پەڕیمەوە بەرەو دوورگەکە. هەموو ڕێگاکە نزیکەی نیو کاتژمێری خایاند.

تاوتاو نەرمەباران ئەباری. لەو نێوانەشدا هـەتـاو وەک حـاجی لەقلەقێک لەناو تەمدا سەر دەربکات ئاوها دەرئەکەوت. پـڕ بـەدڵ حەزم لێبوو سەبیلەکەم پێبکەم، بەڵام جگەرەکێشان قەدەغە بـوو لەناو کەشتییەکە.

ئەرێ بیرم لە هیچ ئەکردەوە؟

نەخێر! هەرچەندە خۆشحاڵ و دڵخۆش بووم، وشە بیرکراوەکان و هێماکان لە قووڵایی ناخمەوە سەریان هەڵهێنایەوە. سروشتەکە وەک چرپینی گۆرانییەکی ئۆپێرا درێژەی هەبوو. شنەیـەکـی خۆشـی لـە ڕووناکیەکەدا بوو وەک خەرمانێک ئاگر بگرێت ئاوها بەدوای یەکدا ئەهاتن.

بەو خۆشی و ئەسپاییەوە لێم خوڕی هەتا گەیشتمە کۆشـکی (نێس) کە کەوتبووە لای تەپۆڵکەی باشووری دوورگـەکـە. هـیچ کەسێک لەو ناوەدا دیار نەبوو. لە دەنگی شەپۆلەکانی دەریاچەی ڤێتەن نەبێت گوێت لە هیچ شتێکی تر نەئەبوو. ئـەو نیـشانەیـەم خوێندەوە وا زانیاری لەسەر نووسرابوو لەمەڕ کۆشکەکە، لەسـەر ماگنۆس لادولۆس و خۆشەویستەکەی. دوایی بە پەیژەیەکا چوومە ژوورێکی بچووکترەوە.

زۆر بە بێدەنگی ئەجووڵامەوە هەروەک هەموو جارێک کە خۆم لە شوێنێکی نامۆ ئەبینمەوە. نەمئەویست کەس هەستم پێبکات، بەڵکو ئەمویست خۆم گوێم لە کەسی تر بێت.

بێدەنگییەکەم وایکرد ئەو کوڕو کچە گەنجە ئەڵمانییە هەستیان بە بوونم نەکرد لەوێداو بەردەوامبوون لە ماچومووچی خۆیان. کچەکە خۆی لار کردبۆوە بە قەراغ پەنجەرەکەداو وەک ئەوەی بیەوێ کوڕەکەو دەریاچەکەی خوارەوە بخواتەوە.

لەسەرخۆو بە بزەیەکەوە گەڕامە دواوە، کوڕەکە لەوە ئەچێ زۆر پەلەی بووبێ، چونکە جانتاکەی هەر بە پشتەوە بوو. ئەی باشە چۆن زانیم ئەڵمانین؟ لەڕاستیدا گوێم لە کچەکە بوو وتی: "ئێس ئیست گۆتەس گێسێگنەت" ئەمەش مانای ئەوەیە، ئا ئەمە شتێکی خوداییە، لەوانەیە مەبەستی خۆشەویستییەکەیان بێت یان سروشتەکە.

ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لەو ڕۆژانەی خوای نووسین بە تەنیشتمەوە بوو، دەستی بۆ درێژ کردبووم، تەزووەکانی ڕاموسانم بیرکەوتەوە، پێستم مووچوڕکی خۆشی پێدا ئەهات، پێم وا نەبوو جارێکی تر ئەو هەستانەم بۆ بێتەوە. هەستێکی هێمن هەروەک هەڵمی سەر دەریاچەکە وابوو، بەڵام لەپڕێکدا لە جاجمێکی زبری ئاڵاندم و ئەو ئازارەی بەئاگا هێنایەوە کە خەمی هەموو نووسەرێکە.

"هەرگیز ناتوانم شتێکی ئەوەندە جوان بنووسم!"

بەئاگاهێنانەوەی هەستێکی لەو شێوەیە ویستی نووسینت کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەهێزتری ئەکات. تێگەیشتن لەوەی مرۆ هەموو کارێکی پێ ناکرێت لە ترس و لەرزی سەرنەکەوتنی کەم

ئەکاتەوە. وەک ئەوە وایە باڵەکانت بشکێت، بەڵام ڕێگە لەوە ناگرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانیت بفڕیت.

ئەو هەستەم جارێ کۆتایی پێ نەهاتبوو کاتێک بیرێکی کتوپڕ بە مێشکمدا هات هەروەک هەنارێک دەم بکاتەوە لەبەر تیشکی هەتاودا.

(وشەکان بەرجەستەترن لە ژیان). کاتێک ئەنووسم.. هەمیشە بەهێزی و پێکەوەبەستراوی وشەکان بەشەڕ دێن لەگەڵم و بەرگری ئەکەن لە خۆیان. ئێستا تێئەگەم کە وانییە، مەبەستم ئەوە نییە وشەکان بێ بایەخن و کەم ئەڵێن و کەم دەرئەبڕن، بەڵکو بەپێچەوانەوە وشەکان زۆر ئەڵێن.

باشە چۆن بتوانم وەسفی ئاوێتەبوونی ئەو دوو لەشە گەنجە بکەم بە هەمان حەزو سروشت؟ ئایا ئەتوانم باسی ئەوە بکەم چۆن ڕانی کچەکە تیشکی ئەدایەوە لەو ڕۆژە نیمچە تاریک و پاییزەی ئۆکتۆبەردا؟ هەر وشەیەک بنووسم بینینەکەم ڕوونترو کۆنکرێتتر ئەکات لەبەرامبەر ئەوەی لە ڕاستیدا بینیم. ئەگەر نا خۆ نایەم باسی (سمتی کچەکە)، یان (قنگی تووکاوی کوڕەکە) بکەم.

ئالێرەدا گەیشتمە ئەوەی کاتێک مرۆ هەر وشەیەک بەکار ئەهێنێت وەک زەنگی کڵێسا وایە، زەنگەکان کەسی خواپەرست و خوانەپەرستیش بەئاگا دێننەوە. بەو شێوەیەش وشەکان هێمای تایبەتی خۆیان بەرز ئەکەنەوە لەبەردەم هەر خوێنەرێکدا. لە کەسی هەست ناسک، کەسی ئاسایی، کەسی پڕ خەیاڵ و کەسی بێ ئەندێشەش.

نووسین ئەو کاتە وەک یانسیبی لێدێ. تێگەیشتنمان لە وشە نەبینراوو نادیارەکان (ئەبستراکت) لەیەکەوە نزیکە، بەڵام ئەوە وشە کۆنکرێت و بەرجەستەکانە کە بەشێوەیەکی جیاواز لێیان تێئەگەین. وشە ئەبستراک و نادیارەکان بەمەزەنە لێیان حاڵی ئەبین، یاخود هیچ تێناگەین.

ئەمە بۆ خۆی تێگەیشتنێکی ترسناکە. پێشتر ئەتوانیت دڵی خۆت بەوە بدەیتەوە کە خەتا لە زمانەکەدایە. ژیان ئاسانترە لەگەڵ زمانێک نەتوانێت هەموو شتێک بڵێت، بەڵام ئێستا مەیدانی جەنگ ئاشکرایە. لە سەرێکی جیهانەو لە سەرەکەی تریشی مرۆڤ و زمانێکی ناتەواوە. کەسیش پێی وانییە بتوانی لە جەنگێکی وا سەرکەوتوو بێت.

ئێستا زۆر بە ڕوونی بۆم دەرکەوتووە زمان لە جیهان گەورەترە. منیش پێویستە لەگەڵ زمانێکدا بژیم زیاد لە پێویست شت بڵێت، زمانێک لەسەر هەموو شتێک دەربڕینی هەبێت. کەواتە وەک بڵێی لەگەڵ دووپشکەیەکدا نووستووم لەژێر سەرینەکەم، هەرگیز ناتوانم بڕوای پێ بکەم.

ئای خودا تۆ بڵێی لە نووسینیش ببم بە نامۆ؟ هەناسەیەکم هەڵکێشاو فرمێسکێک لە لێواری چاوم لەنگەری گرت لەوانەشە هی بارانەکە بێت وا هەنووکە هێزێکی نوێی دایەوە بەرخۆی.

٢٤

منیش وەک بارانەکە هێزێکم بەبەر خۆم هێنایەوە، بێ بیرکردنەوە لێمخوری تا گەیشتمە دووڕیانێ و لە چایخانەیەکی بچووک لامدا. بارانەکەش تا ئەهات توندترو بەخوڕتر ئەباری. ئەمەش خەیاڵی بردم بۆ لای برادەرێک لە قوتابخانەی سەرەتایی پێکەوە بووین. مووی سەری ئەوەندە زۆر بوو ناوچەوانیشی داپۆشیبوو، هەر لەبەرئەوە نازناوی (چەتر)یان لێنابوو. کچە بەدەکانی قوتابخانەش ئەگەر دڵۆپێ باران بباریایە بانگی ئەمیان ئەکرد.

بەڵام خوا بە دانایی خۆی لە شتێکی تردا تۆڵەی بۆ کردبۆوە. ئەو کوڕە خۆشترین و بەسۆزترین دەنگی پێوە بوو، ئەیتوانی هەموو ئاوازێک بخوێنێ بێئەوەی سڵ بکاتەوە، هەروەک ئاوی جۆگەلەیەک چۆن شۆڕ ئەبێتەوە بەرەو دەریا. زۆریش بڕوای بە خوا هەبوو. ئێستا بووە بە پینەدۆزو سێ کوڕی هەیە، هەرسێکیان قژەکەی ئەمیان بۆ ماوەتەوە.

جاروبار هەواڵیم پێ ئەگات کاتێک ئەچمەوە ئەسینا. هەموو جارێک بەڵێن ئەدەم سەرێکی لێ بدەم، بەڵام تا ئێستا نەمکردووە. لە ڕاستیدا لە بینینی وا ئەترسم. ئەو کوڕە مانایەکی گەورەتری هەبوو لە ژیانمدا بێئەوەی خۆی پێ بزانێت.

جارێکیان لە پێشبڕکێیەکی گۆرانیوتندا بەشداری کرد، بەڵام وەریان نەگرت، ئەو کاتە تەمەنی هەردووکمان دوانزە ساڵ بوو. پێم وابوو زۆر ناڕەحەتە کە وەرنەگیراوەو خەفەتبارە، بۆیە ویستم تۆزێک دڵی بدەمەوەو پێم وت:

– بێتاقەت مەبە.

بە چاوە کاڵە قاوەییەکانی تێی ڕوانیم و وتی:

" تۆ پێت وایە بولبول خەفەت بۆ ئەوە ئەخوات قەلەڕەشکە حەزی لە دەنگی نییە؟"

ئەم قسەیەم لەو کاتەوە تا ئێستا لەگەڵ خۆم هەڵگرتووە، هەموو جارێک دووبارەی ئەکەمەوە کاتێک ڕووبەڕووی ڕەخنەگری وا ئەبمەوە کە لێم تێناگەن. بە خۆم ئەڵێم بولبولی نەغمەدار نابێت خەفەت لە قڕەقڕی قەلەڕەشکە بخوات.

ئەمە ئەوە نەبوو کە ئەمویست باسی بکەم، بەڵکو ئەمویست بڵێم لەوە ئەترسم ئەو برادەرە ببینم. گومانی ئەوە ئەکەم لەدوای نیو کاتژمێر، دوای گێڕانەوەی یادگارییە کۆنەکان ناچار بین دان بەوەدا بنێین هیچمان پێ نییە بە یەکتری بڵێین. ئەبێت دان بەوەدا بنێین

که بووینەتە نامۆ لە یەکترو لەوێشەوە بووینەتە نامۆ لەبەرامبەر خۆماندا.

هاوڕێی منداڵیمان ئاوێنەیەکیان بە شانەوەیە ئەگەر تەماشای بکەین وێنەی کەسێک ئەبینین کە ئێمە نین. ئەوە بیرەوەرییەکانمانە جارێکی تر ئەیانەوێت شتەکان دروست بکەنەوە. شتی وامان بیر دێتەوە کە هەرگیز ڕوونەداوەو نەوتراوە. ئێمە خۆمان دروست ئەکەینەوە کاتێک ئەمانەوێت مەرقەد بۆ یادو بیرەوەرییەکانمان دروست بکەین، بێ هیواییشمان لە دەریاچەی (ڤێتن) قووڵتر ئەبێت کاتێک بۆمان دەرئەکەوێت پەرستگەی بیرەوەرییەکان لە ڕاستیدا لە کولانەی مریشک بەولاوە هیچی دی نەبووە. وەک بڵێی بە دەوری خانوویەکدا کۆڵەکەکانی خۆمان دائەکوتین، ئەو خانووە بۆ خۆی نەماوە.

هاوڕێیەکی منداڵیم لە شاری (زوریچ) ئەژی لە سویسرا. ئەو زوو سەفەری کرد بەرەو دنیایەکی گەورەترو بوو بە کەشتییەوان. جارێکی بەرێکەوت لە ڕۆژێکی زستاندا چاوم پێکەوت لە (سلۆتبرون) لە ستۆکهۆڵم، بینینەکەی زۆر چاوەڕواننەکراو بوو. کەشتییەکەی لە (فریهامن) ڕاگرتبوو. هەردووکمان زۆر خۆشحاڵ بووین بەو ڕێکەوتە ئەگەرچی زۆر کورت بوو، تەنها توانیمان بیرەیەک پێکەوە بخۆینەوە. ئیتر ئەو ڕۆیی بەرەو دنیایە گەورەترو منیش بە پیاسە شۆڕبوومەوە بۆ ناو شار.

لەو ماوە کورتەی پێکەوە بووین بۆی گێڕامەوە چۆن لە هاوینی هەمان ساڵدا لەو دوورگەیەی تیایدا لەدایک بووە لە قەراغ دەریا یەکەم خۆشەویستی خۆی ئەبینێت، ئەو یارە کۆنە کێشی سی کیلۆ چووبووە سەرەوە.

"سەرنجم داو بیرم کردەوە: ئەمە بۆ تۆ بوو ئەو هەموو دەستپەڕەم لێ ئەدا؟" ئەمەی گێڕایەوەو بۆ خۆی پێئەکەنی. ئەی ئەبێت ئەو ژنە چۆن بیری کردبێتەوە کاتێک ئەمی بینیوە، ئەو باسەمان نەکردەوە.

هەروەک چۆن کاتێک چاومان بەیەک کەوت هیچمان نەوت، لەوانەشە ڕێگەمان بە خۆمان نەدابێت بەتەواوی سەرنجی یەکتر بدەین، بەڵکو یەکسەر بووینەوە بە دوو منداڵی دوانزە ساڵ، دڵخۆش بەوەی نیو کاتژمێرمان بەسەر برد لە دەرەوەی بازنەی کات و وەختدا.

دە ساڵ دوای ئەوە بینیمەوە لە زوریچ. ژنی هێنابوو. چێشتخانەیەکی کردبۆوەو دوو کچ و دوو کەروێشکی هەبوو. جارێکی تر توانیمان پێکەوە پێبکەنین، لە ڕاستیدا تەنها شتێکیش بوو ئەمانتوانی پێکەوە بیکەین.

ژیان لە یەکدی جیای کردبووینەوە، هەردووکمان بە غەمگینییەوە ئەوەمان ئەبینی، بەڵام ئەوەی پێمان کرا کردمان، زۆر پێکەنین. تەنانەت ئێستاش جاروبار تەلەفۆن ئەکەین هەر پێئەکەنین.

کوپێ قاوە بەدەستمەویە لە قاوەخانەیەکی سەرڕێگا دانیشتووم، دیوارەکانی بە چەندەها ئەفیشی هونەرمەندانی سالآنی پەنجاکان و شەستەکان ڕازاوەتەوە. وێنەیەکی قەشەنگی (هاریەی ئاندەرشۆن)، جوانترین وێنەی (بیبی ئاندەرشۆن)، هەروەها (ئینگرید تۆلین). لەوە ئەچێت لە ڤیسینگوێ وەخت بەشێوەیەکی تایبەتی بژمێرن. ئەو ژنانە ئاوێنەی گەنجیمن لە سوید. کاتێک ئەو ژنانە گەنج بوون من منالّکارێک بووم، بەلاّم ئەم ولاّتە نوێیە وات لێ ئەکات لە سفرەوە دەست پێبکەیتەوە هەروەکو سزات بدرێت وایە. وا خەریکە لەم ولاّتە پیر ئەبم، کەچی زۆر نییە ولاّتێکی نوێ بوو. بارانەکە نایەوێت لێی بکاتەوە، هەروەها منیش.

٢٥

ئەو ڕۆژە پیرۆزە هێشتا تەواو نەبووبوو. دڵی ڕەشی دوورگەکە جارێک خۆی نیشان نەدابوو. سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بووم و دەستم کرد بە لێخوڕین. جارێکی تر بێ بیرکردنەوە بەو نیازەی تۆ ناتوانی ژیان بدۆزیتەوە، بەڵکو ژیان تـۆ ئـەدۆزێتـەوە خـۆم دایـە دەسـتی ژیانەوە.

بەشێوەیەکی سروشتی کاتێک هونەرمەندێک وێنـەی کـەسێک ئەکێشێت مۆدێلەکە بە ئارەزووی هونەرمەندەکە ئەجوڵێتەوە، بەڵام هەندێکجاریش ڕووئەدا هونەرمەندەکە بە خواستی مۆدێلەکە ئەکات. ئەو ڕۆژە هەستێکی وام هەبوو، بەدوای ژیان کەوتبووم. مەبەست و نیازەکانم لەگەڵ جیهاندا مانای نەمابوو، هەرچی وێنەو هاوچەشنەکان هەبوو خستبوومە لاوە. گەورەیی جیهان لەوەدایە لە هیچ شتێکی تر ناکات لە خۆی نەبێت.

کاتێک گەنج بووم وەک زۆربەی ئەوانی تر بەدوای جەوهەری جیهاندا ئەگەڕام. ئێستا تێئەگەم جیهان جەوهەری نییە، بەڵکو قورسایی هەیە. جەوهەرەکەی لە مرۆڤ پێکهاتووە.

هەستم بە ڕووت و قووتی ئەکرد لەو کاتەدا. بەدەم حەزی ژیانەوە لێمخوڕی تا چاوم بەو تابلۆی ڕێگایە کەوت کە لێی نووسرابوو گۆڕستانی ڕووسی.

لەوەتەی بیرم بێ پەیوەندییەکی تایبەتیم هەبووە بە گۆڕستانەوە. ئەگەرچی هەرگیز لێی ورد نەبوومەتەوە بۆچی، وەک بڵێی لەگەڵما لەدایک بووە، بەڵام وانییە.

وەک چۆن هەندێک کەس ئارەزووی کۆکردنەوەی پولیان هەیە، منیش ئاوها ئارەزووی کۆکردنەوەی گۆڕستانەکانمە. ئەو کاتەی نامۆیی شوێنەواری دیار نەبوو بەسەرمەوە ئەگەڕام بەناو ئەم وڵاتە تازەیەدا بۆئەوەی شوێنێک بدۆزمەوە تیایدا بنێژرێم. ئێستا تێئەگەم ئەو کاتە لاوێکی خوێنگەرم بووم، لاوێکی وا لە مردنی خۆیدا پێی وابوو ئەتوانێت تۆڵە لە وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە کە بێ سنوور بێ هیوای کردبوو.

یۆنان وڵاتێکە عاشقبوونی ئازارت ئەدا. لەپێناو یۆناندا بمری، یان یۆنان بتکوژێ دوو شتی جیاوازە. وڵاتەکەم منی کوشت. لە سەرەتاوە منداڵیمی ژەهراوی کرد، دوایی تەمەنی هەرزەکاریم، لاوێتیم و پیاوێتیم. بێکاری و ناڕەوایی کۆمەڵایەتی بێ سنوور، گەندەڵی

سەرتاسەری و ڕاونانی کەسانی سیاسی. هونەرو ئەدەبیش بە دەست کۆمەڵە کەسانێکی داخراوەوە بوو. ڕاستڕەوەکان ژیانیان لێ دزیم و چەپەکانیش بەسەرهاتەکەم.

بەکورتی یۆنان لەو کاتەدا وڵاتێکی ترسناک بوو ئەگەر مرۆڤ خۆفرۆش نەبووایە. منیش بابەتی فرۆشتن نەبووم. پەیوەندی بە ئاکارمەوە نەبوو، بەڵکو ئەو خووەم تیا نەبوو. زۆرێک لە ئێمە ئەو خووەمان تیا نەبوو، بەڵکو بە ڕەوشتی ڕاست و ڕوونی کەسی جووتیار پەروەردە کرابووین کە لەوێدا هەنجیر هەنجیرەو تەشتی شتن تەشتی شتنە. فێری ئەوە نەبووین خۆمان هەڵبخەڵەتێنین دژی ئەوانەش بووین خەڵکیان فریو ئەدا. کاتێک نەمانویست وڵات جێبێڵین بووینە مایەی سەریەشە بۆیان، ئەگەرچی سەرەنجامەکەی ئەوە بوو زۆربەی وڵاتی جێهێشت.

لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتەکەی خۆمان خۆش ئەویست. دەمەوعەسران لەگەڵ برادەراندا لەژێر دارەکانی گۆڕەپانەکەدا گلەیی و دەردەدڵی خۆمان بۆ یەکتر ئەکرد، بزەو خەندەی سەر لێوی کچە نەشمیلەکانیش بەدەم ڕۆشتنی نەرمیانەوە یەکەم ئارەزووی بەهێزی مرۆڤیان زیندوو ئەکردەوە، ئێوارانیش وەک کراسێکی شەوانە لە ئاورێشم بەسەر لەش و لاری ئەو کیژۆڵانەدا شۆڕئەبۆیەوە.

لە کۆتاییدا ئەو وڵاتەم جێهێشت بۆ وڵاتێکی تر. لە پاش ماوەیەک لەم وڵاتە نوێیە ئەگەڕام بەدوای شوێنی ناشتنمدا. وا

دەرکەوت لە سوید شوێن زۆرە هەڵیبژێریت. لە دوانیوەڕۆیەکی تەڕو باراناویدا بچووکترین گۆڕستانم دۆزیەوە لە نزیکی دێی کوملە شیرکبی. ڤێلایەک بە تەنیشت گۆڕستانەکەوە بوو، سەگەکان ئەوەڕین، منالآن یارییان ئەکرد، جۆگەلەیەکیش بە بێدەنگی بە تەنیشت ئەو مردووانەدا تێئەپەڕی کە ببوون بە خاک و خۆڵ لەژێر زەویەکەدا. ئا لێرەدا مرۆ ئەتوانێت بنێژرێت لەناو خەڵکەکەدا.

ئەو شوێنەم بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنەکانی دی پێ خۆشتر بوو، بەڵام لەدواییدا شوێنی تازەم دۆزییەوە. بەتایبەتی گۆڕستانە چۆڵکراوەکان، ئەوانەی چیتر مردوویان لێ نانێژرێ، ئەمانە لە هەرە جوانترینیان بوون. گۆڕستانی ئینگلیز لە فۆرئوێ سەرچاوەی ئیلهامە، بە هەمووی دە مەترێک لە دەریاکەوە دوور بوو. بایەکە دارسنەوبەرەکانی لار کردبۆوە بەسەر ئەو مردووە نەناسراوانەدا. نەورەسەکان پۆل پۆل بە ئاسمانی گۆڕستانەکەدا ئەفڕین، هیچ ماڵێک لەو نزیکانەدا نەبوو، تەنها خانوویەکی چۆڵ نەبێت کاتی خۆی جووتیارەکان تیایدا ژیاون. ئالێرەدا مرۆ ئەتوانێت بنێژرێت لە نزیکی خوداوە وەکو دراوسێ.

لە ڤیسینگوێ لەو ڕۆژە باراناوییەی ئۆکتۆبەردا گۆڕستانێکی چۆڵکراوم دۆزیەوە. بە سەدەها ساڵ لەمەوبەر ڕووسە دیلەکانی شەڕ لێرەدا نێژرابوون ئەو دیلانەی کۆشکی براهایان پێ دروست کربوون. کە ئەشمردن لاشەکانیان ڕائەکێشرایە خوارەوە بۆ ناو ئەو شیوەی

دارلیمۆکان به بەرزی تیایدا ڕوواون. کۆمەڵێک جەستە بێ ناونیشان بە دڵی نامۆوە، بەدەم نزاو نوێژکردنەوە بەئەسپایی خرابوونە ژێر ئەو خاکە تەڕەوە. هەتا شارەوانی بڕیاری دا یادیان بکاتەوە بە دروستکردنی کێلێکی بەردینە بۆیان.

لێرەدا چەند خولەکێک وەستام، چاوەکانم داخست و ئەو چەند وشەم وت کە ئەمزانی بە ڕووسی. هەستێکی زۆر سەیرم بۆ هات نەمزانی بۆ. تۆ بڵێی بە هەڵە ئەو وشە ڕووسیانەم وتبێت، یان ئەم شوێنە هەڵە بوو بۆ وتنیان. چەند وشەیەکی ترم بە یۆنانی وت، ئەوەشیان هەر لە هەڵە ئەچوو.

وادیارە ئەم دیمەنە هیچ زمانێکی تر تێناگات سویدی نەبێت. بیرم کردەوە ئالێرەدا ئەتوانی بنێژرێی وەک نامۆیەک لەناو نامۆکاندا. لێرەدا مردن سویدییە.

بەڵێ وایە مردنی یۆنانیش هەیە. ئەو مردنەم لە (ڕیچە) بینی، ڕیچە دێیەکی شاخاوییە چەند کیلۆمەترێک لە دێیەکەی خۆمانەوە دوورە، بەڵام لەوانەیە هەزارەها مەتر بەرزتر بێت. باوکم چەندین ساڵ لەو دێیەدا مامۆستایی کردووە، هەر لەوێشدا یەکەم ژنی ئەمرێت و کوڕێکی تەمەن دوو ساڵە لەدوای خۆیەوە جێ ئەهێڵێت.

باوکم چەند جارێک مامۆستایی کردبوو لەوێدا. دوای شەڕی دووەمی جیهانییش هەر گەڕایەوە بۆ ئەوێ. ئەمجارەیان منیش لە قوتابخانەکەی باوکم قەید کرام و هەر لەوێشدا بوو شەقازلەیەکم بە دەستی خوارد لەسەر ئەوەی ئەرکێکی قوتابخانەم جێبەجێ نەکردبوو. لەبەر ئەو بیرەوەریانە بوو ئەمویست ئەو شوێنە ببینمەوە.

ئەوەشم بیرە چۆن بۆ یەکەمجار لەبەردەم کڵێساکەدا پارتیزانێکم بینی بەسەر ئەسپێکی ڕەشەوە. ئەو وێنەیە لە پاش چەندەها ساڵ

له مێشکمدا بەجۆرێ کاڵ ببۆوە وەک ئەوەی ماسی ببینی لە قووڵایی دەریایەکدا. کەچی وا دەرکەوت ئەو بیرەوەریەم هەڵەیە. ڕاستە کڵێسایەک و گۆڕەپانێ لە دێیەکەدا هەبوو، بەڵام لە یەکەوە زۆر دوور بوون. لە مێشکی مندا وەک لەناو نەخشەیەکی سەردەمی ناوەڕاست بە تەنیشتی یەکەوە بوون.

ئەمەوێت قوتابخانەکەو ئەو خانووە ببینم کە تیایدا ئەژیاین. پێم وابوو زۆر بەئاسانی بیان دۆزمەوە، بەڵام سەهوو بووم. هیچ شوێنێکی دێیەکەم نەناسیەوە. من وێنەی گوندێکم لەبەرچاوو لە خەیاڵدا بوو پڕ لە منداڵ و هاتوچۆو قەرەباڵغی و پێکەنین.

دێیەکەی ئێستا لە مردوویەکی ڕاکشاو ئەچێت، هەندێک پیاوی پیر لەژێر تەنها دارەکەی گۆڕەپانەکە دانیشتبوون، قەرەجێکیش خەریکبوو دۆشەکی پێ ئەفرۆشتن.

– مامە گیان تۆ دۆشەکێک بکڕە! دوای یەک شەو نووستن بیست ساڵ گەنج ئەبیتەوە!

– ئەی دانەیەکت پێیە بۆ پیرێژنەکەم؟ بەڵام هەرزانتر؟

لە هەندێک پێکەنینی ماندوو بەولاوە دێیەکە کپ و بێدەنگ بوو. نە لاوێک نە ژنێک لەو ناوە دیار نەبوو.

من و ژنەکەم پێکەوە ئەگەڕاین بەو ناوەدا تا چاومان بە ڕووبارێکی وشکهەڵاتوو کەوت، ئەم ڕووبارەم بیرە کاتی خۆی زۆر بەلامانەوە ترسناک و بەهێز بوو.

تووشی پیاوێک بووین هەر لە تەمەنی خۆمدا بەرەو گۆڕەپانەکە ئەڕۆی. لێم پرسی ئەگەر بتوانێت ڕێگای قوتابخانەکەمان پێ نیشان بدات. بە تێڕامانەوە لێم وردبۆوەو ئەو پرسیارەی کرد کە هەموو جارێک لێم ئەکرێت.

- تۆ کوڕی مامۆستا نیت؟

لە ژیانمدا کاتی وا هەبووە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە وەک جیاوازیی نێوان ژیان و مردن بووە، پەیوەندی بەوەوە بوو کێ ئەو پرسیارە ئەکات. زوو فێری ئەوە بووم گوێ لە دەنگی خەڵکی بگرم تا بیان ناسمەوە. فاشیستەکان لەو کاتەدا تۆڵەیان لە منداڵی مامۆستاش ئەکردەوە.

بەڵام ئێستا پێویستم بەوە نییە بیشارمەوە. بەڵێ کوڕەکەی مامۆستام. ئەو پیاوە لە خۆشیاندا قورگی پڕ بوو لە گریان. دەرکەوت هاوپۆلی یەکتر بووینە، ئەو کاتە هەردووکمان حەوت ساڵان بووینە. سەیرە چۆن منی بیردێتەوە؟! ئەبێت لەبەرئەوە بێت کە لەبەردەمیدا وەستاوم و بچووک بوومەتەوە بەقەد باڵای بیرەوەریەکانی؟

هەندێک شتی بۆ گێڕامەوە لەبیرم نەماوە. وەک ئەوەی زۆر زیرەک بوومە لە پۆلەکەداو هەموو ئەوانەی تر بەراییان پێم هاتووە، شتی وام بە بیرنایەتەوە، منیش ئەو شەپازلەیەم بۆ گێڕایەوە کە

خواردبووم به دەستی باوکم. نەخێر، لەوە ئەچێت لەمەشدا هەڵە بم، ئەو بەباشی بیری دێتەوە ئەوە من نەبوومە شەپازلەم خواردوە.

– ئەی کەواتە کێ بوو؟

– ئەوە من بووم.

ئەوە بۆ جارێکی تریش دووبارە ئەبێتەوە ناتوانی دڵنیا بیت لە بیرەوەریەکانت. ئێ کەواتە ناتوانم بڕوا بە بیرەوەریەکانی ئەویش بکەم، بەڵام یەک شت هەیە لە بەرژەوەندی ئەو برادەرەدایە ئەو منی بیر دێتەوە، بەڵام من ئەوم بیر نایەتەوە.

ئەو دیدارە کتوپڕە لەوێ کۆتایی نەهات، بەڵکو کرینی بە میوانی خۆی و بردینی بۆماڵەوە، لە شەرابەکەیمان خواردەوەو گوێمان لە بەسەرهاتەکانی بوو. بۆی گێڕاینەوە چۆن کاتی خۆی لە دێیەکە ڕۆشتبوو بۆ شاری (پیریۆس)، هەر لەوێش کارێکی باشی دەست ئەکەوێت وەک ئابووریزان لە کۆمپانیایەک. چەند ساڵێک لەمەوبەر تاقەتی شاری نامێنێت و ئەگەڕێتەوە بۆ دێیەکە. ئێستاش وا لێرە ئەژی و پەشیمان نییە لە گەڕانەوەی. ئەوندە شت ڕوو نادات لە دەوروبەری، بەڵام لای ئەو چەند شت کەمتر ڕووبدا باشترە.

– لێم تێئەگەی ئەگەر بڵێم تەنها ئاواتم ئەوەیە سبەینێش وەکو ئەمڕۆ بێت.

من نەگەیشتوومەتە ئەو شوێنە لە ژیاندا، چاوەڕوانی ئەوەش بووم بە بەردەوامی سبەینێ و ڕۆژەکانی دی پڕ بێت لە شتی تازەو نوێ،

پڕ له دیاری و میوەی نایاب. جارێک نەمئەتوانی خۆم بـۆ دواڕۆژ تەرخان بکەم.

چەند ساتەوەختێک لەلای ماینەوەو دەنگوباسی دێیەکەی بۆ باس کردین، کێ له هەندەران ئەژی، کێ مردووه. ئەو قوتابخانەیەی باوکم تیایدا مامۆستا بوو ئێستا بۆته مۆزەخانه بەیارمـەتـی کـەسـێکی خەڵکی دێیەکه که له ئەمەریکا ئەژی. ئەو پیاوه له ناخۆشـترین بارودۆخدا دێیەکه جێئەهێڵێت. فاشیستەکان بـاوکی ئـەکـوژن کـه کوێخای دێیەکه بوو. ئیتر ئەو تەنها فریای ئەوه ئەکەوێت سەری خۆی ڕزگار بکات.

دایکم، دایکی گیانی[٢٣] ئەو پیـاوه بـوو. زۆر هـەوڵـم دا بیبیـنم، کاتێک چووم بۆ (مۆنەمڤاسی)، ئەو شوێنەی خانوویەکی بۆ خۆی و ژنه یۆنانییه ئەمریکیەکەی تێدا دروست کردووه.

داوام له هاوپۆلەکەی مناڵیم کرد گۆڕستانەکەی دێیەکـەم پـێ نیشان بدات، ماریا، ژنی یەکەمی باوکم لەوێ نێژراوه.

---

٢٣. دایک و باوکی گیانی یان خوایی له سەرەتاوه له ئایینی مەسیحدا سەری هەڵداوه. ئەمڕۆ قاوغی ئایینی لەدەست داوه. له وڵاتانی ڕۆژئاوا باوه که دایک و باوک کەسێک یان دوو کەسی هاوڕێی نزیکی خۆیان هەڵیەبژێرن تا ببن به دایک یان باوکی خوایی. دایک و باوکی خوایی له هەموو بۆنه گەورەکانی منداڵەکه بەرشدارن، وەکو یادی لەدایکبوون.

ژنی یەکەمی باوکم! لەوە ئەچێت وتنی بەدەم ئاسان بێت، بەڵام وانییە. لە ژیانمدا زۆر بیرم لەو ژنە کردۆتەوە. داوام لە باوکم ئەکرد بۆم باس بکات چۆن بۆ یەکەمجار یەکتریان بینیوە. ماریا چۆن بووە؟ باوکم وێنەیەکی ماریای هەبوو، تەنها وێنەیەک. کچێکی جوان بە نیگایەکی نەرم و زیندووەوە وەک بڵێی ئەو کاتە زانیویەتی چی چاوەڕوانی ئەکات.

تەمەنی تەنها بیست و دوو ساڵ بووە کاتێک بە نەخۆشی هەوکردنی پەردەی مێشک ئەمرێت. ئەمویست گۆڕەکەی ببینم. ئەو برادەرەی قوتابخانەم ئەیزانی گۆڕەکەی لەکوێیە، بەڵام پێی وا نەبوو لەدوای ئەو هەموو ساڵە شوێنەواری مابێت. ماریا لە ساڵی (١٩٢٦) مردووە. گۆڕستانەکەش بچووک بوو، مردووە تازەکان شوێنی کۆنەکانیان ئەگرتەوە. ئەو برادەرە بردمانی بە ڕێچکەیەکی باریکی پڕ لە هەڵبەزودابەز. لێرەو لەوێش وەک بەشێک لە زەوقی یۆنانی بەشێک لە ڕێیەکە قیرتاو کرابوو. پلەی گەرماکەش توزێ بەرز ببۆوە. بۆڵەترێکان سەریان دەرهێنابوو، زۆری نەمابوو پێبگەن. دارسەرووەکانی گۆڕستانەکە ئێجگار بچووک بوون. چۆڵکردنێکی تەواو بە گۆڕستانەکەوە دیار بوو. هیچ گوڵێکت نەدەبینی بەسەر گۆڕەکانەوە. لەوە ئەچوو لەمێژ بێ کەس نەمردبێت.

هاتینە سەر گۆڕەکەی ماریا. خاچەکەی کەوتبووە ژێر خاچێکی ترەوە، بەڵام بۆمان ڕاست کردەوە. نووسینی سەرکێلەکەم خوێندەوە.

بەڵی ئەو بوو، دەستوخەتی باوکم ناسییە، بەڵام دیارە کەسێکی تر لەسەر بەردەکە هەڵی کەندووە. لە کۆستانتنتین ئۆپێل لەدایک بیوو، لێرەدا مردبوو. سەفەرێکی دوورودرێژ بوو بۆ ئەو ژیانە کورتە.

لێرەدا لەناکاو لە کەسوکاری قوربانی ئەستۆنیا[24] تێگەیشتم، کە شوێنێکیان ئەویست تا بیکەن بە گۆڕستانی ئازیزانیان. ئێستا ئەتوانم بڵێم ماریا لای من مردووە، مردنێکی یۆنانی. ئەم هەرێمە تەنها لە زمانی یۆنانی حاڵی ئەبێت. تەنانەت ژنەکەشم هەستی بەمە کرد، بۆیە هەتا چووینەوە ناو دێیەکە هیچی نەوت.

٢٤. لە دەریای (بەلتیق) نقوم بوو. (٨٥٢) کەسی تیا خنکا کە زۆربەی سویدی بوون. کەشتی ئەستۆنیا لە ساڵی (١٩٩٤).

ئەوەی مابوو لە دێیەکەدا بیبینم ئەو خانووە بوو کاتی خۆی تیایدا ئەژیاین و شتێکی کتوپڕی تر. ئەو برادەرە بردمانی تا بەردەرگای حەوشە. خانووەکە خەریکی دروستکردنەوەو چاکردنی بوون. ئەو شوێنە بەرزەم بیرکەوتەوە لەناو باخچەکەدا بوو، بەڵام هیچ هەستێکی تیا نەبزواندم. لە دەرگامان دا.

سەرسامکردنەکە لێرەدا بوو. پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بە زەردەخەنەیەکەوە دەرگاکەی کردەوە. ئەو زەردەخەنەیەم بیرە، بەلای کەمەوە پەنجا ساڵ ئەبێت نەمبینیوە. برادەرێک بوو زوو کۆچی کرد بۆ ئەمریکا. لەوێدا ببوو بە خاوەن چێشتخانەیەکی سەرکەوتوو.

باوکی هەردووکمان هاوڕێی نزیکی یەکتر بوون. بەیەکەوە سەیرانیان ڕێک ئەخست، بەیەکەوە هەواڵنامەی دێیەکەیان دەرئەهێنا، بەرهەمی شانۆییان ئامادە ئەکرد. بەکورتی ئەوان ڕۆشنبیری چەپی

ناو دێیەکە بوون. باوکم باجێکی گەورەی دا لەسەر ئەو کارانەی، برادەرەکەی باجێکی گەورەتر. ڕاسترەوەکانی یۆنان بە بەرچاوی خێزانەکەیەوە کوشتیان.

ئێستاش ئەو برادەرە هاتۆتەوە خانووەکەیان ئاوەدان ئەکاتەوە کە باوکم کاتی خۆی بەکرێ گرتبووی.

ئەوە کەسێکی تریشم بینی یادەوەری لە من باشتر بێت، ئەوەتا ئەو ژوورەم نیشان ئەدات کاتی خۆی تیایدا نووستووم. ڕەنگی بۆیەی دیوارەکانی کاڵ ببۆوە، بنمیچەکەش پەڵەی گەورەی شیتەڕی پێوە دیار بوو. هیچم بیر نییە تەنها ڕەنگی شینی دیوارەکان نەبێت.

دوایی چووینە باخچەکەی پشتەوە، ئاودەستەکە لە شوێنی خۆی مابوو. لەپڕێکدا هەموو شتەکانم هاتەوە پێش چاو. ملیکم کاتی خۆی ئەو ناوەی ڕازاندبۆوە بە ئینجانەی ڕێحانە. ئێستاش هەمان بۆنی جارانی هەیە.

تەنها بۆنەکانە بەڕوونی و بەرجەستەیی شتەکانمان بیر ئەخەنەوە. هەموومان ئەمە ئەزانین، بەڵام چەند جار پێیدا تێئەپەڕین؟

ئەو برادەرە نەیهێشت برۆین، نانی ئێوارەمان پێکەوە خوارد. گۆشتی بەرخ و زەڵاتەی تەماتەو پەنیری مەڕمان بە ئیشتیهایەکی زۆرەوە خوارد، وەک بڵێی ئەمانویست تۆڵەی هەموو ئەو ساڵانە بکەینەوە لەناو بۆنی نامۆییدا لەدەستمان دابوو. هەستی ئەو کاتەمان ئاوها بوو ئەگینا ژیربێژیمان لە ئاوازێکی تری ئەخوێند. ئەو ماڵ و

خێزانەکەی لە نیۆرک و منیش لە ستۆکهۆڵم. ئەو نەیئەویست بەیەکجاری بگەڕێتەوەو لێرە بژی تەنها هاوینان نەبێت.

بەدەم وردە گلەییەوە وتم:

– بووینەتە گەشتەوەر لە وڵاتەکەی خۆمان.

– نەخێر، ئێمە گەشتەوەر نین. ژنەکەت گەشتەوەرە. ئێمە نامۆین لێرە. هاوسەرەکەت خۆشی لەم وڵاتە ئەبینێت، کەچی من و تۆ شینی بۆ ئەکەین.

شەو داهاتبوو کاتێ دێی ڕیچەمان جێهێشت. لەو ڕێگا پێچاوپێچانە بەهێمنی لێمئەخوڕی. شەوەزەنگەکە جیهانی بچووک کردبۆوەو ئەوەندەمان ئەبینی کە گڵۆپی ئۆتۆمۆبیلەکەی بەرئەکەوت. ڕوو لە خوار نەبێت چەند ڕووناکییەکمان بەرچاو کەوت. ئەو دێیەی تیایدا لەدایک بووم کەوتۆتە ئەو خوارەوە، دێی مولایی. لە حەوت ساڵیدا بارمان کرد بەرەو ئەسینا. لەوێدا پێم شەرم بوو بڵێم خەڵکی ئەوێم، ئەموت خەڵکی سپارتام کە لە دێیەکەی خۆمان گەورەتر بوو، پێم وابوو زیاتر ڕێزم لێ ئەگرن ئەگەر بڵێم لەوێوە هاتووم.

پێویستیمان بە خۆدەرخستن و خۆنیشاندان بە بەرچاوی کەسانی ترەوە گفتوگۆیەکی ئەنتیکم بیرئەخاتەوە: "تۆ ئەوەندە ناسراو نەئەبووی ئەگەر ئەسینایی نەبوویتایە". کەسێک بە ئەلکیبیادەس-ی وت ئەویش وەڵامی دایەوە: "تۆ ئەوەندە ناسراو نەئەبووی ئەگەر ئەسینابیش بوویتایە".

ئەو دوو بۆچوونە لەوە ئەچێ هەردووکی ڕاست بێت. هەردووکی ئەناسمەوە گلەییەکەو وەڵامەکەش. هەندێکجار ئەو پرسیارەم لێ ئەکرێت، ئایا سەرکەوتنم وەک نووسەرێک و گرنگیپێدانم زیاد لە پێویست لەبەرئەوە نییە بێگانەم؟ هەندێکجاریش لێم ئەپرسن ئایا لە وڵاتەکەی خۆشم ئاوها بایەخ بە نووسینەکانم ئەدرێت؟

ئەگەر وەڵامی هەردوو پرسیارەکە بەڵێ بێت، هیچ شتێک لە ڕیشەوە ئەگۆڕێت؟

ئەو پرسیارانە هەستێکی فرە ناخۆشم لا دروست ئەکەن. هەستێکی وا کە خۆم بە بلۆفلێدەر دێتە بەرچاو. هەست ئەکەم وەک ساختەچی ئێستا نا ئێستا ئاشکرا ئەبم. بەتایبەتیش کاتێک هەستێکی وام هەیە ئەوە من نیم ئەنووسم، بەڵکو کەسێکی ترە لە ناخمداو ژیانێکی سەربەخۆ ئەژێ بەدەر لە ژیانی خۆم.

ئەمە درۆ نییە، بەڵکو ڕاستیەکی ڕووت و قووتە. کاتێک ئەنووسم هەست ئەکەم وەک سوارێکی نەشارەزا کەسێک بەسەر ئەسپێکی پێشبڕکێوە دایناوم. تەنها دوای ئەسپەکە ئەکەوم و خۆم ئەگرم تا ئەو شوێنەی ئەتوانم، کاتێکیش گەیشتینە شوێنی دیاریکراو کەس ئەسپەکە نابینێت، بەڵکو من ئەبینن بە شان و باڵی شکاوەوە دێمەخوارێ.

بێگومان هەرکەسێک لە شوێنی من بێت خۆی بە ساختەچی دائەنێت و ئەترسێت ئاشکرا بێت لەناو خەڵکیدا. خەڵکینە سەیری بکەن! لەمە زیاتر نەبوو.

لەهەمانكاتدا ئەزانم ئەوانی تریش ئەترسن لـەوەی بلۆفلێـدەرێ ئاشكرا بكەن. ئاشكراكردنی ساختە هەروا خۆڕایی نییە، هەر ئەمەشە ناوەڕۆكی بلۆفلێدان.

بە ئارامییەكی زیاترەوە بـەرەو گونـدەكـەی خۆمـان لێمخـوڕی، هەرچۆنێک بێت لەوێدا ساختە نیم، بگرە لەوێ خودی خۆشم نیم، تەنها كوڕە بچووكەكەی مامۆستام. ئەمجـارەیـان تاقـەتـم نـەبـوو سەرلەنوێ ببمەوە بەو كوڕە، بۆیە لێمخوڕی بۆ دێیەكی تر. ئەمزانی لەوێدا ئوتێلی تازەیان هەیە.

وەرزی گەشتوگوزاریش بەرەو تەواوبـوون ئـەچـوو، پـێم وابـوو بەئاسانی ژوورێكمان دەست بكەوێت. كاتێک ناوی خۆمان نووسی و خاوەنی ئوتێلەكە ناوەكەی بینیم، یەكسەر ئەو پرسیارەی لێ كردم كە ئەترسام لێم بكرێت.

- تۆ كوڕی مامۆستا نیت؟

دوایی دەركەوت ئەو پێی وابوو براكەمم. ئەو دووانـە هـاوپۆلی یەكتر بوونەو باوكیشم مامۆستایان بووە. بە هێمنییـەوە پـێم وت كوڕی مامۆستام، بەڵام براكەم نیم.

بەئاسانی وازی نەهێناو وتی.

- هەردووكتان زۆر لە یەكتر ئەچن.

ئەو شەوە بە ناڕەحەتییەوە نووستم. لە نیوەی شەودا بەئاگا هاتم و ئەمزانی ئیتر خەوم پیادا ناکەوێتەوە. لەسەر تەختی نووستنەکە زۆر ڕەق بوو وەک بەرد ڕاکشابووم و بیرم لەوە ئەکردەوە چ وەڵامێکم ئەبێت ئەگەر یەکێک داوام لێ بکات پوختەی ژیانی خۆمی پێ بڵێم.

چەند مانگێک لەمەوبەر بۆ جارێکی تر برادەرێکی کۆنی سویدیم بینیەوە، ناوی (ئۆکە لوێفگرێن)ە کاتی خۆی مامۆستام بوو لە ستۆکهۆڵم. لەم بیست ساڵەی دواییدا وانەی فەلسەفەی ئەوتەوە لە شاری (کارڵستاد). ئەو ڕۆژەی بەشی فەلسەفەی جێهێشت لە زانکۆی ستۆکهۆلم زۆر کەس پێیان ناخۆش بوو، یەکێک لەوانە من بووم. ئێستاش زۆر نییە خانەنشین بووە.

لە کتێبخانەی کارڵستاد کۆڕێکم هەبوو ئەویش هاتبوو. دوای کۆڕەکە ڕۆشتین بیرەیەکمان خواردەوە لە چێشتخانە کۆنەکەی ناو سەنتەری شار.

باسی ژیانی خۆمانمان کرد بۆ یەکتر. لێم پرسی:

- ئێستا خەریکی چیت؟

بە سادەیی وەڵامی دامەوە:

- هیچ ناکەم! ئێستا کاتی پوختکردنەوەیەی ژیانمە.

هیچ شتێکم لەسەر وەڵامەکەی نەوت، بەڵکو بەردەوام بووین لەسەر قسەکردن. شتمان زۆر پێ بوو بۆ یەکتر. زۆر قەرزاری ئەو پیاوەم. هیچ کەسێک بەقەد ئەو یارمەتی نەداوم لە سەرەتای ژیانم لەم سویدە. بە خەندەی گەرمی هانی ئەدام و زۆر بەپەرۆشەوە گوێی لێ ئەگرتم کاتێک بەو سویدییە شڕوشەقەی ئەوسا قسەم ئەکرد. یەکەم پارچە شیعرمی لە گۆڤاری- بۆ ڤێتنام- بڵاو کردەوە کە خۆی دامەزرێنەری بوو. هەر لەو گۆڤارەشەوە نووسراوەی (ڕەخنەی ئەدەبی) کە ئێستا دەرناچێت هاتە کایەوە. ڕەخنەی ئەدەبی مینبەری ڕۆشنبیرە لاوەکانی ئەو سەردەمە بوو. ئۆکە بۆ خۆی مەکۆو هەڵسوڕێنەری بوو. هەمیشە ڕووخۆش و دەم بە خەندە بوو، لەهەمانکاتیشدا ڕۆشنبیرێکی کڵپەدار بوو.

دایک و باوکی ئۆکە لە گەڕەکی (هودینگە) لە ستۆکهۆڵم ئەژیان. هەمان گەڕەک کە هاوسەرەکەمی تیایدا گەورە بووە. هەر لە سەردەمی خوێندنی ئامادەییەوە یەکێ بووە لەو گەنجانەی دەورو نەخشیان هەبووە لەناو گەنجەکانی گەڕەکدا. قوتابخانەی ئامادەیشی بە پلەیەکی زۆر باش تەواو کردبوو.

باشه بۆچی ئەوەندە باسی ئۆکە ئەکەم؟ بۆئەوەی چاکەی بدەمەوە؟

نەخێر!

ئەزانم ئەو هەرگیز باسی خۆی ناکات، لەوانەشە پێی خۆش نەبێت باسی ئەکەم، بەڵام پێویستە بکرێت، هەندێک کەس نابێت هەروا بەئاسانی ون بن.

ئێستاش وا لەسەر ئەم تەختە رەقە راکشاوم لە ئوتێلێکی گەشتوگوزاری دێی ئێلیەس، کە ئەکاتە دار زەیتون، بیر لەو قسەیەی ئۆکە ئەکەمەوە. وا دیارە بۆ منیش کاتی پوختکردنەوەو لە بێژنگلانی ژیانم هاتووە. ئەبێت ئەنجامەکەی چۆن بێت؟ چەند زیادو کەمی بێنێ؟ کاتی ئەوە هاتووە دەفتەری حیساباتم دابخەم. ئەبێت ئەنجامەکەی چ جۆرە ژمارەیەک بێت؟ سوور، یان رەش؟

وا خەریکە کاتژمێر ئەبێت بە شەش، هەموو لەشم بۆ کوپێ قاوەو پێکردنی سبیلێ هاوار ئەکات، پوختەی ژیانم جارێ با بمێنێ، ئەبێت قاوەخانەیە بدۆزمەوە.

خۆم گۆڕی و بە بێدەنگی چوومە دەرەوە. ژنەکەشم لەوبەری تەختی نووستنەکەوە خەوتووەو دەستی لەژێر روومەتی ناوە، وەک بڵێی ئەویش بیر لە چارەنووسی خۆی بکاتەوە.

تۆ بڵێی هیچ قاوەخانەیەک بەم بەیانییە زووە کرابێتەوە؟ پێم وانییە، بەڵام دێی ئێلیەس تەنها دێی جووتیارەکان نییە، بەڵکو هی

ماسیگرەکانیشە. ماسیگرەکان فێرن بەیانیان زوو ئەگەڕێنەوە لـە ڕاوکردنی ئەو ماسییە کەمەی ماوە لە دەریای ناوەڕاستدا.

کە هاتمە دەرەوە لە ئوتێلەکە پێویستم بەوە نەبوو زۆر بڕۆم بە شەقامە سەرەکییەکەدا تا قاوەخانەیەکم بینی کرابۆوە. ماسیگرەکان پێکەوە دانیشتبوون و بە دەنگی بەرز قسەیان ئەکرد. کـە هاتمـە ژوورەوە تـەماشـایەکیـان کـردم و بـەو ڕووە خۆشـەی سـەیـری گەشتەوەری پێ ئەکەن بە سەر سەلامیان کرد.

ئەمویست بڵێم منیش یۆنانیم، بەڵام لە شوێنی سروشتی خۆیدا نەبوو. سەرباری ئەوەی تاقەتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەم نەبوو کە ئەمزانی لێم ئەکرێت. ئایا کوڕی مامۆستام، بۆیە بێدەنگ بـووم و قاوەیەکم داوا کرد بە ئینگلیـزی. خـاوەن قـاوەخانـەکـە ئینگلیـزی نەدەزانی.

هەرچەندە لێم تێگەیی داوای چیم کرد، بەڵام وتی:

- ئێمە لێرە ئەڵمانی ئەزانین!

لەلایەکەوە دانیشتم و گوێم لەو دیالۆگە تازە یۆنانییە بوو کـە ماسیگرەکان قسەیان پێ ئەکرد. خەیاڵیش بردمی بۆ لای پلاتۆن.

- مانۆلی، کۆنیاکێکم بۆ بێنە.

- بەم بەیانییە زووە؟

- بۆ نا؟ شەو تا بەیانی ڕەنجم داوە بۆ گرتنی دوو سێ ماسی.

- تۆ هەر گلەیی ئەکەیت کەچی لـە هـەموویـان زیـاتر ماسـی ئەگریت.

- چونکە ئەوانە هەموو دەستپەڕلێدەرو بێ ئەقڵن وەک بـوتڵی شەمپانیا، تۆ سەیریان بکە!

"بێ ئەقڵن وەک بوتڵی شەمپانیا"

ئەمە لێکچوونێکی بەتوانـا بـوو، ئـەبێـت هـەڵیگـرم لای خـۆم. دەفتەری تێبینیەکانم دەرهێناو تیایدا نووسیم.

- کوڕینە لەسەرخۆ، ئەو پیاوە ئینگلیزە شت ئەنووسێت.

یەکێکیان نەیتوانی دەمی خۆی بگرێ و وتی:

- منیش لەسەر کێرم ئەنووسم.

ئەم پیاوانە تەمەنیان لە منەوە نزیک بوو. کەچی وەک هەرزەکار پێکەوە قسەیان ئەکرد، پڕ بوون لە حەزو ئارەزووی ژیان. تۆ بڵێی ئێستا وەک ئەوان قسەم بکردایە ئەگەر یۆنانم بەجێ نەهێشتایە؟

کێ ئەزانێ؟ لەوانەیە.. بەهەرحاڵ وا لە یۆنان نەمامەوە، بەڵام ئەم بەیانییە ها لێرەم کەچی وەک ئەوە وابوو نەبینرێم. چیتر پێمەوە دیار نییە یۆنانیم، بەڵام لە سوید هەموو کەس ئەزانێ سویدی نیم. لەوانەیە ئاسانتر بێت یەکێک ببینی ئەوە نەبێت وەک لەوەی ئەوە بێت، بەهەرحاڵ ئەگەر بێتو بێگانە بیت لە شوێنێکدا.

تیشکی هەتاوەکە پەخشبوو بەسـەر چیاکـەی بـەرامبـەرمانـدا. ماسیگرەکان تۆزێ بێدەنگتر بـوون، منـیش قـووڵترینی کـەنـداوی

نامۆییم له ناخمدا دۆزییەوه، ئەویش ئەوه بوو تۆ نەئەوەی پێشتر هەبوویتەو نەئەوەشی ئێستا هەیت.

ئەبێت ناوێ بۆ ئەو دەربەندە بدۆزمەوه، ناوێ له بێجووڵەیی دەریا بچێت لەسەر مانگدا. ئەمەش ئـەستەمـه هـەروەک ژیـان لـەوێدا. (سوێدەرگرێن) ئەڵێ: "ئەو وڵاتەی کـه نییـه..." تـۆ بڵێـی هـەر ئاوهاش بیری له مانگ کردبێتەوه؟ وەڵامی ئەو پرسیاره ناتوانین بزانین.

یۆنانییە کۆنەکان ناوێکیان هەبوو بۆ ئەو وڵاتە. پێـی ئـەوتـرا ئۆتۆپیا، ئەو وڵاتەی نییە. لەوه ئەچێت ناوێکی گونجاو بێـت بـۆ دەربەندەکەم، بەڵام ناوێکی زۆر بەهاداره تا بتوانم بەکاری بێنم.

ئەی چۆنه بەناوی خۆمەوه بـانگی بکـەم دەربـەنـدی تیـۆدۆر؟ نەخێر! وەک ئەوه وابێت خاوەنی بم، ئەمەش ڕاست نییە، بەڵکو ئەو خاوەنی منە، هەرچۆنێک بێت هەندێ له ساتەکان. ئەگەرچی لەوێش ناتوانی زۆر بمێنیتەوه.

ئەو کەنداوه بێناوەشم جێهێشت تا بۆ یەکەمجار له ژیانمدا لـه کـاتێکی وا زوودا کـه کـاتژمێر تـەنهـا تۆزێـک لـەدوای شـەشـی بەیانییەوەیه داوای کۆنیاکێک بکەم. لەوانەشه خۆش بێت. خۆشی ژیان لەم وڵاتە کۆنەم تەنها دیاری نییە بۆ خەڵکـەکـەی، بـەڵکـو ئەرکیشە.

٢٩

که لاو بووم بەدوای جەوهەری جیهاندا ئەگەڕام. وەک ئەو هەموو کوڕو کچانەی ئەیانویست لە دنیا تێبگەن. بەدوای مانایەکی پوختەوە ئەگەڕام کە ژیان لـە هاوکێـشەیـەک کۆبکاتـەوە، هاوکێـشەیـەکـی هاوسەنگ و دڵنیا وەک سەگێکی پیر.

ئێستا گەنجەکەی جاران نەماوم و گەیشتمە ئـەو قـەناعـەتـەی جیهان و ژیان جەوهەریان نییە، بەڵکو قورساییان هـەیـە. هونـەر لەوەدایە بتوانی ئەو قورساییە بەرزبکەیتەوە.

لە هەندێک قسەو بۆچوون تێناگەم لەم ڕۆژانەدا کە وەک مۆدەی لێهاتووەو باس لە ئاسانی ژیان ئەکـەن. بـۆ نموونـە یـەکێـک لـە کتێبەکانی میلان کوندێراس کە ناوی ڤاراتس (ئولیدلیگە لێتهێت)ە (توانای سادەیی نەگرتن)، بەکورتیەکەی ئەڵێ ژیان سادەو سووکە.

ئاسانی ژیان لەکوێدایە؟ ئەو هەست بە فڕین و لەش سووکییە لەکوێیە؟ ئەگەر لە تاقیگەیەکی ئەسترۆنۆمیدا نەبیت؟ ئەگەر حاڵەتی واش هەبێت ئەوە ئاسان نییە.

بەپێچەوانەوە ئەتوانین بڵێین بەرگەنەگرتن پەیوەندی بەوەوە هەیە کە شتەکان سادەو ئاسان نین، بەڵام کەسانی وەک کوندێرا هەر لەخۆیانەوە ئەو قسانە ناکەن. ئەوانە کەسی مێشک بەتاڵ نین. مەبەستی خۆیان هەیە، بەڵام چ مەبەستێک؟

با ئەوەمان لەبیر بێت لەوانەیە هەموو ئەو شتانەی ئەیڵێن بەشێک بێت لە ڕەوانبێژی وەک سوکرات ئەڵێ مرەیان لێوە دێت. مانای ئەوەیە تۆ شتێک ئەڵێیت و مەبەستت شتێکی ترە، لەهەمانکاتدا ئەوەی ئەیڵێی مانای خۆی هەیە.

زمان مانا بەرهەم ئەهێنێت، بەشێکی زۆر لە زمانی سیاسی و ئەدەبی لەو بابەتەن. بۆ نموونە ئەوترێت سیستەمێکی خۆبەخێوکەرە. جارێک گوێم لێبوو کرێکارێکی پۆڵۆنی کە کاری ڕەشی ئەکرد[٢٥] ئەیوت با تووشی سەرسوڕمان نەبین ئەگەر ڕۆژێ گوو ببارێ، ئەگەر کۆمەڵێ مانگا بەرین بۆ ئاسمان ئەو کاتە گوو ئەبارێت.

ئەمە بەرگەی نەگرتنی سادەییە، دڵنیا نیم ئەگەر کوندێراو ئەوانی تر لەگەڵمدا هاوڕا بن. ئەگەر بێتوو قایل بن بەوەی ئەیڵێم ئەوە

---

٢٥. بەکارێت ئەوترێت باج نەدرێت بە دەوڵەت.

هەموو سیستەمەکە هەرەس دێنێت. نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئەو کەسەی ئەیبەن بۆ لەسێدارەدان بە دەستی خۆی پەتەکە لە ملی خۆی بکات.

ئەم بارودۆخە بەڵێنی بەڕێوەچوون و بەردەوامی سیستەمەکە ئەدات لەگەڵ بەرگەنەگرتنی ئاسانیدا، هەروەها دەستەبەری جیاوازیی نێوان باش و خراپ ئەکات، لەنێوان کەسێکدا کە ئازار ئەچێژێت و کەسێکی تریش باس لە ئازار ئەکات.

## ٣٠

هەموو سیستەمێک مرۆکان ئەکات بە دوو بەرەوە، بەشێکیان لە ناوەوەو بەشەکەی تریش لە دەرەوە. لە ژوورەوە ئەبیتە مشەخۆرو لە دەرەوەش ئەبیتە نامۆ.

لێرەدا لایەنێکی گرنگی نامۆیی ئەپێکین، ئەویش خۆکردنە پاڵەوانە. ئەو بێگانەیەی خۆی بە پاڵەوان نەزان نقومی خاک ئەبێت. ئەبێت چیرۆکی تایبەتی خۆمان دروست بکەینەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەبێت بزانین ئەوە تەنها چیرۆکە.

بێگانەبوون هەندێکجار ئەوە ئەگەیەنێت ئەبێت ئامادەبیت بە ڕۆژی ڕووناک درۆ لەگەڵ خۆتا بکەیت.

ئەمە وێنەیەکی سەیری پاڵەوانبازییە، بەگشتی ئێمە وا سەیری درۆ ئەکەین ئاسانترین ڕێگایە بۆ چوونەدەرەوە لە بارودۆخێکی

تایبەت، زۆربەی جارەکان ئەمە ڕاستە، بەتایبەتی ئەگەر درۆ لەگەڵ کەسانی تردا بکەین.

درۆکردن لەگەڵ خودی خۆت شتێکی ترە. وەک بڵێی لە برینەکانی خۆت بڕوانی و لەجیاتی زام گوڵەباخ ببینی. یان وەک وتراوە خۆت بەرزکەیتەوە بە قژی خۆت، ئەمەش ئەستەمە، ڕوودانیشی وەک موعجیزە وایە. لە پشت هەر موعجیزەیەکیش کەسێک هەیە درۆی کردوە لەگەڵ خۆی، هەروەها کەسێکە لە دەرەوەی سیستەمەکە وەستاوە.

باشە بۆ؟ وەڵامی ئەمە ئاسانە، چونکە سیستەمەکە پێویستی بە موعجیزە نییە، بەڵکو پێویستی بە شتە دووبارەبووەکانە. ئەیەوێت شتەکان بێ دەستکاریکردن بمێنێتەوە. باشتریش ئەگونجێ ئەگەر هەموو بەیانییەک هەمان خەندەت لەسەر لێو بێت. ئێمە ئازاد نین لەناو سیستەمێکدا ڕاستی داڕێژینەوە، چونکە سیستەمەکە بۆ خۆی ئەبێت بە ڕاستی.

بۆیە سەیر نییە هەر تازەبوونەوەیەک لە ڕاستی ژیاندا لە دەرەوەی سیستەمەکە ڕووئەدات. بۆ نموونە ئەگەر ئەدەبی سویدی وەرگرین، ئایا کەس بڕوا ئەکات تازەبوونەوە لە ئەکادیمی سویدییەوە لەدایک بێت؟

ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم تا مەبەستی خۆم بپێکم، بەڵکو کاری نوێکردنەوە کاری ئەکادیمی سویدی نییە. ئامانجی سەرەکی ئەوان

ئـەوەیـە وەکـو خۆیـان بمێننـەوەو هـیچ شـتێک نـەگـۆڕن، لـەو هەڵوێستەیان تێئەگەم، چونکە هەر ڕێیەکی نوێ نیشانەی بـوونی ڕێیەکی کۆنە.

کاتێک هەندێک نووسەری سویدی دەستپێشخەریان کرد بۆ هێنانی ڕێڕەوی تازە لە نووسـینی ڕۆمانـدا، هـەرهـەموویـان لـە دەرەوەی سیستەمەکە قەراریان گرتبوو.

لە ڕاستیدا ئەبێت سوپاسی ئەوە بکەین هەموو ئەکادیمیەکانی جیهان کاری خۆیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەکەن، ئەویش ئەوەیە خۆیان لە هەموو شتێکی تازەو نوێ بەدوور ئەگرن.

لـە دەرەوە وەسـتانیش نرخـی خـۆی هـەیـە ئـەبێـت بیـدەیـت. کەسانێکی زۆر ئامادە نین ئەو نرخە بدەن. ئەیانەوێت لە دەرەوە بوەستن، بەڵام بەمەرجی بەهرەمەندبوون لە دەستکەوتەکانی ئەوانەی ناوەوە وەک چۆن ئەڵێن گۆشتەکە ناخوات، بەڵام گۆشـتاوەکـەی ئەخوات.

ئەمەیە گرفتی گەورەی ئەدەب لە سویددا، کـەم کـەس هـەیـە توانای وەستانەوەو ئازایەتییەکی وای هەبێت ئەو نرخە بدات و لە دەرەوە قەرار بگرێت. ئەوانە نەبێـت ناچـار ئـەکـرێن لـە دەرەوەی سیستمەکە بوەستن وەک ژنان و پەناهەنـدە، بۆیـە وەک نوێخـواز ئەکرێت لەناو ئەوانەوە سەربێنیتە دەر، بەمەرجێک ئەگەر لە ئاستی ئەو کارەدا بیت.

ژنان لەم پەیوەندیەدا زۆر بەئاشکرا لە پێشەوەی پەناهەندەن. فێمێنیزم هەتا توندڕەوەکانیشیان کاری پاڵەوانیەتیەکەیان لەئەستۆ گرتووە. وەک پێشتر باس کرا خۆ بە پاڵەوان زانین سەروسیمایەکی زۆر گرنگە. ژنان ئازادو یەکسان نابن هەتا خۆیان لە چاوی خۆیاندا نەبنە پاڵەوان.

پەناهەندە تا ئێستا لەمە تێنەگەیشتووە، هەر خۆیان بە قوربانی ئەزانن و بەزەییان بە خۆیاندا دێتەوە، بەڵام ڕۆژێک دێت لەمە تێبگەن، وەک ئەڵێن بۆن هەمیشە بڵاو ئەبێتەوە.

٣١

پلاتۆن ئەڵێت جوانی تەنها شتێکی مانادارو ئابڕوداری بەرچاوە. ئەی باشە پلاتۆن ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتووە جوانی ئەکرێت شتی تریش بێت؟ جوانی ئەتوانێت لە دەرەوەی خۆی ڕاتگرێتو بێبەشت بکات، لە کاتێکدا خۆی لەوپەڕی گەورەبووندایە.

هەرکاتێک خۆم لەبەرامبەر کەسێکی جوان، یان دەشتودەرێکی دڵڕفێندا ئەبینمەوە.. هەست بە لاڵی و بیناتەنگی ئەکەم، یەکسەر بەدوای پەڵەیەکی ناشیریندا ئەگەڕێم لەو جوانییەدا، نەک لەبەرئەوەی بەرابیم دێت، بەڵکو بەهیوای نزیکبوونەوەی زیاتر لەو جوانییە.

ئەگەر بێتو ئەو پەڵە ڕەشە نەدۆزمەوە، ئەوە ئیتر وەک ئاوی ساردم بەسەردا بکرێت ئاگام لە خۆم نامێنێت. هەر ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی پەیوەندیمە لەگەڵ سروشتی سویددا. جوانی سروشتەکەی هی من نەبوو تا نەهاتم بۆ ناوچەی گۆتلاند، جوانی ئەو

سروشتەی لێرە بینیم زۆر لەو سروشتە ئەچێت لـەدوای خۆمـەوە جێمهێشت لە یۆنان.

دەریا، ئاسمانێکی بەرین، داری باڵاکورت، بۆنی گژوگیا، کڵێسەی سپی، مانگای لاواز. ئەی مەڕەکان بۆ ناڵێی، ئەو باعەباعـەی لـە هەموو دەنگێک زیاتر کارم تێ ئەکات، چونکە هـەمیـشە هـەمـان دەنگیان هەیە، ئالیکیان بۆ ئەبەی ئەڵـێن بـاع، ئـەیـان بـەی بـۆ سەربڕین هەر ئەڵێن باع.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٧١) هـاتین بـۆ بـەشـی سـەرەوەی گۆتلاند نزیکی (فۆرئۆیسوند). بێ هیچ دوودڵییەک ڤیلایەکی کۆنمان کڕی، کاتی خۆی بۆ کرێکارەکانی بەردهەڵکەنـد دروسـت کرابـوو، لەدوای چۆڵکردنیان ئەو خانووە هەر لەوێ مابۆوە.

بۆ هاوینی ساڵی (١٩٧٢) هاتینەوە، ئەو کاتە کوڕەکەمان لەدایک ببوو. لەناو باخچەکە پشتم دابووە دارسێوێکەوەو خەریکی نووسینی ڕۆمـانی (*بوێنـدەر ئـۆک هـەرەڕ* جووتیـارو ئاغـا) بـووم، کـوڕە کۆرپەکەشمان لەناو بێشکەکەیدا لە تەنیشتمدا بوو.

هەرگیز لەو کاتە دڵخۆشتر نەبوومە. نووسینی ڕۆمانەکەش وەک ئاوی جۆگەلەیەک ئەهاتە خوارەوە. کوڕەکەمان فێـری ئـەوە بـوو سەری لە لێواری بێشکەکە بەرز بکاتـەوە، وەک بڵێـی ئـەیویـست بزانێت من چی ئەنووسم. ژنەکەشم خەریکی دروستکردنی یـەکـەم زەڵاتە بوو کە بە دەستی خۆی چاندبووی.

وەک شێت هەر ئەمنووسی، تا وایلێهات نـەمئـەتـوانی بخـەوم، ڕۆمانەکە بە قۆچەکانی هەر پێوەی ئەژەندم.

زۆرجار بیر لەو هاوینە ئەکەمەوە بۆچی شتەکان ئەوەندە خۆش و پڕ چێژ بوون؟

پێم وایە ئێستا وەڵامەکەی ئەزانم، ئەو کاتـە لـەگـەڵ نامۆییـدا ئاشتببوومەوە، بۆ هەتاهەتا نا، بەڵکو بۆ ماوەیەک. پەیوەندی بە لەدایکبوونی کوڕەکەمەوە هەبوو. سێ ساڵ دوای ئەوە کە کچەکەمان بوو، هەمان هەستم هەبوو، نامۆییبوون مانای نەبوو. ڕەگ و ڕیشەم بۆ دروست بوو لەم وڵاتە. بەشێوەیەکی سروشتی دلیک و باوک ڕەگ و ڕیشەی منالّن، بەڵام بەپێچەوانەوە منالّەکانم بوونە ڕەگ و ڕیشەم لە سوید. ئەمەش کۆڵێکی سووک نییە بەسەر شانیانەوە، ئەبینم چەند پێیان ناخۆشە ئەگەر تووشی دڵشکانم بکەن، ئەمەش هەموو جارەکان باری ژیانیان سووکتر ناکات.

ئەی چی بکەم؟ بەبێ ئەوان وەک دەوەنێک وام بە ئاسـمانەوە شین بووبم.

نووسینی ئەم وشانە هەروا ئاسان نییە، بەڵکو لەسەرت ئەکەوێت. کاتێک ئەم قسانە لەگەڵ هاوڕێ سویدییەکانم ئەکەم یەکسەر ئەڵێن: "ئەی ژنەکەت؟"

له ڕاستیدا هیچ کاتێک ئەو هەستەم نەبووە ژنەکەم موڵکی منە. ئەو کەسێکی سەربەخۆیە. لەبەر چەندەها هۆ کە هەمووی دیار نییە، بڕیاری داوە بەشی زۆری ژیانی خۆی لەگەڵ مندا بژی.

لەوەندە زیاتر نا، تا ئەو شوێنەی خۆی ئەیەوێت و منی بەدڵە.

بەڵام منداڵەکانم هی منن، ئەوان منیان هەڵنەبژاردووە، من تووشم کردوون، ئەوانیش منیان تووش کردووە. منداڵەکانم ئەمبەستنەوە بە ژیانەوە.

لەم ڕۆژانەدا لە دوانیوەڕۆیەکی تاریک و باراناویدا پیاسەیەکی ناو (سوێدەر)م[٢٦] کرد لە ستۆکهۆڵم. لە شەقامی (بێلمانسگاتان)ەوە بۆ سەر گۆڕستانی (ماریا ماگدالێن)، لەوێدا (لوسیدورو تۆبە)ی گۆرانیبێژ ڕاکشاون بەرامبەر یەکتر وەک بڵێی نۆش لە یەکتر ئەکەن.

دوای ئەوە لە شەقامی (ڕاگڤاڵدسگاتان)ەوە بۆ سوێدەرلاتین، پاشان بۆ خوارەوە هەتا هۆڵی (ساڵوهاڵن)، لەوێدا بورجەکەی سوێدەر ڕووبەڕووی (گلوبن)[٢٧] ئەبێتەوە لەوبەرەوە. (مێدبۆریارپلاتسەن) زۆر قەڵەباڵغ بوو، بۆیە بەپەلە پێیدا ڕۆیشتم، بە بەردەم باڕی (کڤانن) تێپەڕیم، کەڕەتێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکی

[٢٦]. بەشی باشووری ناو شاری ستۆکهۆڵمە، لە چەندین گەڕەکی گەورە پێکهاتووە.

[٢٧]. گەورەترین شوێنی ستۆکهۆڵمە بۆ کۆنسێرت و وەرزش، بەشێوەیەکی خڕ دروست کراوە

یۆنانیدا کە تازە دکتۆر بە مێردەکەی وتبوو سەرەتانی هەیە لەو بارە دانیشتبووین.

بیرمە بۆ ماوەیەکی درێژ دەستی لەناو دەستمدا بوو تا وا هەستمان کرد لەوێ نەماوین و دەستەکانمان لەدوای خۆمانەوە جێهێشتووە.

مێردەکەی دوای مردنی نامەیەکی کورتی بۆ جێهێشتبوو تیایدا نووسیبوی: "نازانم ئەو شوێنەی بۆی ئەڕۆم پەنجەرەی لێیە، یان نا؟ بەڵام ئەگەر لێی بوو لەبەردەم یەکێکیان ئەوەستم و بیر لە تۆ ئەکەمەوە".

ئەو پیاوە لە کۆتایی نەخۆشییەکەی نەیئەتوانی قسە بکات، نان بخوات، یان بخەوێت، بەڵام ئەیتوانی ژنەکەی خۆش بوێت. دوای مردنی هاوڕێکەم سویدی جێهێشت.

بەدەم ئەو بیرەوەریانەوە هەنگاوەکانم تا ئەهات خاوتر ئەبوونەوە، نیگاشم بە زەویەکەوە نووسابوو تا خۆم کێشا بە پیاوێکی بەرێزی کڵاولەسەردا. ئەو خۆپێداکێشانە بە باوەشێکی گەرم کۆتایی هات.

دەرکەوت برادەرێکی کۆنی خۆم بوو ناوی (ئەلیباس) بوو، لە سەرەتای هاتنمەوە بۆ سوید ئەیناسم. ئەو کاتە کۆمەڵێک گەنجی یۆنانی لە کتێبخانەی ناوەندی ستۆکهۆڵمدا کۆئەبووینەوە بۆئەوەی پێکەوە بخوێنین. پێنج کەس بووین، یەکێکمان مرد، دووانمان گەڕایەوە بۆ یۆنان، دووانیشمان لێرە ماوین، من و ئەلیباس، بەڵام

بەدەگمەن چاومان بە یەکتر ئەکەوێت. تۆ بڵێی لەبەر ئەوە بێت ئەمانەوێت ئەو سەردەمە لەبیر بکەین یان ئەمانەوێت وەک بیرەوەری بمێنێتەوە؟ ئەلیاس بەڕێوە بوو بچێت مێز بگرێت بۆ ئێوارەی سەری ساڵ لە ڕێستۆرانتێکی یۆنانی نزیک لەو ناوە. بۆی باس کردم چەند تەلەفۆنی کردوەو گەڕاوە، بەڵام شوێنی دەست نەکەوتووە.

سەرم بۆ لەقاندو وتم:

– ئای لەو بەختە کاتێک پارە لە گیرفانمان هەیە ئەوجا شوێن دەست ناکەوێت.

ئەلیاس وەڵامی دامەوەو وتی:

– جا هەر وا نەبووە، ئەزانی پێشینان ئەڵێن چی؟ کاتێ؛ دەریا بوو بە ماست پیاوی هەژار کەوچکی پێ نەبوو.

هەنووکە یەک قسەمان کرد لەگەڵ یەکتـرداو دوای ئـەوە بـەو هەستە خۆشەی جارانەوە جیابووینەوە، هەندێک پەیوەندی هەیـە هەرگیز ناگۆڕێت.

قسەکەی کە کردی زۆرم پێ خۆش بوو، لەش و گیانم پڕ بوو لە خۆشی. خۆشی ئەوەی یۆنانیم، یان باشتر بڵێم لەوەی بەشێکم لە زمانی یۆنانی. بۆ چەندین جار لەبەر خۆمەوە وتمەوە.. "کە دەریا بوو بە ماست پیاوی هەژار کەوچکی پێ نەبوو" خەندەیەکم بەسەر لێوەوە بوو وەک بڵێی شتێکی خۆشم بیرکـەوتبێتـەوە. لـەپڕێکدا

شتێکم بە مێشکدا هات، زمانە یۆنانیەکەم لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیانم بووە ئێستا، بووەتە بیرەوەری.

بە زمانەکەی خۆم هەست ناکەم، بەڵام ئەیناسمەوە. لەدوای سی و شەش ساڵ دووری لەو زمانە وا سەرلەنوێ ئەیدۆزمەوە. ئەمە پیرۆزییەکە بۆ خۆی.

لێوەکانم بەئاسانی ئەجووڵانەوە، دەنگەکان قوڵبوونەوە بۆ ناو سینەم هەروەک چۆن مەلەوانێکی ژێر ئاو بگەڕێت بەدوای مەرجانەی ونبوودا.

نازانم چیتر بڵێم بۆ وەسفکردنی ئەو هەستە تایبەتیەم. با جارێکی تر هەوڵ بدەم بۆتانی باس بکەم. هەستێکی وام هەبوو خەریکبوو ئەکەوتم، کەوتنەکە لەوە ئەچوو قووڵ و مسۆگەر بێت، لەپڕێکدا ئەو هەستی کەوتنە نەما وەک چۆن چەتری پەرەشووتێک بکرێتەوە.. ئاوها بەو شێوەیە کەوتنەکەم وەستا.

ئێستا ئەتوانم بڵێم هیچم نەدۆڕاندووە تا ئەو کاتەی زمانەکەم لە ناخمدا پشکۆی هەیە، ئەگەرچی لە دووریشەوە بێت.

کە بشمرم شکۆو عیزەتی خۆم لەگەڵدایە. هیچ مرۆڤێک لەو کەسە دڵنیاتر نییە کە زاڵ بێت بەسەر زمانێکدا.

بێگومان جیاوازیی لەنێوان زمانی سویدی و یۆنانیدا هەیە. گرنگترین جیاوازیش بۆ نموونە ئەوەیە چۆن پێناسەی کولتورێک ئەکرێت. ئەویش بۆ خۆی دوو شتە ئۆنتۆلۆجی[٢٨] و لۆجیک[٢٩].

جیهان چۆن ئەبینرێت لەو دوو زمانەدا؟ ئەمە پرسیارە ئۆنتۆلۆجیەکەیە.

جیهان چۆن ڕێکخراوە لەو دوو زمانەدا؟ پرسیارە لۆجیکیەکەیە.

هەتاو لە یۆنانیدا وەسف ئەکرێت بە کوڕێکی لاوی قژ کورتی لوول و زەرد، بەڵام هەتاوی سویدی کچێکی گەنجی قژ درێژی زەردو خاوە.

[٢٨]. زانستی بوون

[٢٩]. ژیربێژی، زانستی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی دروست و بەجێ.

زۆرجار بیر ئەکەمەوە ئەگەر بێتو ئەم دووانە ببن بە هاوسەری یەکتر چ منداڵێکیان لێ دەرئەچێت؟ ئەم دوو وێنە جیاوازە هەریەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەدوای ئەو تایبەتمەندیانەشەوە جوانییەک دروست ئەبێت لەو جوانییەش ڕەوشتی لێدێتە کایەوە. دیارە ئەمە بەئاشکرا دیار نییە، بەڵام ئۆنتۆلۆجیی جوانی و ڕەوشت بە زادەی زمان دائەنرێن. ئۆنتۆلۆجیی یۆنانی بەئاشکرا دیارە، لە ڕێی بوونی پاشگرەکانەوە کە نووساوە بە کۆتایی وشەکانەوە. ئەو پاشگرانە شایەدی پایەی ئۆنتۆلۆجی وشەکان ئەدەن.

لە سویدیدا وا نییە، ئۆنتۆلۆجی بە وشەکانەوە دیار نییە. (پاییز) چییە بە سویدی؟ مێیە، یان نێر؟ یان شتێکە لەنێوانیان؟ یان هیچ؟ کۆتایی وشەکە شتێکی تایبەتیت لەسەر ڕەگەزەکەی پێناڵێت.

بەڵام لە زمانی یۆنانیدا پاشگرەکان لە هەموو دنیادا ئەژین، لە هیچ سووچێکی ئەم جیهانە تەنها نین. پاییز لە یۆنانیدا پیاوەو پەیوەندی بە جیهانەوە جیاوازە، ئەتوانێت شەڕی خۆی لەگەڵ بەهاردا بکات کە کچێکی ناسکی گەنجە.

لە سویدیدا پاییز ناتوانێت ئەمە بکات، بەڵکو تەنهایە لە جیهانەکەی خۆی. سێبەرەکان بێ مەبەست ئەبینێت، یان مەبەستەکان بێ سێبەر. پاییز لە سویدی لە دنیایەکی بێ بەزەییدایە.

پوختەی ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت ئێمە لە دنیای جیاوازدا ئەژین، بۆیە زۆرجار لە بەهاو نرخی ئەدەبی یەکتر تێناگەین. دێڕێکی بەناوبانگی ستاگنێلیوس هەیە بە سویدی ئەڵێ: "شەو دایکی ڕۆژە، ئاژاوەش دراوسێیە لەگەڵ خودا"، ئەمە لە یۆنانیدا هیچ مانایەکی نییە.

بەهەمان شێوە یەکێک لە بەرزترین لووتکەی پۆشاکی شیعری شاعیرێکی یۆنانی خۆشەویست کۆنستانتینۆس کاڤافیس، لە سویدیا ئەبێتە جلێکی وەرزشی بۆرو ناشیرین.

ئەتوانیت وشەکان وەربگێڕیت، بەڵام جیهانێکت پێ وەرناگێردرێت، بۆیە کاتێک شیعری وەرگێڕاو ئەخوێنیتەوە ئەو تام و چێژەت پێ نابەخشێت. وەک ئەوە وایە بەدەم خەوەوە خۆشەویستی بکەی.

بنەمای لۆجیکی هەر زمانێک ماناو ناوەڕۆکی خۆیان هەیە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەندێک شت هەن لە زمانێک ئەتوانی بیکەی، بەڵام لە زمانێکی تر ناتوانیت.

یۆنانییەک، کەسێکی وەک من، لەوە تێناگات بۆ کچە میواندارى ناو فرۆکەکە هیوای بەردەوامی سەفەرێکی خۆشم بۆ ئەکات، بۆچی؟ لەبەرئەوەی سەفەرێکی بەردەوام سەفەرێکە ڕوویداوە. ئەتوانم بڵێم سەفەرە بەردەوامەکەم خۆش بوو، نەک ئەوەی سەفەرە بەردەوامەکەم خۆش بێت.

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە پلە دابەش بکەم بەسەر زمانەکاندا. تەنها ئەمەوێت ئەوە بخەمە بەرچاو کە جیاوازن. زمانی سویدی پشووی درێژە لەبەرامبەر دەربڕینی لامسەرلایی وەک لە زمانی یۆنانی. هەموو جارێکیش ئەو دەربڕینانە بێ سوود نییە. وتنێکی بەهێزی (نییا)[30] لە زۆر شوێنی گونجاودا پڕبەپێستی خۆی دەتوانرێت بەکار بێت.

ئەو تایبەتمەندییە لە زمانی سویدیدا لەگەڵ ڕۆژگاردا بووەتە ئاکارێک لە کولتووری سویدیدا. هیچ وڵاتێکی ترم نەبینیوە وەک سوید ئەوەندە بەگەرمییەوە لەگەڵ ئەو دەربڕینانە ڕەفتار بکات، بۆ نموونە وشەی بێدەنگی، هەندێکجار بۆ پیاهەڵدانی کەسێک ئەڵێن فڵان کەس لەدوای بیست ساڵ بێدەنگی گەڕاوەتەوە.

زمانی سویدی ڕێگە ئەدات لۆجیک بشکێنیت، بەمەرجێک لە ڕێکەوتنی زمان نەچیتە دەرەوە. جارێکیان لە ڕۆژنامەیەکی هەفتانەدا ئەمەم خوێندەوە: هەموو کەس ئەیتوانی ئەوە ببینێت ئەو دوو لاوە تەنها چاویان بۆ یەکتر هەبوو.

تا هەفتەیەک هەر پێکەنینم ئەهات کاتێک ئەمهێنایە بەرچاوی خۆم چۆن دوو لاو هیچ ئەندامێکی تری لەشیان نییە لە چاو زیاتر، بەڵام لەڕووی زمانەوە بۆت هەبوو بەو جۆرە بنووسیت. خەڵکی

---

٣٠. (Ja, nej) یەکەڵکردنی بەڵێ و نەخێر لە سویدیدا

سویدی بەهەڵە لەمە تێناگەن ئەوە من بووم، یان ڕاستر زمانە یۆنانیەکەم بوو داوای جیاوازیەکی ڕوونی ئەکرد لەنێوان ئەو دوو لاوەدا کە تەنها چاویان هەبوو بۆ یەکتر لەگەڵ دوو کەسی تر کە تەنها چاویان هەبێت.

خۆشی جیاوازیەکانی ڕادەی ئۆنتۆلۆجی و لۆجیکی لە زمانی سویدیدا ئەوەیە ئەتوانیت فێریان بیت، بەڵام ناتوانی تیایاندا بژیت، هەرچەندە لەگەڵیشیان بژیت.

ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر بێت و زمانەکە بە گەورەیی فێر بیت وەک خۆم ئاسا. مێشکم مۆری لێ درابوو لە یۆنان دروست کراوە، بێگومان هیچ گلەییەکم لەسەر ئەمە نییە، بەڵام ئەوە ئەگەیەنێت چەند ئارەزووشم لێ بێت ناتوانم ببم بە سویدی.

بۆ مناڵەکانم شتێکی تر بوو، ئەوان لەسەر مێشکیان نووسراوە لە سوید دروست کراون. هەر بۆیەشە هەوڵم نەداوە بیانکەم بە یۆنانی. ئەگەر هەوڵیشم بدایە سەرکەوتوو نەئەبووم. زمانی ماڵەوەیان سویدییە، هەروەها هی منیش.

ڕۆژەکەم بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی سویدی دەست پێئەکەم، لەگەڵ ژنەکەم بە سویدی قسە ئەکەم، بە سویدیش ئەنووسم.

زمانە یۆنانیەکەم ئەبێتە مێرگێک وەک لە ئامرازێک. جاری وا هەیە بە دەنگی بەرز گۆرانی ئەڵێم بە یۆنانی، چیرۆک بۆ خۆم

ئەگێڕمەوە، جنێو ئەدەم بە یۆنانی. ئەحەسێمەوەو ماندوێتی خۆم ئەشکێنم بە یۆنانی، هەر ئەمەش پێویستە بیکەی لەناو مێرگێکدا.

هەندێکجار ئەتوانی یاری بە ئیتمۆلۆجی[31] وشەکان بکەی. تا چەند لە ڕەگ و ڕیشەی ئیتمۆلۆجی وشەیەک نزیک بیتەوە ئەوەندەی تر جیهان سادەترو بچووکتر ئەبێتەوە. نهێنی ژیان لەو وشانەدا بەردەوامە کە بەڕاستی لێیان تێناگەین. وشەی وەک خۆشویستن، بەهار یان مردن، ئەو وشانە بۆ ئەو ناوانەیان هەیە کە هەیانە؟

مەنگەنەی ئیتمۆلۆجی هیچ گرفتێکمان بۆ دروست ناکات. ئەگەر بێتو بێگانە نەبیت، چونکە کەسی بێگانە زۆرجار خۆی لەنێوان مەنگەنەی زمانەکانی خۆی بەسەر دەبات.

[31]. زانستی دۆزینەوەی سەرچاوەی وشەکان.

## ٣٤

له قوتابخانه زۆر باسی حەوت موعجیزەکانی جیهان ئەکرا لـە یۆنان، ئێستا بیـرم نـەمـاوە کامانـەن، بـەڵام ئـەزانـم هـەنـدێکیان لەناوچوونە، بۆ نموونە باخچەی هەڵواسراوی بابلیەکان.

ئەو سامانە ونبووانە زۆرتر ئەیبزواندم لەوانەی ماون. هـەمـان پەیوەندیم هەبوو بە گوندەکەمەوە، بە یۆنانەوە بەگشتی. بەردێکی کۆن بەلامەوە بەنرختر بوو لەو پەرستگایەی لێوەی هاتووە. هەموو کاتێک وردەکاری شتەکان زیاتر سەرنجی ڕاکێشاوم وەک لە شتەکە خۆی. لە کاتی ئاشقبوونیشدا هەروا بووم، لە شتێکی وردەوە دەستی پێ ئەکرد. تەقاندنی ملێک، نووشتانەوەی ئانیشکێک، وتنی ناوەکەم بەشێوەیەکی تایبەت.

بەڵام کە ئەهاتە سەر بینینی کەسەکە بەتەواوی ئەوە هەمیشە کۆششێک بوو وەک نووسینەکانم، گەڕان بەدوای سامانە شاراوەکەدا ئەبوو بە مەبەست و پاڵپێوەنەری سەرەکیم.

هەندێک وردەکاری هەیە لە دەموچاوی وڵاتی سویددا بەتەواوی دڵیان دزیوم. وەک ئەو کوورە پشتگوێ خراوانەی بە بەردی سپیی دروست کراون لە بلێسیّ لە گۆتلاند. تاڤگەی مردوو لە ڕاگوندە، ئەو قەناتەی بە نیوەچڵی دروست کراوە لە (ترۆڵهێتان). درێژترین تەختی دانیشتن لە جیهاندا لە (ئۆسکارهامن)، قازەکانی دەریاچەکەی دەرەوەی شاری (ئوێرەبرو)، کڵێساکەی شاری (سونە)، ڤێلای (سپارتا) لە گوندی (ئێلڤسبوی)، کتێبخانە کۆنەکەی (سکارا).

ناوەڕۆکی ئەم شوێنانە مەرج نییە مانایەکی وایان هەبێت، بۆ نموونە کوورە سپییەکان بەر لە هەموو شتێک مۆنۆمێنتی پەناهەندەیە. کەشتییەک لە دەرەوەی بلێسیّ نقوم ئەبێت. پیاوێک لە خنکاندن ڕزگاری ئەبێت و ئەگاتە وشکایی، ئەڵێن ئەو کوورانە لەلایەن ئەو پیاوەوە دروست کراوە.

جوانی تاڤگەی مردوو سەرسامت ئەکات، ئەمە وای کرد لە خەونی سویدییەکان تێبگەم، لەو هێزە لەبننەهاتووەی ناخی مرۆڤ.

قەناتەکەی ترۆڵهێتان لە بەیانییەکی باداری ئەیلولدا بینیم کە بوو بە نموونەی ویستی لەبنندهاتووی مرۆڤی سویدیە بۆ کارکردن و داهێنان.

درێژترین تەختی دانیشتنی دنیا لە شاری ئۆسکارهامندایە، لەوێدا خەڵکی بەڕیزەوە دانیشتوون لە چاوەڕوانی ئەو کەشتییانەی لە دەریا گەورەکانەوە دێن. لە دوانیوەڕۆیەکدا لەوێ دانیشتبووم و چاوەڕوانی کەسێکم ئەکرد هەر نەهات، بەڵام سوور بووم لەسەر ئەوەی شوێنەکەی خۆم چۆڵ نەکەم.

قازەکانی دەریاچەی (تیوسلینگخوێ)م لە بەیانییەکی ڕووناکدا بینی، ئەو باڵدارە گەورانە بەسەر ئەو ئاوە تەنکەدا بەنەرمی ئەهاتنە پێش وەک کەشتییەکی (ڤیکینگ).

کاتێک ڤێلایەکی قەشەنگم بینی لە ئێلڤسبووی بەناوی سپارتا بە دەنگی بەرز پێکەنیم و بە خۆم وت پێویست ناکات زۆر بیری یۆنان بکەم بۆ منێک کە لە دێیەکی نزیکی سپارتا لەدایک بوومە. بۆ یەکەمجار کلێسەکەی شاری سونەم بینی.. تێگەشتم خوا وێنەیەکی دی هەیە بۆ خۆپیشاندان. یەکەم کڵێسەی بەرچاوی ناوچەی هەموو ڤارملاندە، لەوانەشە هی هەموو سوید بێت، یان هەموو دنیا. لە گشت سوچێکەوە ئەو کڵێسەیە دیارە. ئەوانەی بە کەشتی دێن، بە پیادە، بە ئۆتۆمۆبیل، بە خشکە، تەنانەت ئەوانەی بە پشتاوپشتیش

دێن هەر ئەیبینن، چونکە وێنەکەی لەناو دەریاچەکەدا ڕەنگ ئەداتەوە.

لەم گەشتەدا ڕیزێک لە ساتی زێڕینیم کۆکردەوە. وەک یۆنانییەک چۆن پێویستی بە بەکارهێنانی تەزبیحە، منیش ئاوها پێویستم بەو ساتە ئاڵتونییانەیە، ئەزانم چۆن ساتەکانی پێ بژمێرم. ساتەکانی ژیانێک وا گەلاڵەی کردووە لە پشت پێڵووی چاوانمدا.

سەفەرێکی سەرکەوتوو لەلام ئەو سەفەرەیە شتێکی وردی تیا بدۆزمەوەو خۆشم بوێ. ئەمەش ئەوەندە ڕووئەدا لە ژیانمدا تا وام لێبکات لە داهاتووشدا بە چاوی مەراقی زانین و سەرسامییەوە لە سوید بڕوانم.

خۆگونجاندن لەگەڵ وڵاتێکی نوێدا مانای ئەوە نییە لێگەڕێی ئوتویەکت بەسەردا بێنن. خۆگونجاندن ئەوەیە فێری ئەوە بیت ئەو شتانە بدۆزیتەوە کە خۆشت بوێن.

که دەستم بەم نووسینە کرد مەبەستم ئەوە بوو بزانم لەدوای سی و شەش ساڵ ژیانی نامۆیی لە سوید چیم بەسەر هاتووە.

نەبوومەتە سویدی، ئەگەرچی ئەو یۆنانییەی جارانیش نیم کە خۆم پێم وابوو هەم. تەنانەت سەد لە سەدیش بێگانەش نیم. بەکورتیەکەی ناتوانم بڵێم بوومەتە چی. ئەکسەنتی[٣٢] یۆنانیم هەر ماوە، بەڵام لە چاوەڕێێ مندا نییە. ناشمەوێت سەفەری گەڕانەوە بکەم. ڕێگایەکی ترم گرتۆتە بەرو درەنگیش نییە بۆ گەڕانەوەم، بەڵکو زووە.

هەندێک سات هەن لە ژیانمدا وا هەست ئەکەم لەو کاتە ڕووت و قوتترم کە تیایدا لەدایک بووم، هەرچۆنێک بێت ئەو کاتە بە ناوکی

[٣٢]. لەنگی زمان، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە بە سویدی قسە ئەکات. پێوەی دیارە زمانی زگماکی یۆنانییە.

دایکمەوە بەسترابووم. خەمبارم وەک کەسێک لەدوای ئەشقێکی سەرنەکەوتوو شیوەن بکات.

لەلایەکی تریشەوە ساتی وا هەیە هەست بە ئارامییەکی قووڵ ئەکەم لە ناخمدا، چونکە فێری ئەوە بووم شتێکی ترم خۆش بوێت بەدەر لەوەی لەبەردەستمدا هەبوو.

هەندێکجار بیر لەوە ئەکەمەوە چۆن ملیۆنەها کەسی تر لە ئێستاو لە داهاتووشدا هەمان چارەنووسی منیان ئەبێت، بەدەر لە زمانی خۆیان، بەدەر لە مردنی خۆیان.

هیچ شتێک هەیە بتوانێت ڕزگاریان بکات لەو چارەنووسە؟ لەوانەیە زانیاری و تێگەیشتن بێت لەسەر ئەو پاڵەوانانەی زیانی گەورەیان لێ کەوتووە، لەوانەیە ئەمە ڕێگە خۆش بکات بۆ دروستکردنی میتافیزک[٣٣]-ێکی نوێ، وایان لێ بکات چیتر بەدوای مانای ژیاندا نەگەڕێن، بەڵکو بەدوای خودی ژیانە ڕاستەقینەکەدا بگەڕێن. ئەگەر دوور بڕوانین ئەوە ئەگەیەنێت ئەو کەسانە ئەبێت جیهانێکی نوێ بۆ خۆیان و کەسانی تریش دروست بکەن.

لە پەیوەند بە خۆمیشەوە چاوەڕوانی موعجیزەی هەشتەمی نیام، بەیانییەک لە خەو هەستم و دنیایەکی نوێ لەودیو پەنجەرەکەمەوە ببینم.

---

٣٣. فەلسەفەی بوونەوەری و سەرچاوەو سروشتی جیهان.

## وەرگێڕ :



ـ بەیان ناسیح محەمەد لە گوندی حەساری گەورەی سەر بەشاری کەرکوک لە دایکبووە.

ـ لە ١٩٩٠ بەکالۆریۆسی لە بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

ـ لە ١٩٩٥ وە لە وولاتی سوید ئەژی.

ـ لە ٢٠٠٥ بەکالۆریۆسی لە کاری کۆمەلایەتی لە زانکۆی ستۆکهۆلم تەواو کردووە.

ـ کاری پیشەیی توێژەری کۆمەلایەتییە لە بواری ژنان و منالدا.